حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن

# فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

## کەناڵی GK و NRT2 بەنمونە

**نامەیەکە لەلایەن خوێندکار**

**ئاکۆ اسماعیل قادر**

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوەو، بەشێکە لە داواکارییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن- تەلەفزیون) دا.

**بە سەرپەرشتی**

**پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا**

٢٧٢٢ کوردی

٢٠٢٢ زاینی

بەناوی هەموو شتێکی پیرۆز و جوان

**توێژەر**

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێــزەی خوێنــدکار (ئــاکۆ اســماعیل قــادر) بە ناونیشــانی (فــۆرم ونــاوەڕۆکی بەرنــامە هونەرییەکــان لە کەنــاڵە ئاســمانییەکانی هەرێمــی کوردســتاندا، کەنــاڵی GK و NRT2 بەنمــونە) بەچــاودێری ئــێمە لە کــۆلێجی زانســتە مرۆڤایەتییەکــان/ زانکــۆی ســلێمانی ئامــادەکراوە، بەشــێکە لە پێویســتییەکانی بەدەســتهێنانی بڕوانــامەی ماســتەر لە زانســتی (ڕاگەیاندن)، پێشینار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: پ.د.ابراهیم سعید فتح الله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢٢

به پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. سەلام نصرالدين محمد

سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)

ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢٢

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێـــمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی ماستەرەی خوێندکار (ئاکۆ اسماعیل قادر) بە ناونیشـــانی (فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان لە کەناڵە ئاســـمانییەکانی هەرێمی کوردســـتاندا، کەناڵی GK و NRT2 بەنمونە) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)ی پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د.حکیم عثمان حمید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/١

واژۆ:
ناو: د.سامان جلال مولود
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/١

واژۆ:
ناو: د.دڵشاد مصطفی رحیم
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/١٨

واژۆ:
ناو: پ.د.ابراهیم سعید فتح الله
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/١

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.د.ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت:     /     /٢٠٢٢

- دایک و باوکی شیرینم ...... دوو ئامێزی پڕ لەجوانی و میهرەبانی.
- براو هاوڕێی کۆچکردووم (ئومێد) .. روحێک بۆ هەمیشە زیندوو لەئاسمانی یادەوەریمدا.
- هاوسەری ئەزیزم( ئارێز) ... پشتیوان و هاودەمی ژیانم.
- جگەرگۆشەکانم (پەپولە و ئارۆ) .... رەوێنەری هیلاکیم.
- خوشک و برا خۆشەویستەکانم ... مایەی ئاسودەیی ژیانم.

ئەم کۆششەم پێشکەشتانە

**ئاکۆ**

# سوپاس و پێزانین:


- ســــوپـاس و پێزانینی بێپـایـانم بۆ بەڕێز (پ.د.ئیبراهیم ســــەعید فەتحوڵا)، کە وەک سەرپەرشتیارێکی دڵسۆز هاوکار و ڕێنیشاندەرم بووە.
- ســوپاســی بێ پایانم مامۆســتای دڵســۆزم (پ. ی. د. ابتیســام اســماعیل قادر) کە لە دەستخستنی سەرچاوەی زانستی هاوکاری کردووم.
- ســوپاســی ســەرجەم ئەو مامۆســتا بەڕێزانە دەکەم، کە بە ســەرنج و تێبینییەکانیان هاوکاریان کردم و توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندکرد (د. شێرکۆ جەبار، د. کاروان محەمەد، د. سەلام نەسرەدین، د. یۆهان عوسمان، م.کاوە عێزەدین).
- سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم، کە لێژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەکەم بوون بە سەرنج و تێبینیەکانیان توێژینەوەکەیان دەوڵەمەند تر کرد بەڕێزان

  ( پ.ی.د.حکیم عثمان حمید، پ.ی.د.سامان جلال مولود، پ.ی.د.دڵشاد مصطفى رحیم )
- ســوپاس و پێزانینی تایبەتیم بۆ هاوڕێی بەڕێزم (دەریا عەبدالوهاب لطیف) کە هاوکاری کردم لە دەستخستنی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە و لەڕووی مەیدانییەوە هاوکارم بوو.
- سـوپاس بۆ بەڕێز (ڕێبین عومەر سـاڵح) بەڕێوەبەری بەرنامەکان لە کەناڵی NRT2 کە هاوکارم بوو لە پێدانی سەرجەم بەرنامەکانی توێژینەوەکە.
- سوپاس بۆ هاوڕێم (کاردۆ عەزیز) ئامادەکاری بەرنامەی ئێوارەی ئەمڕۆی کەناڵی GK کە هاوکارم بووله کۆکردنەوەی بەرنامەکان و پێدانی زانیاری لەسەر بەرنامەکە.
- ســـوپاس بۆ (پ. ی. محەمەد کەریم بابۆلی) کە هاوکارم بوو لە ڕێکخســـتن و دیزاینی توێژینەوەکەم.
- سوپاس بۆ (م. ی. کۆڤان حسێن) کە هاوکارم بوو لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکان.
- سوپاس بۆ دەنگی گەلی کوردستان کە هاوکارم بوون بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەم.

**توێژەر**

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فۆرم و ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، کەناڵی GK و NRT2 بە نموونە) هەوڵێکی زانستیە بۆ تاوتێکردنی بوارێکی گرنگی کاری تەلەفزیۆنی کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی فۆرمە جیاجیاکانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، لەسەر بنەمای ئەو پێشکەوتنانەی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان بەخۆوە دەبینێت و رەنگدانەوەی لەسەر شێوازی کاری تەلەفزیۆنی دروستیکردوە، کە بێگومان بەرچاو روونی دەداتە کەناڵ تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان تا دروستتر مامەڵە لەگەڵ ئەو فۆرمانەدا بکەن.

ئەم توێژینەوەیە وەک جۆر دەچێتە خانەی توێژینەوەی وەسفی، هەروەک پەنای بردۆتە بەر شێوازی (شیکاری رواڵەتی ناوڕۆک) بۆ شیکردنەوەی سامپڵێک لە بەرنامەکانی هەردوو کەناڵەکە بە مەبەستی بە ئاگابوون لە فۆرمە جیاوازەکانی بەرهەمهێان لەناو ئەو دوو بەرنامەیەدا، لەو پێناوەشدا توێژەر (٢٥) بەرنامەی (ئەمرۆی GK) و(١٤) بەرنامەی (ئێوارەی NRT2) ی شیکردۆتەوە.

لە ئەنجامی شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی ئەو بەرنامەش توێژەر بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ناوڕۆکی بابەتەکانی هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2) چون یەکنین، لە کاتێکدا بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) زیاتر گرنگی داوە بە فرەیی لە بابەت هەونەرییەکان واتە تەواوی بابەتەکانی (گۆرانی و میوزیک، شانۆ، شێوەکاری، سینەما، بالیە)ی لە خۆ گرتووە، لە بەرامبەردا بەرنامەی (ئێوارەی NRT2) خۆی قەتیس کردووە لە بابەتی میوزیک و گۆرانی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو دوو بەرنامەیە لە رووی ناوەڕۆکەوە چون یەک نین و بەرنامە هونەرییەکانی کەناڵ ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان یەک فۆڕمی دیاریکراویان نیە بۆ ناوەڕۆکی بەرنامەکانیان. هەروەک تێبینی ئەوەش دەکرێت هەندێک بابەت لەو بەرنامانەدا

وروژێنراون کە پەیوەســـــت نین بە ناوەڕۆکی هونەرییەوە وەک ئەو بابەتانەی لە بەرنامەی (ئێوارەی NRT2) بەدیدەکرێن.

٢- هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2) لە شێوازی پێشکەشکردندا لە رووی رەگەزەوە چوون یەکن کە رەگەزی (مێ)ینە یان بەکارهێناوە، بەڵام لە رووی ژمارەی پێشکەشکارەوە جیاوازن، بەجۆرێک بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) پشتی بە فرەیی لە پێشکەشکار بەســتووە، بەڵام بەرنامەی (ئێوارەی NRT2) تەنها یەک پێشــکەشــکاری مێینەی بەکارهێناوە، لە هەردوو دۆخەکەشدا ئەمە نیشانەی ئەوەیە، پێشکەشکاری مێینە زیاتر بۆتە جێگەی گرنگی لە پێشکەشکردنی ئەو جۆرە بەرنامانەدا.

٣- هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2) زیاتر لەگەڵ ئەو میوانانەدا چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە کە نزیکن لە بارەگای کەناڵەوە، کە پارێزگای ســـــلێمانییە، بە تایبەت بەرنامەی (ئێوارەی NRT2) تەواوی چاوپێکەوتنەکانی لە نێو ستودیۆی کەناڵەکەدا کە پارێزگای ســـــلێمانییە ئەنجامدراوە، ئەمە لە کاتێکدایە بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) چەند چاوپێکەوتنێکی لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم ئەنجامداوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ســتودیۆی پارێزگای ســلێمانی زۆر کەمن، ئەمەش بە کەلێنێک بۆ هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2) لە قەڵەم دەدرێت، بەو پێیەی نەیانتوانیوە ســـــنوری لۆکاڵی لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا تێپەڕێنن، ئەمەش زیاتر بۆ کەمی بەکارهێنانی ئامێرەکانی گواســـتنەوەی دەنگ و رەنگ دەگەڕێتەوە، کە لە هەردوو بەرنامەکەدا بەدیدەکرێت.

٤- بەکارهێنانی تەکنیکی کامێرا (گرتە - جوڵە - گۆشـــــە) لە ناو ســـــتودیۆی هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2) کەمترین جۆرەکانی بەکارهاتوە، لەگەڵ ئەوەشـــــدا بەکارهێنانی (شـــــاریۆ) یەکێکە لەو کەرەســـــتەو تەکنیکانەی کامێرا کە بۆ جوانکردنی بەرنامە هونەرییەکان دەتوانرێت ســـــودی لێ وەربگیرێت، بەڵام لە هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2) بەکارنەهێنراوە، ئەمەش زیاتر بۆ کەمی ئامێری وێنەگرتن و نەبونی پاذتایی ستودیۆ دەگەڕێتەوە لە هەردوو کەناڵەکەدا.

٥- ئەو تەکنیکانەی لە پرۆســـــەی مۆنتاژی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی ســــامپڵی توێژینەوەکەدا بەکـارهـاتوون لە رووی کـارتێکەرە بەکـارهـاتووەکـانەوە بۆ گۆڕینی گرتە و دیمەنەکانی ناو بەرنامەکە پەنا براوەتە بەر کارتێکەری (Cut – Mix)، ئەمەش هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە نێوان تەکنیکی بەرنامەیەکی هونەری و گەشــتێکی هەواڵدا، لە کاتێدا لە بەرنامە هونەرییەکاندا دەبێت ئازادی بدرێتە مۆنتێر لەبەکارهێنانی هەموو شێوازەکاندا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە مۆنتێری تـایبەت بۆ ئەو بەرنـامـانە دیـاری نـاکرێـت، بەڵکو هەمـان ئەو مۆنتێرانەن کە مۆنتاژی بەرنامەکانی دیکە دەکەن وەک بەرنامە هەواڵییەکان.

بەوورد بوونەوە لەو دەرئەنجامانە توێژەر ژمارەیەک پێشنیار دەخاتەروو لەوانە:

- پێویســـتە هەردوو کەناڵ،هاوســـەنگی رابگرن لە بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو و وەســـتاو و گرافیک لە بەرنامە و تایتڵی بەرنامە هونەرییەکاندا.

- پێویستە هەردوو کەناڵ، تەنها ئەو میوانانە بانگهێشت بکەن کە پسپۆرییان لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکاندا دەگونجێت.

- پێویســـــتە هەردوو کەنـاڵ، گرنگی بە ســــەرجەم بەشــــەکانی هونەر بدەن لە بەرنـامە هونەرییەکاندا، نەک تەنها یەک لایەنی هونەر بە نمونە ( میوزیک و گۆرانی).

- دابینکردنی ستافێکی تایبەت بۆ بەرنامە هونەرییەکان.

**کلیلە ووشە:** فۆڕم، هونەر، بەرنامەی هونەریی، کەناڵی ئاسمانی، هەرێمی کوردستان.

## لیستی بابەتەکانی توێژینەوەکە


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەتەکان | |
|---|---|---|
| آ | بەناوی هەموو شتێکی پیرۆز و جوان | |
| ب | بڕیاری سەرپەرشتیار | |
| ت | بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن | |
| ث | پێشکەشە | |
| ج | سوپاس و پێزانین | |
| ح- د | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | |
| ذ-ر | لیستی بابەتەکانی توێژینەوەکە | |
| ز-س | لیستی خشتەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە | |
| س | لیستی پاشکۆکانی توێژینەوەکە | |
| ١ | پێشەکی | |
| ٣ | بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە | |
| ٤ | کێشە توێژینەوەکە | ١. |
| ٥ | گرنگی توێژینەوەکە | ٢. |
| ٦ | ئامانجی توێژینەوەکە | ٣. |
| ٦ | میتۆدی توێژینەوەکە | ٤. |
| ٧ | کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە | ٥. |
| ٧ | بوارەکانی توێژینەوەکە | ٦. |
| ٨ | ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٧. |
| ٨ | هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری توێژینەوەکە | ٨. |
| ١١ | راستی لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە | ٩. |
| ١١ | جێگیریی لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە | ١٠. |
| ١٢ | پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە | ١١. |
| ١٣ | توێژینەوەکانی پێشوو | ١٢. |
| ١٦ | تاووتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ١٣. |

| | | |
|---|---|---|
| | **بەشی دووەم: فۆرم و ناوەڕۆک و پێگەی بەرنامە هونەرییەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا** | ٢٠ |
| | باسی یەکەم: پێگەی بەرنامە هونەرییەکان لە کاری تەلەفزیۆنیدا | ٢١ |
| ١. | دەروازەیەک بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٢١ |
| ٢. | پۆلێنکاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان | ٢٣ |
| ٣. | رەهەندە سەرەکییەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٢٦ |
| ٤. | پلانی گۆڕینی بیرۆکە و زانیاری بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٢٧ |
| ٥. | تایبەتمەندیەکانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی | ٢٨ |
| | باسی دووەم: پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی | ٢٩ |
| ١. | هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی | ٢٩ |
| ٢. | ئەرکەکانی کاری بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەری تەلەفزیۆنی | ٣٣ |
| ٣. | رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەری تەلەفزیۆنی | ٣٣ |
| ٤. | بڕگەکانی بەرنامەی هونەری | ٤٠ |
| ٥. | پرۆسەی دەرهێنان لە بەرنامە هونەرییەکاندا | ٤٤ |
| | باسی سییەم: فۆڕمی بەرنامە هونەرییە تەلەفزیۆنییەکان | ٤٦ |
| ١. | ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان | ٤٦ |
| ٢. | پێشکەشکار و میوان لە بەرنامەی هونەرییدا | ٤٨ |
| ٣. | تەکنیکی وێنەو جۆرەکانی کامێرا لە بەرنامەی هونەریدا | ٥٣ |
| ٤. | شێوەی ستودیۆ و دیکۆر لە بەرنامەی هونەرییدا | ٦٦ |
| ٥. | پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرنامەی هونەرییدا | ٧٠ |
| | **بەشی سێیەم : چوارچێوەی مەیدانی توێژییەوەکە** | ٧٦ |
| ١. | خستنەڕووی ئەنجامی شیکاری فۆرم و ناوەرکی بەرنامە هونەرییەکانی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەیNRT2) | ٧٧ |
| ٢. | دەرئەنجامەکان | ١١٥ |
| ٣. | پێشنیازەکان | ١١٨ |
| ٤. | ڕاسپاردەکان | ١٢٠ |
| ٥. | سەرچاوەکان | ١٢١ |
| ٦. | پاشکۆکان | ١٣٢ |

## لیستی خشتەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە


| ذ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | فۆرمی بابەت لە نێو سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٤ |
| ٢. | فۆرمی برگەکانی بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٤ |
| ٣. | فۆرمی جۆری راپۆرتی  بەرنامە هونەریەکانی سامڵی توێژینەوەکە | ١٣٥ |
| ٤. | فۆرمی ریکلام و سپۆنسەر لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٥ |
| ٥. | فۆرمی ژمارەی پێشکەشکار و رەگەزەکانیان لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٥ |
| ٦. | فۆمی پسپۆری میوانی بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٥ |
| ٧. | فۆرمی چاوپێکەوتنی میوان لە بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٦ |
| ٨. | فۆرمی شوێنی جوگرافی چاوپێکەوتنی میوانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٦ |
| ٩. | فۆرمی شوێنی چاوپێکەوتنەکانی میوان لە بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٦ |
| ١٠. | فۆرمی ئامرازی بەکار هاتوو بۆ وەرگرتنی میوانی دەرەوەی ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٦ |
| ١١. | فۆرمی جۆرەکانی مایکرۆفۆنی بەکارهاتوو لەناو ستودیۆی بەرنامە هونەییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٧ |
| ١٢. | فۆرمی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە روونکردنەوەی بابەتی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٧ |
| ١٣. | فۆرمی تایتڵی سەرەتاو کۆتایی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٧ |
| ١٤. | فۆرمی جۆری جوڵەی کامێرای ناو ستودیۆ لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٨ |
| ١٥. | فۆرمی جۆری گرتەی کامێرای ناو ستودیۆ لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٨ |
| ١٦. | فۆرمی جۆری گۆشەکانی کامێرای ناو ستودیۆ لەبەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٩ |
| ١٧. | فۆرمی بەکارهێنانی کرین لە ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٩ |

| | | |
|---|---|---|
| .١٨ | فۆڕمی ژمارەی کامێرای بەکارهاتووی ناو ستودیۆی بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٩ |
| .١٩ | فۆڕمی جۆری دیکۆری بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٤٠ |
| .٢٠ | فۆڕمی جۆری مۆنتاژی بەکارهاتوو لە بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٤٠ |
| .٢١ | فۆڕمی ڕێگاکانی گواستنەوەی دیمەنەکانی بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٤٠ |


## لیستی پاشکۆکانی توێژینەوەکە


| ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پاشکۆی(١) فۆرمی هەڵسانگاندن | ١٣٣ |
| پاشکۆی (٢) خشتەی راستی شیکاریی | ١٤١ |
| پاشکۆی(٣) یاسای هاوکێشەی هۆڵستی | ١٤٥ |
| بەرگ و پوختە بە زمانی عەرەبی | ١٤٦-١٤٨ |
| بەرگ و پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ١٤٩-١٥١ |

## پێشەکی:

پێشکەوتنەکانی پەیوەست بەکاری تەلەفزیۆنی، بە تایبەت لە بواری تەکنەلۆژیای بەرهەمهێناندا، لەگەڵ خۆیدا فۆڕمی جیاجیای بۆ بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکان هێناوەتە ئاراوە، جیاواز لە فۆڕمە باوەکانی ساڵانی پێشوو، ئەم گۆڕانکارییانەی کە لەنێو دنیای بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوتووە، تەواوی جیهانی گرتۆتەوە بە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، لە نێو نەخشەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا بەرنامە هونەرییەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بەو پێیەی یەکێکە لە جۆرەکانی بەرنامە کە بینەرێکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە و زۆریان بۆ کات بەسەربردن و خوشی و دورکەوتنەوە لە جەنجاڵی ژیان جەماوەر بینەری ئەم جۆرەی بەرنامانەن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە زۆرێک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە بایەخەوە دەڕواننە ئەم جۆرە بەرنامانە بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی بینەر، بەرنامە هونەریەکان یەکێکە لەو بەرنامانەی جگە لە تایبەتمەندی پێدانی زانیاری سەبارەت بە بابەت و میوانەکان لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە بۆ کات بەسەربردن کاردەکات و لە کاتی گونجاودا پێشکەشدەکرێن، زۆرجار دەبینین بەرنامەیەک لە یەکێک لە کەناڵەکاندا زۆرترین بینەری هەیە و بوەتە نیشانەیەکی ئەرێنی بۆ ئەو کەناڵە و بە هۆی ئەو بەرنامەیەوە جەماوەر کەناڵەکە دەناسێتەوە، کەدەگەڕێتەوە بۆ ئاست بەرزی و سەرکەوتویی بەرنامە لە رووی کوالێتی و بەرهەم هێنانیەوە، لەبەر ئەم ڕۆڵە گرنگە، زۆرێک لە کەناڵەکان بەشێکی تایبەتیان بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامە و ستافێکی گەورە لە پشت پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە (فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا) بکۆڵێتەوە و رۆشنایی بخرێتە سەر هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە فۆرم و ناوەڕۆکی بەرنامەیەکی هونەری لە پرۆسەی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمایەکی زانستی کە دەبنە مایەی سەرنج و لەڕووی فۆرمەوە جیاواز دەبێت لە بەرنامەیەکی سیاسی و یان هەر بەرهەمێکی تری تەلەفزیۆن، هەروەها جۆری بەرنامە هونەریەکان لە کەناڵێک بۆ کەناڵێکی تر دەگۆرێت و پابەندی یەک شێوە و فۆرم نین، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دوو کەناڵی وەرگرتووە کە بەرنامەی هونەریان هەیە و فۆرم و ناوەڕۆکی

بەرنامەکانیان جیاوازن، کە (کەناڵی GK و کەناڵی NRT2)ە. نمونەکەش بەرنامەی (ئەمڕۆی GK و ئێوارەی NRT2)ە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم میتۆدنامەکەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (کێشە، گرنگی، ئامانج، میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگە و سامپڵ، بوارەکانی توێژینەوە، ئامرازەکانی توێژینەوە، هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری توێژینەوەکە، ڕاستی و جێگیریی، پێناسەی چەمکەکان، توێژینەوەکانی پێشوو، سوودوەرگرتن و خاڵە لێکچووەکانی توێژینەوەکانی پێشوو).

بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەیە و فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکان خراوەتە ڕوو، کە خۆی لە سێ باسدا دەبینێتەوە کە، باسی یەکەم بریتیە لە پێگەی بەرنامە هونەرییەکان لە کاری تەلەفزیۆنیدا و لەم بەشانە پێکدێت (دەروازەیەک بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی، پۆلێنکاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، تایبەتمەندی بەرنامەی هونەریی لە نێو تەلەفزیۆندا)، باسی دووەم، پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنیی، لەم بەشانە پێکدێت (هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنیی، بڕگەکانی بەرنامەی هونەریی، پرۆسەی دەرهێنان لە بەرنامە هونەرییەکاندا)، باسی سێیەم، فۆڕمی بەرنامە هونەرییە تەلەفزیۆنییەکان، لەم بەشانە پێکدێت (ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان، پێشکەشکار و میوان لە بەرنامەی هونەرییدا، تەکنیکی وێنە و جۆرەکانی کامێرا لە بەرنامەی هونەریدا، شێوەی دیکۆر و ستودیۆ لە بەرنامەی هونەرییدا، پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرنامەی هونەرییدا).

بەشی سێیەم، چوارچێوەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و دوا بەشی توێژینەوەکەیە، کە لەم بەشەدا لە ڕێگەی شیکاری ناوەرۆکەوە بۆ هەردوو بەرنامەی سامپڵی توێژینەوەکە فۆرمی بەرنامە هونەریەکان شیکار کراوەو بە خشتە داتا و زانیارییەکان خراونەتەڕوو. دواتر دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

١. کێشەی توێژینەوە

٢. گرنگی توێژینەوە

٣. ئامانجی توێژینەوە

٤. میتۆدی توێژینەوە

٥. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

٦. بوارەکانی توێژینەوە

٧. ئامرازەکانی توێژینەوە

٨. هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری توێژینەوە

٩. ڕاستی لایەنی شیکاریی

١٠. جێگیریی لایەنی شیکاریی

١١. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکانی توێژینەوە

١٢. پێناسەی کلیلە وشەکانی توێژینەوە

١٣. توێژینەوەکانی پێشوو

١٤. سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم

## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١- کێشەی توێژینەوە:

دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکی زانستی درککردنە بە بوونی کێشەیەک کە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت لە ڕێگەی بەدواداچوونی تیۆری و مەیدانییەوە،[١] بۆیە زۆرجار دیاریکردنی کێشە قورسترە لە چارەسەرکردنی، بەو پێیەی ئەو کێشەیە دەبێتە بنەمای دیاریکردنی ئەو میتۆد و ئامراز و داتایانەی پێویستە توێژەر بەکاریبهێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیە و چارەسەرکردنی،[٢] لەم سۆنگەیەوە ئەگەر کێشەی توێژینەوەی زانستی بریتیبێت لە ناڕوونی و ناڕۆشنی بابەتێک پێویستی بە شرۆڤەکردن بێت،[٣] ئەوا کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو ناڕوونی و نادیارییەی لە فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی (GK) و (NRT2) دا بوونی هەیە، واتا نازانرێت بە چ شێوازێک فۆڕمەکانی (وێنە، مێوان، کامێرا، بابەت، دیکۆر،....) بەکاردەهێنرێت.

ئەم ناڕوونییە لە کاتێکدایە چۆنییەتی بەکارهێنانی تەکنیک لە فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکاندا گەشەی خێرای بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا بەشێوازێکی زانستی لەسەر فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی نەکراوە.

بۆ زیاتر ڕوونکاری لەبارەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، توێژەر پرسیارگەلێک دەخاتەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[١] - احمد بدر، مناهج والبحوث في الاتصال والراي الدولي العام و عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٨، ص١٣٩.

٢ - محمد منير حجاب، اساسيات البحوث الاعلاميه و الاجتماعيه، دار الفجر للنشر و التوزيع، الطبعه الثانيه، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٣١-٣٢.

٣- فوزي غرايبة واخرون، اساليب البحث العلمي في العلوم الاجتماعية و الانسانية، مطابع الجمعية الملكية، عمان، 1977، ص19.

١- ئايا ديارترين ئەو بابەتانە چين كە بەرنامە هونەرييەكانى هەردوو كەناڵ لەسـەرووبەندى ئەم توێژينەوەيەدا پەخشيانكردووە؟

٢- ئەو رەگەز و ژانرانە چين كە ئەو دوو بەرنـامەيە لە چوارچێوەيـانـدا بـابەتەكـانى پەخشكردوە؟

٣- ئايا هەردوو بەرنامەكە پەنايان بردۆتە بەر سپۆنسەر بۆ پەخشكردنى بابەتەكان؟

٤- ئايا ئەو دوو بەرنامەيە پەنايان بردۆتە بەر فۆرمى جۆرايەتى لە پێشـكەشـكردنى بەرنامە ياخود پشت بە يەک پێشكەشكار دەبەستن.

٥- ئايا ئەو دوو بەرنامەيە پشـتيان بەسـتووە بە تەكنيكى ئاڵوگۆڕكردن لە بانگهێشـتى ميواندا لە رووى پسپۆڕى و شوێنى جوگرافى و شوێنى چاوپێكەوتنەكاندا؟

٦- ئايا ديارترين ئەو تەكنيكانە چين لە رووى دەنگ و وێنە و مۆنتاژ و كامێراوە كە هەردوو كەناڵ لە بەرنامە هونەرييەكانياندا پەنايان بۆ بردوە؟

## ٢- گرنگى توێژينەوە:

گرنگى ئەم توێژينەوەيە لەوەوە سـەرچاوەى گرتووە كە توێژەر هەوڵى داوە بە شـێوەيەكى زانسـتيانە مامەڵە لەگەڵ فۆڕم و ناوەڕۆكى بەرنامە هونەرييەكاندا بكات و شـرۆڤەيان بكات، لێرەدا لە چەند روويەكەوە گرنگيەكەى روونمدەبێتەوە:

**٢-١ لە رووى پراكتيكەوە:-** گرنگى بۆ تەواوى كەناڵە ئاسـمانييەكانى هەرێمى كوردسـتان هەيە بەو پێيەى ئەم توێژينەوەيە بەرچاو روونيەكە بۆ ئەوەى بە شـێوەيەكى زانسـتى مامەڵە لەگەڵ فۆڕم و ناوەڕۆكى بەرنامە هونەرييەكاندا بكرێت، چونكە ئەم توێژينەوەيە هەوڵيداوە ئەو كەلێنانە ديارى بكات كە لە كاتى بەرهەمهێنانى بەرنامە هونەرييەكاندا لە رووى فۆرم و ناوەڕۆكەوە دێتە بەردەم بەرهەمهێنەر و كەناڵەكان.

**٢-٢ لە رووى زانسـتييەوە:-** دەبێتە سـەرچاوەيەک بۆ خوێندكارانى راگەياندن و راگەياندنكاران كە بە شـێوازێكى زانسـتييانە سـود لە چۆنيەتى مامەڵەكردن لەگەڵ فۆڕم و ناوەڕۆكى بەرنامە

هونەرییەکان ببینن، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگە بە زمانی کوردی بۆ کتێبخانەی کوردی، بەو پێیەی کتێبخانەی ئەکادیمی کوردی زۆر دەوڵەمەند نیە لە بواری پراکتیکی تەلەفزیۆنیدا.

### ٣- ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بگاتە چەند ئامانجێک کە بریتین لە:

١- دەرخستنی دیارترین ئەو بابەت و ژانرە هونەرییانەی هەردوو بەرنامەی ئەمڕۆی (GK) و ئێوارەی (NRT2) لەماوەی سامپڵی توێژینەوەکەدا پەنایان بۆ بردوە.

٢- بە ئاگابوون لەو فۆڕمە هونەرییانەی هەردوو بەرنامەکە لە شـــێوازی پێشـــکەشـــکردندا بەکاریان هێناوە.

٣- دەرخســـتنی ســـتراتیژی هەردوو بەرنامەکە لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ میوان و شـــێوازی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا.

٤- شـــیکاریکردنی ئەو فۆڕمە هونەرییانەی لە پرۆســـەی تۆمارکردن و وێنەگرتن و مۆنتاژی هەردوو بەرنامەکەدا پەنای بۆ براوە.

٥- دەرخســـتنی رێژە و جیاوازییەکانی نێوان فۆڕمی هەردوو بەرنامەکە لە ماوەی ســـامپڵی توێژینەوەکەدا.

### ٤- میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژیەنەوەیە وەک جۆر لە جۆری توێژینەوەی (وەســـــفی)یەکـانە، کە زۆرێـک لە توێژینەوەکانی بواری (میدیا) پەنای بۆ دەبات، بەو پێیەی لە رێگەیەوە هەوڵدەدرێت لە دۆخی ئێســـتایی کێشـــەیەکی دیاریکراو بکۆڵێتەوە و ئەو فاکتەرانە بخاتە روو کە کاریگەری لەســـەر دروست دەکەن هەروەک هەوڵی پێشبینی رووداو و ئاراستە دیاریکراوەکان دەکات،[1] بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە کردەییەکانی توێژینەوەکەش، توێژەر پەنای بردۆتە بەر شـێوازی (شـیکاری ناوەڕۆک) کە بە شـــێوازێکی گونجاوی بواری راگەیاندن دادەنرێت بەو پێەی هەوڵێکی زانســـتی

---

١- سمیه محمد حسن، بحوث الاعلام الاسس و المبادی، عالم الكتب القاهرة، ١٩٧٦، ص١٢٤.

ڕێکخراوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو داتا و زانیارییانەی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە دەیخوازێت.[١]

## ٥- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە تەواوی بەرنامە هونەرییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، تیایدا بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی (GK) و (NRT2) وەک نمونە وەرگیراوە.

سەبارەت بە پاساوەکانی وەرگرتنی ئەو دوو نمونەیە، هەردوو بەرنامەکە ڕۆژانەن، هەرچی بەرنامەی هونەری کەناڵەکانی دیکەیە هەفتانەن، کە گوزارشتە لەوەی ئەو دوو بەرنامەیە لە نێو نەخشەی بەرنامەکانی ئەو دوو کەناڵەدا بۆتە جێگەی گرنگی، هەروەها ئەو دوو بەرنامەیە نوێنەرایەتی دوو جۆری جیاوازی خاوەندارێتی دەکات کە یەکێکیان لە رووی خاوەندارێتییەوە حزبی، گشتی، هەواڵئامێزە، ئەوی دیکەیان خاوەنداریەتیەکەی ناراستەوخۆی حزبی، ئۆپۆزسیۆنی هونەرییە.

سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی بازنەییە،[٢] کە مانگێکی دەستکرد لە سێ مانگ وەگیراوە کە خولێکی بەرنامەیی تەلەفزیۆنییە، لە بەرنامە هونەرییەکانی هەر دوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و(NRT2) لە ٦/١ تا ٢٠٢١/٩/١ پەخشکراون، لەو (٣) مانگە (١) مانگی دەستکرد وەرگیراوە، واتا بۆ هەر مانگە و (١٠) ڕۆژ وەرگیراوە.

## ٦- بوارەکانی توێژینەوە:

سنوری توێژینەوە چەند بوارێک لەخۆ دەگرێت لەوانە:

**٦-١ بواری کات:** ئەم توێژینەوەیە بەرنامە هونەرییەکانی دوو کەناڵە، کەناڵی ئاسمانی (GK) و (NRT2) لە مانگەکانی (٦ و ٧ و ٢٠٢١/٨) وەرگرتووە.

**٦-٢ بواری شوێن:** ، شاری سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان، کە بارەگای سەرەکی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و(NRT2) تێدایە.

---

[١]- عمار بوحوش، محمد محمود، مناهج البحث العلمي اسسة واساليبه، مكتب المنارة، الزرقاء، ١٩٩٨، ص١٣٩.

١- سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا – سلێمانی، ٢٠١٥، ١٣٨ل.

**٦-٣ بواری بابەت:** فۆڕمی هەردوو بەرنامەی هونەری ئەمڕۆ لە (GK) و ئێوارەی (NRT2)وەرگرتوە، بۆ ئەو ماوەیەی وەک سامپڵی توێژینەوەکە دیاریکراوە.

## ٧- ئامرازەکانی توێژینەوە:

توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پەنای بردۆتە بەر ئەم ئامرازانە:

### ٧-١ فۆڕمی شیکاری:

ئەو فۆڕمەیە کە توێژەر بەکاریهێناوە وەک ئامرازێک بۆ دیاریکردنی فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی GK و NRT2، بەمەبەستی شیکاری چەندایەتی و چۆنایەتی لە فۆڕمی بەرنامەکاندا، کە بریتین لە چەند تەوەرێک و دابەشدەبن بەسەر (٢١) فۆڕم و (٨٦) دەستەی شیکاریدا.

### ٧-٢ چاوپێکەوتن:

توێژەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری راست و دروست و بە ئاگابوون لە مێژووی بەرنامەکە و جۆری بەرنامەکە، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی توێژینەوە پشتی بە چاوپێکەوتن بەستوە و چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرنامەکان لە کەناڵی NRT2 و ئامادەکاری بەرنامەی ئەمڕۆی GK و کە لە هەردوو کەناڵ چا وپێکەوتنەکان ڕوو بەڕوو ئەنجام دراون، بۆ ئەم مەبەستە فۆڕمێکی چاوپێکەوتن ئامادەکراوە، سەبارەت بە پرسیارەکان و لەلایەن سێ پسپۆڕی بواری راگەیاندن* هەڵسەنگاندنی بۆکراوە، راستی بۆ کراوە و بە رێژەی (٩٥٪).

## ٨- هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی شیکردنەوەی فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی GK وNRT2 ، بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاری چەند ڕێو شوێنێکی زانستی گرتۆتە بەر بەمشێوەیە:

---

* - پ. د. ابتسام اسماعیل قادر، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی
- پ.ی.د.سەلام نصرالدین محمد، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی
- پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی

## ٨-١ چەمکی شیکاری:

چەندین پێناسەی جۆراو جۆر بۆ شیکاری ناوەڕۆک کراوە، لەوانە، شێوازێکی توێژینەوەیە بۆ دانانی وێنایەکی ڕێکخراو و بابەتی بۆ ناوەڕۆکی ڕواڵەتی بابەتەکانی پەیوەست بە بوارەکانی کۆمۆنیکەیشن.[١] لەم ڕوانگەیەوە شیکاری ناوەڕۆک شێوازێکە بۆ پۆلێنکردنی خەسڵەتەکانی ناوەڕۆکی دەستەکانی پەیوەست بەو بنەمایانەی شیکاری دیاریدەکات. [٢]

توێژەر بۆ شیکردنەوە و راڤەکردن و خستنەڕووی فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکان ئەم شێوازی شیکردنەوەیەی بەکارهێناوە و ڕێو شوێنەکانی پەیوەست بەم میتۆدەی گرتۆتەبەر.

## ٨-٢ دروستکردنی فۆرمی شیکاری:

بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی پاشوەختە واتا فۆرمێکی ئامادەکراوی نیە بۆ شیکردنەوە، پاش دیاریکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە و وردبوونەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر فۆرمێکی شیکاری پاشوەختەی ئامادەکردوە پاش بینینی سەرجەم بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵ کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیرابوون، پاشان یەکە و دەستەکانی بۆ دیاریکرد.

## ٨-٣ دیاریکردنی یەکەی شیکاری توێژینەوەکە:

بەمەبەستی بەکارهێنانی شیکاری ناوەڕۆک بۆ هەر بابەتێکی فۆرمی ڕاگەیاندن، دەکرێت پەنا ببرێتە بەر چەند یەکەیەکی شیکاریی، وەک یەکەکانی وشە، بیرۆکە، رستە، بڕگە،[٣] ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی فۆڕمە جیاجیاکانی بەرنامە هونەرییەکان پەنای بردۆتە بەر چەند یەکەیەک لەوانە:

---

[١] - دانیلون واین، تحلیل المضمون وبحوث الاتصال، جامعة لویزانا في الولایات المتحدة، ت: المركز العربي للبحوث المستملین والمشاهدین، بغداد، ١٩٨٨، ص١٦٩.

[٢] - مصطفى حمید الطائي، ابوبكرد خیر میلاد، مناهج البحث العلمي، وتطبیقها في الاعلام والعلوم السیاسیة، دار الوفاء لدینا الطباعة والنشر، الاسكندریة، ٢٠٠٧، ص١٢٥.

[١] – دانیلون واین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

**٨-٣-١ یەکەی بیرۆکە:** بۆ بە ئاگابوون لە بیرۆکە سەرەکییەکانی نێو بەرنامەکان و بابەت و ئەو ژانرانەی لە بەرنامەکاندا خراونەتە روو.

**٨-٣-٢ یەکەی کەسایەتی:** بۆ دیاریکردنی ئەو کەسایەتیانەی لە نێو بەرنامەکاندا میوانداری کراون.

**٨-٣-٣ یەکەی دیمەن:** واتا یەکەی گرتەی وێنەیی، کە هەر فۆڕمێک بە جیا وەرگیراوە کە هاوشێوەی یەکەی بڕگە و رستەیە لە بواری شیکردنەوەی دەقی نوسراودا، لە ریزمانی زمانی سینەمادا دەوترێت (گرتە یەکسانە بە رستە) [١]

## ٨-٤ دیاریکردنی دەستەی شیکاری:

دەستەکان لە شێوازی شیکاری ناوەرۆکدا دابەش دەکرێن بەسەر دوو شێوازی سەرکیدا، یەکەمیان وەڵامی پرسیاری چی وتراوە؟ دەداتەوە کە تایبەتە بە خستنەڕووی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە شیکاری بۆ دەکرێت، دووەمیان وەڵامی پرسیاری چۆن وتراوە؟ دەداتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی ئەو شێوازانەی کە ناوەڕۆکەکەی خراوەتەڕوو کە زیاتر پەیوەستە بە فۆرمی ناوەڕۆکەوە نەک بابەتەکەی.[٢]

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە هەردووجۆرەکە بەستووە، هەروەها مەرجە لە دەستەی شیکاریدا زۆر بە وردی دەستەکە دیاری بکرێت کە هەمەچەشنە بێت و هەموو لایەنە جیاوازەکانی کە توێژەر بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ ناوەڕۆک و پەیامی راگەیاندنەکەدا دیاری بکرێت و هەر دەستەیەک سەربەخۆ بێت و نابێت دووجار پۆلێن بکرێتەوە.[٣]

---

[١] - کاوە عزەدین عبدالرحمن، استخدام مؤثر القطع في فيلم "كويستاني سپي، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١٣.، بەرگی یەک. ٢٠١٧، ص٥٦٩

[٢] - سحر محمد وهبي، بحوث جامعية في الاعلام، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٨١.

[٣] - رشدي طعمية، تحليل المحتوى في العلوم الانسانية مفهومة، اسسه، استخدامه، دار الفكر العربي، ١٩٨٧، ص٦٣.

## ٩- راستی لایەنی شیکاری:

توێژەر بۆ گەیشتن بە پێوەری راستی پشتی بە پێنج پسپۆڕی ئەکادیمی* بواری راگەیاندن بەستووە دوای هەڵسەنگاندی فۆرمی شیکاری لەلایەن پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ئاماریی دەرکەوت رێژەی سەدی رووالەتی بریتیە لە ٩٠,٧٠٪ کە ئەم رێژەیەش رێژەیەکی گونجاوی زانستیە بۆ شیکاری لەسەر سامپلی توێژینەوەکە، کە بەم شێوەیە رێژەکە دەرهێنراوە: کۆی گشتی برگە گونجاوەکان دابەشی کۆی گشتی برگەکان، لێکدانی سەد دەکرێت و بەم شێوەیە رێژەی ئاستی راستی دەرکراوە، (٧٨ ÷ ٨٦ = ٠,٩٠ × ١٠٠ = ٩٠,٧٠) ، (بڕوانە پاشکۆی٢).

## ١٠- جێگیریی لایەنی شیکاری:

جێگریی بریتیەلە پشت بەستن بە ئامڕازی دووبارەکردنەوەی پرۆسەکە لە پێناو بەدەستهێنانی هەمان ئەنجام.[١]

توێژەر (الاتساق عبر الزمن) بەکارهێناوە واتا دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر تاقیکردنەوەی یەکەم، دووبارە تاقیکردنەوەکە ئەنجام ئەداتەوە بە بەکارهێنانی کاتی دیاریکراو بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگریی.[٢] توێژەر دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر شیکاری یەکەمدا شیکاری دووەمی ئەنجامدا دوای جێبەجێکردنی هاوکێشەی هۆڵستی، کە رێژەکەی٩٢٪ دەرچوە ئەمەش رێژەیەکی گونجاوە بۆ جێگریی لە رووی زانستییەوە * (بڕوانە پاشکۆی٣)

---

* – پ. د. ابتسام اسماعیل قادر، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی
– پ.ی.د.سەلام نصرالدین محمد، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی
– پ.ی.د. شێرکۆ جەبار محمد، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی پۆلیتەکنیک
– پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی
– پ.ی.د. یۆهان عوسمان حەمە، راگەیاندن/ تەلەفزیون/ زانکۆی سلێمانی

[١]- عزيزة عبدة، الاعلام السياسي والراي العام في ترتيب الاولويات، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤، ص١٩٥.

[٢]- هيثم هادي الهيتي، الاتصال الجماهيري في العراق، وسائله واتجاهاته، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٨، ص١٧١.

## ١١- پێناسەی چەمکەکان:

**١١-١ فۆڕم:** مەبەست لە سەرجەم ئەو شێوانەیە کە لەناو بەرنامەیەکدا دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت وەک (پێشـــکەشـــکار، میوان، دیکۆر، دەنگ، کامێرا، مۆنتاژ، ڕووناکی، وێنە، کلیپ و ریکلام).

**١١-٢ ناوەرۆک:** سەرجەم بابەتی ناو بەرنامە تەلەفزیەکان دەگرێتەوە.

**١١-٣ بەرنامە:** مەبەسـت لە گۆڕینی بیرۆکەیە لە ڕێگەی دەنگ و وێنەوەو ڕێکخسـتنیانە بە شیوەیەک هونەری و زانستی و کاریگەر کە بتوانێت سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی رابکێشیت.

**١١-٤ هونەر:** هەرکارێک و باســێک تایبەت بێت بە هونەر و بچێتە چوارچیوەی هونەرەوە لەم بابەتانەدا خۆی دەبینێتەوە (شانۆ، میوزیک، شێوەکاری، سینەما، بالیە، دیزاین)

**١١-٥ بەرنامەی هونەری:** ئەو بەرنامانەن کە بابەت و باس و شـــێوەی وێنەگرتن و چۆنیەتی مۆنتاژکردن و دیکۆر و ســـەرجەم فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنامەکە دەبێت لە خزمەتی هونەر و لەچوارچێوەی هونەردا بێت، کە هۆکارێکە بۆ هاندانی هونەمەندان و ناســاندنی خۆیان و کارەکانیان بە بینەر و لە هەمان کاتدا بینەر کاتێک خۆش بەسەر دەبات لەگەڵ بەرنامەکەدا.

**١١-٦ کەناڵی ئاســـمانی:** مەبەســـت لێی گواســـتنەوەی دەنگ و ڕەنگە لەڕێگەی مانگی دەسـتکردەوە بۆ ناو ماڵ و شـوێنی کارەکەت، ئەوانیش بە پێی جۆر و سـیاسـەت بەرنامەکانیان دەگۆڕێت.

**١١-٧ هەرێمی کوردســـتان:** ناوچەیەکی جوگرافی خاوەن حوکمڕانی فیدراڵیە کە لەچوار پارێزگای باکوری عێراق پێکدێن، کە بریتین لە (هەولێری پایتەخت و پارێزگای ســـلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە)و لەلایەن حکومەتی عێراق و بە گوێرەی دەســـتوری هەمیشـــەیی عێراق بەفەرمی دانی پێدا نراوە.

## ١٢- تويژینەوەکانی پێشوو:

لە ئەنجامی گەڕان بەدوای ئەو تویژینەوانەی کە پێشـــتر ســـەبارەت بە فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنـامە هونەرییەکـان ئەنجـامـدراون، تویژەر ژمـارەیەک تویژینەوەی دەســـتکەوتووە کە پەیوەندیدارن بە بابەتی تویژینەوەکەوە، بە مەبەستی سوودوەرگرتن لەو تویژینەوانە، کە لێرەدا ئاماژە بە ناوی تویژەر و ناونیشان و ئامانجەکانیان دەکەین.

**١٢-١** (رفاه فاروق خليل، اشـكال ومضـامين البرامج الاخبارية في قناة، الشـرقية الفضـائية، دراســة تحليلية لبرنامج (الحصـــاد) الاخباري، للمدة من 2006/4/15- 2006/7/15،رســالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٨).

ئەم تویژینەوەیە رۆشنایی خستۆتە سەر ئەو فۆڕمە هونەرییانەی بەرنامە هەواڵئامێزەکان لە کەناڵی ئاسمانی الشرقیەی خستۆتە ڕوو، بۆ ئەو مەبەستە گەشتی هەواڵی(الحصاد الاخباری) بە نمونە وەرگیراوە. تویژینەوەکە بە پشـتبەسـتنی جۆری وەسـفی و هەردوو شـێوازی شیکاری و راپێوی هەوڵیداوە لە ئامانجی ســـەرەکی تویژینەوەکە بکۆڵێتەوە کە لە ناســـاندنی فۆڕم و ناوەڕۆکی هەواڵەکان لە بەرنامەی (الحصـــاد) لە کەناڵی ئاســـمانی الشـرقیة لە رێگای شـیکاری کردنی هەواڵەکانەوە، دیاریکردنی چۆنییەتی کارکردنی کەناڵی الشرقیة و چۆنییەتی ئامادەکردنی هەواڵ و بەرنامە هەواڵییەکان. دوای خستنەڕووی ئەنجامەکان تویژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە: کەناڵی الشـــرقیة بایەخی بە بەرنامە هەواڵییەکان بە پلەی یەکەم دێت، بایەخی زیاتر بە ژانری هەواڵ دەدرێت کە بە پلەی یەکەم دێت و ژانری چاوپێکەوتن بە پلەی کۆتایی دێت، پشـــتبەســـتنی زیاتر لە بەرنامە هەواڵییەکان بە رەگەزی (مێ)ینە لە پێشـــکەشـــکردنی هەواڵەکـاندا، وەک نـاوەڕۆکیش کەنـاڵی الشـــرقیە بـایەخدانی بەرنـامە هەواڵییەکـان بە هەواڵی ئاسایش (امنی) بە پلەی یەکەم دێت.

**١٢-٢** (محمد كاظم مجيد، الأشـــكال والأســـاليب الفنية للبرامج الحوارية، في قناة البغدادية الفضائية، دراسة تحليلية لدورة برامجية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٨) .

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، باس لە فۆڕم و شێوازی بەرنامە گفتوگۆکانی کەناڵی ئاسمانی البغدادیة دەکات. لە گرنگترین ئامانجەکانی: ناساندنی فۆڕمی بەرنامە گفتوگۆکانی کەناڵی ئاسمانی البغدادیەیە، دیاری کردنی شێوازی هونەری بەرنامە گفتوگۆکانی کەناڵی ئاسمانی البغدادیە.

دەرئەنجام: لە گرنگترین دەرەنجامەکەنی ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە، نەبوونی شێوازو ناوەڕۆکێکی دیاریکراو بۆ بەرنامەکان و نەبوونی شێوازێکی هونەری تایبەت بە بەرنامەکان و ناسینەوەیان.

**١٢-٣** (طارق علي حمود حسن، أشكال ومضامين البرامج السياحية في قناة العراقية الفضائية، دراسة تحليلية، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٧).

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەراووردکاری بەکارهێناوە، گرنگترین ئامانجەکانی: دیاریکردنی شێوەی ناوەڕۆکی بەرنامە گەشت و گوزارییەکانی تەلەفزیۆن، لە کەناڵی ئاسمانی العراقیة، ناساندنی میدیای گەشت و گوزار و ئاڕاستە و ئامانجەکانی، دیاریکردنی چۆنییەتی بە بازاڕکردنی گەشت و گوزار لە میدیاکاندا.

لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە: کەمی ماوەی دیاریکراو بۆ بەرنامە گەشت و گوزارییەکان بە بەراوورد بە بەرنامەکانی تری کەناڵی ئاسمانی العراقیة، کەسایەتییە ئاینی و سیاسییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لە بونیادنانی پێگەی گەشت و گوزاری لە بەرنامە گەشت و گوازرییەکانی کەناڵی ئاسمانی العراقیة، گەشت و گوزاری ئاینی پلەیەکی بەرزی بەدەستهێناوە لە بەرنامە گەشت و گوازرییەکانی کەناڵی ئاسمانی العراقیة.

**١٢-٤** (يوسف حسن محمود الفراجي، أشكال البرامج الوثائقية ومضامينها، قناة أبو ظبي الفضائية أنموذجا، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٦) .

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە کە باس لە فۆڕم و ناوەڕۆک و بەرنامە دیکۆمێنتارییەکانی کەناڵی ابو ظبی دەکات.

گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: تیشک خستنە سەر بەرنامە دیکۆمێنتارییەکان و چۆنێتی گەشـەکردن و پێشـکەوتنی، ناسـاندنی شـێوازی پێشـکەشـکردنی بەرنامە دیکۆمێنتارییەکان، دەرخسـتنی پابەندبوونی بەرنامە دیکۆمێنتارییەکان بە بنەماکانی رێسـا و یاسـی ئامادەکردنی بەرنامەی دیکۆمێنتاری و چۆنێتی پێشکەشکردنی لە رووی شێوە و ناوەڕۆک.

گرنگترین دەرئەنجامەکان: گەیشتن بەوەی کە شێوازێکی هونەری دیاریکراو نییە کە بەرنامە دیکۆمێنتارییەکان پشـتی پێ ببەسـتن لە کاتی بەرهەمهێناندا، بەکارهێنانی (چاوپێکەوتن، سـیناریۆی درامی، پێشـکەشـکار) بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە شـێوازێکی سـادە و سـاکار بێ کاریگەرین، بایەخدانی کەناڵەکە بە بابەتە جیهانییەکان بە پلەی یەکەم دێت.

**١٢-٥** (سـعد مطشـر عبد الصـاحب علي، المضـامين والاشـكال الفنية للبرامج التلفزيونية في، تلفزيون العراق والتلفزيون العربي السوري - دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٥).

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسـفییە، میتۆدی شـیکاری ناوەڕۆکی بەراوردکاری بەکارهێناوە، لە گرنگترین ئامانجەکانی: شـیکردنەوە و پۆلێنکردنی فۆرم و شـێوازی هونەری بەرنامەکانی هەردوو تەلەفزیۆنی العراق و العربی السـوری، بەراوردکردنی شـێواز و فۆرمی هونەری بەرنـامەکـانی تەلەفزیۆی العراق و تەلەفزیۆنی العربی السـوری بۆ زانینی رادەی هاوشـێوەی پۆلێنکردنی بەرنامەکان لە هەردوو کەناڵ، دیاریکردنی ناوەڕۆک و ئاڕاسـتەکردنی زمانەوانی و شێوازی ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی بەرنامەکان لە هەردوو کەناڵدا.

گرنگترین دەرئەنجـامەکـانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: نەبوونی پێوەرێـک بۆ پۆلێنکردنی بەرنـامەکـان لە هەردوو کەنـاڵـدا، کەلێنێکی زۆری لە نێوان فۆڕم و شـێوازی بەرنـامەکـان دروسـتکردوە، زاڵبوونی بەرنامە سـیاسـییەکان لە هەردوو کەناڵدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو کەناڵ خاوەندارێتیان دەسـتەڵاتی سـیاسـییە و ئاڕاسـتە دەکرێن، بەرنامە هونەری رۆشنبیری و کاتبەسـەربردنەکان بە پلەی دووەم دێن پاش بەرنامە سیاسـییەکان، کە زۆربەیان بە شێوازی چاوپێکەوتن بەرهەمهێنراون.

## ١٣- تاووتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر هەوڵیداوە لە چەند روویەکەوە سودیان لێوەربگرێت و خاڵی لێکچوو و جیاوازیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە دیارییکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ١٣-١ خاڵە هاوبەشەکان:

لێرەدا پاش خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ هەر توێژینەوەیەکدا لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

### ١٣-١-١ توێژینەوەی (رفاه فاروق خليل، ٢٠٠٨):

- هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە رووی بەکارهێنانی جۆری توێژینەوەکە، کە توێژینەوەیەکی وەسفییە.
- هاوشێوەیە لە رووی بەکارهێنانی میتۆد، کە میتۆدی شیکارییە.
- هاوشێوەیە لەگەڵ ماوەی دیاریکراو بۆ شیکاری سامپڵەکان، کە هەردووکیان ماوەی (٣) مانگ وەرگیراوە.
- هاوشێوەیە لە دیاریکردنی رۆژی پێشکەشکردنی بەرنامەکە، کە بەرنامەیەکی رۆژانەیە.

### ١٣-١-٢ توێژینەوەی (محمد كاظم مجيد،٢٠٠٨):

- هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە رووی بەکارهێنانی جۆری توێژینەوەکە، کە توێژینەوەیەکی وەسفییە.
- هاوشێوەیە لە رووی بەکارهێنانی میتۆد، کە میتۆدی شیکارییە.
- هاوشێوەیە لەگەڵ ماوەی دیاریکراو بۆ شیکاری سامپڵەکان، کە هەردووکیان ماوەی (٣)مانگ وەرگیراوە.
- هاوشێوەیە لەگەڵ پۆلێنی فۆرمی بەرنامەکان کە بەرنامە دیالۆگەکان دیاریکراوە.

**١٢-١-٣ توێژینەوەی (طارق علي حمود حسن،٢٠٠٧):**

- هـاوشـــێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بەکـارهێنـانی جۆری توێژینەوەکە، کە توێژینەوەیەکی وەسفییە.

- هاوشێوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆد، کە میتۆدی شیکارییە.

- هاوشێوەیە لەگەڵ پۆلێنی فۆرمی بەرنامەکان کە بەرنامە دیالۆگەکان دیاریکراوە.

- هاوشێوەیە لەگەڵ یەکە شیکارییەکانی (یەکەی بیرۆکە، یەکەی کەسایەتی، یەکەی دیمەن).

**١٢-١-٤ توێژینەوەی (یوسف حسن محمود الفراجي، ٢٠٠٦):**

- هـاوشـــێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بەکـارهێنـانی جۆری توێژینەوەکە، کە توێژینەوەیەکی وەسفییە.

- هاوشێوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆد، کە میتۆدی شیکارییە.

- هاوشـــێوەیە لەگەڵ ماوەی دیاریکراو بۆ شـــیکاری ســـامپڵەکان، کە هەردووکیان ماوەی (٣)مانگ وەرگیراوە.

- هاوشێوەیە لە دیاریکردنی ڕۆژی پێشکەشکردنی بەرنامەکە، کە بەرنامەیەکی ڕۆژانەیە.

**١٢-١-٥ توێژینەوەی (سعد مطشر عبد الصاحب علي، ٢٠٠٥):**

- هـاوشـــێوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بەکـارهێنـانی جۆری توێژینەوەکە، کە توێژینەوەیەکی وەسفییە.

- هاوشێوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆد، کە میتۆدی شیکارییە.

- هاوشێوەیە لە دیاریکردن و پۆلێنکردنی فۆڕم و جۆری بەرنامەکان.

- هاوشـــێوەیە لە دەســـتنیشـــاکردنی دوو کەناڵ، کە کەناڵەکانی (تلفزیون العراق، تلفزیون العربي الســوري)، ئەم توێژینەوەیەش دوو کەناڵی دەســتنیشــان کردووە، کە کەناڵەکانی ( GK, NRT2)ن.

**٢-١٣ خاڵە جیاوازەکان:**

لە پاش خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو و خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا لێرەدا خاڵە جیاوازەکان دەخەینەڕوو:

**١٣-٢-١ توێژینەوەی (رفاه فاروق خلیل، ٢٠٠٨):**

- ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە دیاریکردنی جۆری بەرنامە، کە بەرنامەیەکی هەواڵی سیاسی وەرگرتووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دوو بەرنامەی هونەریی وەرگتووە.

- جیاوازە لە بەکارهێنانی یەکەی شیکارییدا، کە تەنها یەکەی بابەتی وەرگرتووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ئەم یەکانەی وەرگرتووە (یەکەی بیرۆکە، یەکەی کەسایەتی، یەکەی دیمەن).

**١٣-٢-٢ توێژینەوەی (محمد کاظم مجید، ٢٠٠٨):**

- لەم توێژینەوەیەدا تەنها یەک کەناڵی ئاسمانی وەک کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەرگیراوە کە کەناڵی ئاسمانی (البغدادیە)یە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵگاکەی دوو کەناڵی ئاسمانییە کە کەناڵەکانی (GK, NRT2).

**١٣-٢-٣ توێژینەوەی (طارق علي حمود حسن، ٢٠٠٧):**

- کاتی وەرگیراو بۆ سامپڵی توێژینەوەکە (٦) مانگە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە کاتی وەرگیراو (٣) مانگە.

- لەم توێژینەوەیەدا تەنها یەک کەناڵی ئاسمانی وەک کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەرگیراوە کە کەناڵی ئاسمانی (العراقیة)یە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵگاکەی دوو کەناڵی ئاسمانییە کە کەناڵەکانی (GK, NRT2).

- لەم توێژینەوەیەدا تەنها یەک بەرنامە وەک سامپڵی توێژینەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دوو بەرنامە وەک سامپڵی توێژینەوە وەرگیراوە کە بەرنامەکانی (ئەمڕۆی GK ، و ئێوارەی NRT2)ە.

- لەم توێژینەوەیەدا جۆری بەرنامەی وەرگیراو بەرنامەی گەشت و گوزارە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جۆری بەرنامە بەرنامە هونەرییەکانە.

**١٣-٢-٤ توێژینەوەی (یوسف حسن محمود الفراجي، ٢٠٠٦):**

- بەرنـامەی ســــامپڵی توێژینەوەکە وەک جۆر بەرنـامەیەکی دیکۆمێنتـارییە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە سامپڵی بەرنامەکەی بەرنامە هونەرییەکانە.

- وەک ژمارەی بەرنامە تەنها یەک بەرنامە وەرگیراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دوو بەنامەیە.

- لەم توێژینەوەیەدا تەنها یەک کەناڵی ئاســـمانی وەک کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەرگیراوە کە کەناڵی ئاســـمانی (ابوظبي)یە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵگاکەی دوو کەناڵی ئاســـمانییە کە کەناڵەکانی (GK, NRT2).

- جیاوازە لە بەکارهێنانی یەکەی شـــیکارییدا، کە تەنها یەکەی بابەتی وەرگرتووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ئەم یەکانەی وەرگرتووە (یەکەی بیرۆکە، یەکەی کەسایەتی، یەکەی دیمەن).

**١٣-٢-٥ توێژینەوەی (سعد مطشر عبد الصاحب علي، ٢٠٠٥):**

- لە بەکـارهێنـانی میتۆددا جیـاوازن، کە میتۆدی بەراووردکـاری بەکـارهـاتووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی بەکارهاتووە.

- جیاوازە لە رووی سـامپڵ، لەم توێژینەوەیەدا سـەرجەم بەرنامەکانی وەرگرتووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تەنها بەرنامە هونەرییەکانی وەرگرتووە.

**١٣-٣ سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

- سـودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشـوو وەک سـەرچاوەی زانسـتی و سـودوەرگرتن لەو هەنگاو و رێکارانەی بەکاریان هێناوە لە شێوازی شیکردنەوە و دیاریکردنی یەکەکان.

- لە رووی پلان و نمونەی توێژینەوە و رێکارە زانســـتییەکان ســـودیان لێوەرگیراوە، بەو پێیەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بواری مۆنتاژدا کەمتر توێژینەوەی لەبارەوە کراوە.

- ســـودوەرگرتن لەو ســـەرچاوانەی کە لەو توێژینەوانەدا باکارهاتوون وەک ســـەرچاوەی زانستی و گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوانەدا کە لەو توێژینەوانەدا بەکارهاتوون.

## بەشی دووەم

## فۆرم و ناوەرک و پێگەی بەرنامە هونەرییەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا

باسی یەکەم: پێگەی بەرنامە هونەرییەکان لە کاری تەلەفزیۆنیدا

١- دەروازەیەک بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی

٢- پۆلێنکاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان

٣- رەهەندە سەرەکییەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

٤- پلانی گۆڕینی بیرۆکە و زانیاری بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی

٥- تایبەتمەندیەکانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی

باسی دووەم: پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی

١- هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی

٢- ئەرکەکانی کاری بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

٣- رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەری تەلەفزیۆنی

٤- بڕگەکانی بەرنامەی هونەریی

٥- پرۆسەی دەرهێنان لە بەرنامە هونەرییەکاندا

باسی سێیەم: فۆڕمی بەرنامە هونەرییە تەلەفزیۆنییەکان

١- ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان

٢- پێشکەشکار و میوان لە بەرنامەی هونەرییدا

٣- تەکنیکی وێنەو جۆرەکانی کامێرا لە بەرنامەی هونەریدا

٤- شێوەی ستودیۆ و دیکۆر لە بەرنامەی هونەرییدا

٥- پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرنامەی هونەرییدا

## باسی یەکەم: پێگەی بەرنامە هونەرییەکان لە کاری تەلەفزیۆنیدا :

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر بەرنامەی تەلەفزیۆنی و پۆلێنکردنی بەرنامەکان و خستنە رووی جۆرەکانی بەرنامە و تایبەتمەندی بەرنامە هونەریەکان لە کاری تەلەفزیۆندا:

### ١- دەروازەیەک بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی:

لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشی تەلەفزیۆنەوە، پرۆسەی بەرهەمهێنانی بابەتە تەلەفزیۆنییەکان توانی سود لە ئەزمونی رادیۆ وەربگرێت بەتایبەت لە دیاریکردنی ئەو بەرنامانەی بابەتەکانی لە رێگەیەوە پەخش دەکرێن، بەڵام بەو پێیەی کەرەستەی وێنە لە نێو رادیۆدا بونی نەبوو، بۆیە توانرا سود لە سینەما وەربگرێت بۆ تەواوکردنی بەرنامەکانی رۆژ، لەگەڵ پێشکەوتنی پەخشی تەلەفزیۆنییدا، توانرا بەرنامەکانی تەلەفزیۆن قاڵبی تایبەت بەخۆی وەربگرێت کە تیایدا کەرەستەی وێنەی جوڵاو و دەنگ و تێکست بونیان هەبێت[١]، بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەواتای ئەو چوارچێوەیە دێت کە وادەیەکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە و لە رێگەیەوە بابەتەکان پەخش دەکرێن، بە واتایەکی دیکە: چەند بابەتێکی دیاریکراو، دروست دەبن، کە ئاراستەی جەماوەرێکی گشتی یان تایبەت دەکرێن، کە لە ئەنجامی حەزو ئارەزوو پێویستی خەڵک دروست دەبن، کە مەبەستیانە زۆرترین وەرگر لە ئامێزبگرن، دەکرێت بەرنامەکان بۆ چینێک یان توێژێکی تایبەتبن، یاخود گشتیبن.[٢]

لەم سۆنگەیەوە بەرنامەی تەلەفزیۆنییەوە پێناسە دەکرێت کە فۆرمێکی هونەریی دیاریکراوە، لەماوەیەکی دیاریکراودا، بەناوێکی دیاریکراو، بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو، رۆژانە، هەفتانە، نیومانگ جارێک، مانگانە، یان بە بۆنەیەکی تایبەت، لەناو ستودیۆ، یان لەدەرەوەی ستودیۆ، بەشێوەیەکی راستەوخۆ، یان تۆمارکراو پێشکەشدەکرێت.[٣]

---

[١] - حسن الحسن، الدولة الحديثة الاعلام و الاستعلام، دار العلم للملاين، بيروت، ١٩٨٦، ص١٩٥.

[٢] - سامان جەلال، هونەرەکانی رۆژنامەوانی تەلەفزیۆن رادیۆ رۆژنامە میدیای ئەلکترۆنی، رێکخراوی رێباز فاوندەیشن، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، لا ٦٤.

[٣] - كرم شلبي، معجم المصطلحات الاعلامية، دار الجيل للطبع والنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص٤٧١

کەواتە بەرنامەی تەلەفزیۆنی، ڕەگەزێکی سەرەکی هەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنە, کۆی بابەتە پەخشکراوەکان لە ڕێگەیەوە دەبن بە ناسنامەی کەناڵەکە، بابەتەکانیشی جۆراوجۆرن لە سیاسی و هەواڵی و بەڵگەنامەیی و هەمەڕەنگ و ڕۆشنبیری و ئایینی و...هتد،، هەر یەکێک لەو جۆرانەی بەرنامە ئاڕاستەی توێژێک یان زیاتر لە کۆمەڵگە دەکرێن. پاشان گوشەی ئاڕاستەکردنەکە بەرتەسکتریش دەبێتەوە بۆ تەمەن و ڕەگەز و پیشە جیاوازەکان, کە هەموو جۆرەکانی بەرنامە لە هەر بوارێکدابێت, بۆ فێرکردن و کاتبەسەربردن خزمەتدەکەن.[١]

زۆر جار ئەو سیاسەتەی کە وێستگەی تەلەفزیۆنی یان ئێزگەیی پەیڕەوی دەکات ماوەی تەرخانکراو دیاری دەکات بۆ هەر جۆرە بەرنامەیەک, ئەم ڕێژەیەش لە گۆڕاندایە واتا هەر کەنالێک بۆچوونی خۆی هەیە سەبارەت بە تەرخان کردنی ماوەی پێویست بۆ جۆرەکانی بەرنامە, هەروەها بۆ ئەو بوارەی کە لە درێژەی بەرنامەکەدا جەخت دەکرێتە سەری و لایەنەکانی ڕۆشن دەکرێتەوە , هەندێ وێستگە هەیە جەخت دەکاتە سەر بەرنامە سیاسییەکان زۆرتر لە جەخت کردنی لەسەر بەرنامە وەرزشییەکان, بە پێی ئاڕاستەی خۆی و جیهانبینی داڕێژەرانی سیاسەتی وێستگەکە.[٢]

پڕۆگرامی تەلەفزیۆنی, بە هەموو جۆرەکانیەوە, لە هەرکوێیەکی جیهاندا بێ, پێویستە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک و ستراتیژێکی مرۆیی بدات, ئەویش بڵاوکردنەوەی بەها مرۆییە جوانەکان و لە ویژدانی بینەراندا قووڵی بکاتەوە, بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەنگ , یان ڕەگەز یان زمان, یان بیروباوەڕ. لە پڕۆگرامەکاندا دەبێ دژایەتی خۆپەرستی و تاک پەرستی و خۆسەپاندن و دەسەڵاتخوازی و خراپەکاری و توند و تیژی و ڕق لێبوونەوە بکرێ. هانی یەکێتییە کۆمەڵایەتیەکان و داهێنان و بدرێ, واتاکانی ئازادی و دیموکراتی قووڵبکرێنەوە.[٣]

---

[١] - چۆلی ئەسعەد، تەلەفزیۆن هونەری نوسین و پێشکەشکردن، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٨، لا ١٦٨.

[٢]- عاصف حمیدی، کارکردن لە تەلەفزیۆندا کلیلەکانی سەرکەوتن بنچینەکانی داهێنان، و: حەکیم عوسمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٠، لا١٥٤.

[٣]-چۆلی ئەسعەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا158.

## ٢- پۆلێنکاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان:

جۆرەکانی بەرنامە بەپێی جۆر و ئەرک و شـێوە و ناوەڕۆکی بەرنامەکان پۆلێنی جیاوازیان بۆ کراوە، شـێوەی بەکار هێنانیشـیان بەپێی سیاسـەتی کەناڵەکە کات و ناوی جۆراو جۆری بۆ دیاریدەکرێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین بینەر بو کەناڵەکە و بەرنامەکە.

**٢-١ پۆلێنی ڕێکخراوی (یونسـکۆ)ی نەتەوە یەکگرتوەکـان، لەسـەر ئەو ئەرکەی هەر بەرنامەیەک بەدیدەهێنێت:**

**٢-١-١ بەرنامەی ڕاگەیاندنی هەواڵ:**

بڵاوکراوەی هەواڵە و بەرنامە سـیاسـی و ڕاپۆڕتە هەواڵییە وێنە دارەکان یان بیسـتراوەکان و خسـتنەڕووی باری سـەرنج و شـیکاری هەواڵەکان و دیمانە و هەواڵەکانی دارایی و ئابوری و وەرزشی و چەندان بواریتر دەگرێتەوە.[١]

**٢-١-٢ بەرنامە رۆشنبیرییەکان:**

قسـەو باسـکردن لە بارەی بابەتەکانی ئەدەب و هونەر بەگشـتی و هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیانی رۆشنبیریی دەگرێتەوە.[٢]

**٢-١-٣ کات بەسەربردن:**

کۆمەڵێک بەرنامەی هونەری و هەمەڕەنگ و کێبڕکێ و دراماو گۆرانی و میوزیک دەگرێتەوە، کە ئامانج لێی دروستکردنی کەشێکی خۆشی و شادیە.[٣]

---

[١] – حسين ابو شنب، حسين سعد، انتاج المواد الاعلامية، سلسلة الدراسات الاعلامية، فلسطين، ٢٠١٦، ص٦٩.

[٢]- رفعت عارف الضبع، التلفزيون النوعي، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١١، ص٢٧٧.

[٣] – بەهات حەسیب قەرەداغی، هەڤپەیڤینی تەلەفزیۆنی هونەرو زانینە، و: کامەران تاهیر، نوسـینگەی تەفسـیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٧٨، ٧٩.

**٢-٢ دابەشبوونی بەرنامە بەپێی شێوە و ناوەڕۆکی بەرنامەکە:** [١]

**٢-٢-١ بەرنامەی زانیاری گشـتی:** واتا گرنگی بە مرۆڤ و کۆمەڵگا دەدات وەک کۆمەڵناسـی، مێژوو و فەلسەفە.

**٢-٢-٢ بەرنامە ئەدەبییەکان:**

گرنگی بە هۆنراوە و چیرۆک و پەخشان و رەخنەی ئەدەبی دەدات.

**٢-٢-٣ بەرنامە زانستییەکان:**

گرنگی دەدات بە بوارە زانســـتییەکان دەدات وەک زانســـتی ئەندازیاری، پزیشـــکی، کیمیا و فیزیا....هتد.

**٢-٢-٤ بەرنامە هونەرییە تایبەتییەکان:**

گرنگی دەدات بە شـیکاریکردن و رەخنەگرتن لە یەکێک لە هونەرەکان وەک مزیک، شـێوەکاری، هونەری هەڵکۆڵین یاخود پەیکەرتاشی.

**٢-٢-٥ بەرنامە ئاینییەکان:**

گرنگی دەدات بە هەموو ئەو بابەت و کێشانەی تایبەتە تەفسیرکردن و پەروەردە و فێرکردن.

**٢-٢-٦ بەرنامە فێرکارییەکان:**

ئاراســـتەی ئەو بینەرانەدەکرێت کە خوێندکارن لە قۆناغ و تەمەنە جیاوازەکاندا بە مەبەســـتی فێرکردن یاخود بۆ بینەرێک کە گرنگی بە بابەتێکی دیاریکراو و بەهرەیەکی دیاریکراو دەدەن.

---

[١] - بڕوانە:

- طالب الشـمري، الصـناعة اعلامية المقومات الفنية والمهنية للرجل الاعلام، دار النفائس للنشـر والتوزيع، الاردن، ٢٠١٥، ص١١٠.

- محمد الجفيرى, اعداد وتقديم البرامج الاذاعية والتلفزونية، دار صـــناع الابداع للانتاج والتوزيع، القطر، ٢٠١٥، ص١٨،١٩.

- عاصـــف حمیدی، کارکردن لە تەلەفزیۆندا کلیلەکانی ســـەرکەوتن بنچینەکانی داهێنان، و: حەکیم عوســـمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠. لا ١٥٥.

- ريم عبود، اعداد البرامج الاذاعية، الجامعة افتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٨٩.

- عبدالقادر الحديثى، دراسـة في البرامج الحوارية لاذاعة BBC العربية، دار غيداء للنشـر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥، ص٤٩.

- ضياء مصطفى، السخرية في البرامج التلفزيونية، دار ميزوبوتاميا، بغداد، ٢٠١٤، ص٢٣٣.

**٢-٢-٧ بەرنامەی (کات بەسەربردن):**

بە پلەی یەکەم گرنگی دەدەن بە پەروەردە و کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن وەک بەرنامەی هەمەرەنگ و گۆرانی و پێشبڕکێ و وەرزش و کارەدەستییەکان.

**٢-٢-٨ بەرنامە خزمەتگوزارییەکان:**

گرنگی بەو بابەت و کێشـــانە دەدەن کە خزمەتگوزارین و گرنگی بە هاولاتی دەدەن وەک بەرنامەی ژینگە.

**٢-٣ پۆلێنکردنی بەرنامەکان لەسەر بنەمای پێشکەشکردنیان دابەشدەبن بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا:**[1]

**٢-٣-١ شێوازی لێدوانی راستەوخۆ:**

ئەم جۆرە سادەترین جۆری بەرنامەیە، کەزۆربەی جار پێشکەشکارەکە خۆی ئامادەکارە و پەیامەکە لە ســتودیۆ یان لەدەرەوەی ســتودیۆوە ئاراســتەی وەرگر دەکات، لە هەمان کاتتدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چارەسەر کردنی گەلێک پرس و رادا.

**٢-٣-٢ شێوازی گۆڤاری تەلەفزیۆن:**

ئەم شێوازە لەڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە بە شێوەی خول پێشکەشدەکرێت، بەشێوەیەک کەسەرنجی بینەر رادەکێشێت لە برگەیەک بۆ برگەیەکیتر.

---

[1]- بڕوانە:
- میلاد الفي جرجس، الاذاعة والتلفزيۆن كظاهرة عالمية، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٩، ص٥١.
- چۆلی ئەسعەد، تەلەفزیۆن هونەری نوسین و پێشکەشکردن، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦١.
- چۆلی ئەســعەد، تەلەفزیۆن هەوال و پرۆگرامی هەواڵی، ناوەندی ســارا بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، ســلێمانی، ٢٠٢٠، لا٢١٣.
- سعد مطشر، المضامين و الاشكال الفنية للبرامج التلفزيونية في تلفزيون العراق والتلفزيون العربي السوري، اطروحة دكتوراه، مقدمة الى جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠٠٥، ص٣١.
- سامي الشريف، عصام نصر سليم، الاخراج الاذاعي والتلفزيوني، جميع حقوق الطبع محفوظة للمركز، ٢٠٠٧، ص١٢٠.

**٢-٣-٣ شێوازی چاوپێکەوتن وگفتوگۆ:**

ئەم شـــێوازە، میوانداری کردنی هەندێک کەســـایەتی ناســـراوە بۆ گفتوگۆکردنی پرســـێکی دیاریکراو، کە جێی بایەخی بینەرە زۆرجاریش بینەر بەشـــداردەبێت لەم جۆرەبەرنامانەدا لەرێگەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەدەرەوەی ســـتودیۆ ئەنجام دەدرێت یاخود لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە.

**٢-٣-٤ شێوازی پێشبڕکێ:**

ئەم شـێوازە پشـت دەبەسـتێت بە بەخشـین وئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و رۆشـنبیری لە ڕێگەی بەشداری کردنی بینەر و لە شێوەی پێشبڕکێدا لە نێوان چەند کەس و گروپێکدا.

**٢-٣-٥ شێوازی لێکۆڵینەوە:**

لەم شێوازەدا بابەتەکان بە قوڵی باسیان لێوەدەکرێت بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی دروست وبینینی کەسانی پەیوەندیدار بە باتەکەوە، لێکۆڵینەوەو بەدواداچون بۆ زانیارییەکان دەکات و لە راستی و دروستی بابەتەکان دەکۆڵێتەوە.

**٣- رەهەندە سەرەکییەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی :**[١]

**٣-١ ئامانج**: مەبەســـت لەو کارەیە کە بەرنامە بەدەســـتی دەهێنێت وەک دڵخۆشـــکردن، رۆشـــنبیرکردن، هەموو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئامانجی گشـــتیو تایبەتی هەیە، ئامانجی ماوە کورتو ماوە درێژی هەیە لە ئامانجی ماوە کورت وەک بانگەشـــەکردن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا یان هەڵمەتی هۆشـــیاری تەندروســـتی، ئامانجی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بریتییە لەچاندنی بەهاو دابو نەریتی نوێو گۆرینی هەڵســـوکەوتو شـــێوازی بیرکردنەوەی پێشـــتر، ئامانجی ماوە درێژیش وەک ئامانجی گەشـــەســـەندنو پەرەپێدان، ئەم پرۆســـەیە چاککردن، پشتگیریکردن، گۆڕان، دەگرێتەوە.

**٣-٢ شێواز**: شێوازی بەرنامەکەیە، چاوپێکەوتنەکە، درامایە، تمسیلیە، هتد...

---

١- صلاح الدين عثمان قادر، البرامج الترفيهية في القنوات الفضائية الكردية قناة زاكروس انموذجا، رسالة ماجستير في الاعلام من كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص ٦٨

**٣-٣ ناوەرۆک:** ناوەرکی بەرنامەکە چییە، ئەو بابەتەی دەیەوێت چارەســـەری بکات چییە، ئەو بیرۆکە و زانیاریانە چیە هەڵگرتووە.

**٣-٤ جەماوەری مەبەســت:** ئایا بەرنامەکە ئاراســتەی رۆشــنبیرانو چینی نوخەبە کراوە یان خەڵکی ئاسایی.

## ٤- پلانی گۆڕینی بیرۆکە و زانیاری بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی:

بەرنــامەی تەلەفزیۆنی پلانێکی بەرنــامە دارێژراوی هەیە بۆ گۆرینی بیروبۆچونەکــانو زانیــارییەکــان بۆ بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی لەرێگەی بەکــارهێنــانی دەنــگو وێنەوە، لەبەرئەوە پێویستە هەموو بەرنامەیەک ئەم داواکاریانە جێبەجێبکات:

**٤-١ دیاریکردنی جەماوەری مەبەســـت:** ئایا بەرنامەکە بۆ خەڵکە بە گشـــتی یان تایبەتە بە گروپێکی دیاریکراو.

**٤-٢ زمانی گونجاو:** دیاریکردنی زمانی بەرنامە پەیوەندی بەجەماوەری مەبەستدارەوە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بەرنامەکە ئاراســتەی خەڵکی بەگشــتی کرا پێویســتە زمانێکی ئاســانو ســادەو بەکاربهێنرێت، ووشــەو دەســتە واژەی ئاڵۆز بەکارنەهێنرێت، بەڵام ئەگەر بەرنامەکە ئاراســتەی جەماوەرێکی تایبەت کرا بۆ نمونە جەماوەری وەرزشـــیی پێویســـتە زمانێکی تایبەت بەو بوارە بەکاربهێنرێت.

**٤-٣ دیاریکردنی قاڵبو شـــێوازی گونجاو:** شـــێواز فۆرمی بەرنامەکەیەو قاڵب ناوەرۆکی بەرنامەکە دادەرێژێت، پێویســـتە قاڵبو شــێوازی بەرنامەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەی یەکســـانبێت، بەرنامە قاڵبی تایبەتی خۆی هەیە هەروەها دەگونجێ لەبەرنامەکەدا زیاتر لەقاڵبێک بەکاربهێنرێت، بۆ نمونە لەبەرنامەیەکدا دەتوانرێت چاوپێکەوتن ئەنجام بدەیت یان ریپۆرتاژ پێشکەش بکەیت.

## ٥- تایبەتمەندیەكانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنیی:

بە وردبوونەوە لەو پۆلێنكـاریـانەی بۆ بەرنـامەی تەلەفزیۆنی كراوە زۆر جـار بەرنـامە هونەرییەكـان ئـاوێتەی بەرنـامەكـانی دیكە دەبن، بۆ نمونە هەنـدیـک جـار دەچنە نێو بەرنـامە رۆشنبیرییەكان هەندێک جاریش بەرنامەی هەمەڕەنگ و كات بەسەربردن[١].

بەرنامەی هەنەری لە ئێســـتادا هەنگاوی بەرەوپێشـــی ناوە، جا لەژێر هەر ناوێكدا بێت توانیویەتی بینەرێكی زۆر بە لای خۆیدا رابكێشێت بە تایبەت لەگەڵ دەركەوتنی میدیای نوێدا كە زۆرێک لەو بەربەســـتانەی كۆتایی پێهێناوە كە پێشـــتر بونی هەبووە، دەركەوتنی میدیای نوێ وەک زاراوە بەشێوەیەكی فراوان لە كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم باسكرا، بەتێكەڵكردنی لەگەڵ میدیای كۆن لەڕووی فیلم و وێنەو مۆسیقاو وشە و بابەتی چاپكراوەوە، لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی تەكنەلۆژیا لایەنی راگەیاندن و پەیوەندییەكانیشـــی گرتەوە، بێ ئەوەی گرنگی بدات بە ســـنوری جوگرافی و ســـنوری ســـیاســـی، ئەمە بە گەورەترین گۆڕانكاری بنچینەیی دادەنرێت لە ڕووی جۆرایەتی و چۆنایەتی ئامڕازەكانی راگەیاندنی نوێوە، مەبەســت لە ئامڕازەكانی راگەیاندنی نوێ بەشێوەیەكی سەرەتایی ئامڕازەكانی راگەیاندنی (ژمارەیی)یە و میدیای تۆڕی و كارتێكردنە.[٢]

ئامرازی میدیای نوێ هاتنە ئاراوە بۆ نەهێشـــتنی ئەو كۆنترۆڵكردنە ناوخۆییەی ئامڕازەكانی راگەیـانـدنی كۆن كردبوییـان، بەتەواوی كۆنترۆڵی میـدیـا و پەیـامەكـانیـان كردبوو، هێزی ئامڕازەكانی میدیای نوێ تەنها بە بوونی تایبەتمەندی ئاوێتەبوون وا دەكات كە ڕۆڵی میدیاو كاری میدیا بگۆڕێت، ئەو ئامڕازاناش شۆڕشێكیان بەرپا كرد لە جۆرێتی ئامڕازەكانی راگەیاندندا، ئەم شـــۆڕشـــە تەكنیكیە ژمێرییە گەشـــە و گۆڕانكارییەكانی ئامڕازەكانی راگەیاندنی ســـەپاند و كاری راگەیاندنی لە گەیاندنی پەیامەكانەوە گۆڕی، ئەم گۆڕانكاریانەش بەروونی لەنێو نەخشەی كاری تەلەفزیۆنی رەنگدانەوەی هەبوو، بێگومان بەرنامە هونەرییەكانیشـــی گرتەوە بەتایبەت لە

---

[١] - ابراهيم سعيد فتح الله، الوظيفة الاخباريه للقنوات التلفزيونية الفضائيه في اقليم كردستان، رسالة ماجستير،غير منشوره، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانيه، قسم الاعلام، ٢٠٠٧، ص٩٨.

[٢] - فينان عبدالله الغامدى، التوافق و التنافر بين الاعلام التقليدى و الاعلام الالكترونى، ورقه بحثيه مقدمه الى ندوه الاعلام الالكترونى و الامن، جامعه الامير نايف، المملكه العربيه السعوديه، ٢٠١٢، ص١٠.

بەخشـــینی زیاتری ئازادی را دەربڕین و بونی رای تاکە کەســـی لەســـەر ســـەرجەم رووداو و بابەتەکان لەڕێگەی ئامرازەکانەوە کارلێک و بەشداری راستەوخۆی وەرگران هاتە ئاراوە.[١]

بەرنامەی هونەری وەک چەمک بریتییە لە پەخشـــکردنی کەرەســـتەو بابەت بو ناوەڕۆکی هەمەڕەنگ بۆ جەماوەرێکی بەر فراوان و جیاواز لە رووی تەمەن و پیشـــەو رۆشـــنبیری و خوێنەواریاندا، کە قسە لەسەر سەرجەم فۆڕم و هونەرە بینراوەکان دەکات.[٢]

هەروەهـا دەتوانین بڵێین بەرنـامە هونەری بریتییە لەو بەرنـامـانەی کە گرنگی دەدات بە شـیکاریکردن و رەخنەگرتن و روونکردنەوە سـەبارەت بەیەکێک لە هونەرەکان وەک (میوزیک، شێوەکاری، شانۆ،سینەما،بالیە،دیزاین). [٣]

## باسی دووەم: پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنیی:

لەم باسـەدا تیشـک دەخەینە سـەر ئەو هەنگاوانەی بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی هونەری دەدرێن و باس لەو بڕگانە دەکەین کە لە بەرنامە هونەرییەکاندا بونیان هەیە، پاشـــان چۆنیەتی پرۆسەی دەرهێنانیان دەخەینەروو:

### ١- هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەریی تەلەفزیۆنی:

هەموو ئەو بەرنامانەی لەتەفزیۆندا پەخش دەکرێت لەســـەرەتاوە بەبیرۆکەیەکی ســـەرەتایی دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە ئاستی نوسینی سیناریۆ پاشان دۆزینەوەی دەرهێنەرێکی بەتوانا لەپێناو گۆرینی بۆ بەرنامەیەکی تایبەت و سـەرنج راکێش، بێگومان چەندین سـتاف و کارمەندی تایبەت بەکاری بەرهەم هێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، بەشێوەیەکی سەرەکی و لاوەکی بەشداری بەرهەم هێنانی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەکەن. هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەری تەلەفزیۆنی خۆی لەم چەند قۆناغەی خوارەوەدا دەبینێتەوە.[٤]

---

[١] – مها فالح ساق الله، ماهية الاعلام الجديد، رسالة ماجستر غير منشورة، الجامعة الاسلامية- كليه الاداب قسم الاعلام والصحافه، الغزه، ٢٠١٣، ص٢٣.

[٢] – نواف عدوان، بعض المصـــطلحات الاعلامية، ***مجلة البحوث***، العدد ٢٤، اتحاد الاذاعات الدول العربية، ١٩٨٨، ص٣٠.

[٣] - كمال الحاج، البرامج الحوارية الاذاعية و التلفزيونية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، ٢٠٢٠، ص٤.

[٤] - عصام نصر، الإخراج التلفزيوني، ٢٠٠٠. ص١٦.

**١-١ بیرۆكە:**

"گرنگترین هەنگاو لە ئامادەكردنی پڕۆگرام زانینی ئەو بنەمایەیە كە پڕۆگرامەكەی لەسەر بنیاد دەنرێت، دیاریكردنی بیرۆكە یان ئەو كۆمەڵە بیرۆكەیەی كە بە كۆ هەوڵی دروست كردنی پڕۆگرامێكی تەواو دەدەن بە بەشێكی زۆر گرنگ دەژمێردرێت، بەو پێیەی ئامادەكار وەک ئەو كەسەیە بەر لە پاڵكەوتنی ڕاخەرێكی گونجاو ڕابخات تا پاڵدانەوەكەی ئارام بێت، بیرۆكە ئەو تروسكەیە یە كە ڕێگەی ئامادەكار ڕۆشن دەكاتەوە، هەروەها بە بنەمای تێگەیشتن بە شێوەیەكی ورد لە پڕۆگرامەكە دادەنرێت و بە ڕێخۆشكەری جێبەجێكردنی دەژمێردێت.

هەڵبژاردنی بیرۆكەی هەر پڕۆگرامێک یان بە پێی پێویستی كەناڵەكە دەبێت لەم كاتەش بەرپرسی بەشی پڕۆگرامەكان ئەو ئەركە بە یەكێک لە ئامادەكارانی بەشەكەی دەسپێرێ لە چوارچێوەی ئەو بیرۆكەیەی كەپێشتر دانراوە، یان بیرۆكەی پڕۆگرامەكە لە لایەن خودی ئامادەكارەوە پێشنیاز دەكرێت دیارە ئامادەكارانی بەشی پڕۆگرامەكان هەمیشە لە هەوڵی ئەنجامدان و دۆزینەوەی بیرۆكەی پڕۆگرامی نوێ و جۆراو جۆرن.[1] بیرۆكە، بنەمای سەرەكی كاری ڕاگەیاندنە، وا لە ئامادەكار دەكات كۆشش بكات بە ئامانجی گەیاندنی بۆ وەرگری بە ئامانج وەرگیراو، بیرۆكە چەند خەسڵەتێک لە خۆدەگرێت تا پڕۆگرامەكە بەرزترین ڕێژەی بیسەر و بینەر لە خۆی كۆبكاتەوە".[2]

**١-٢ دیاریكردنی كاتی بەرنامە:**

پێویستە كاتی تەرخانكراو بۆ بەرنامەكە دیاری بكەین، ئەم كارە ڕۆڵ دەبینێ لە دیاریكردنی شێوازی چارەسەركردنی بابەتە پێشنیازكراوەكان لە هەمان كاتدا ڕۆڵ دەبینێ لە دیاریكردنی بابەتەكانی بەرنامەكە، هەنگاوی كات دیاریكردن ئەركی ئامادەكار سووک دەكات و بە هۆیەوە ئامادەكار دەتوانێ كاتی هەر گۆشەیەک لە گۆشەكانی بەرنامەكە دیاری بكات.بێگومان دیاریكردنی كاتەكان بەندە بە گرنگی و سروشتی ئەو گۆشەیە بۆ وێستگەكە كە بەرنامەكەی

---

[1] - نهلة عیسی، الاخراج الاذاعي و التلفزیوني، من منشورات الجامعة الافتراضیة السوریة، الجمهوریة العربیة السوریة، ٢٠٢٠، ص٤٢، ٤٣.

[2] - چۆلی ئەسعەد، تەلەفزیۆن هەوال و پرۆگرامی هەواڵی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٥.

لێوه پەخش دەکرێت، لێره دەکرێت ئامادەکار بە گۆشـــــە وتەوەرەکانی بەرنامەکانی بچێتەوە و دوور نییە یەکێکیان بســـڕێتەوە تا بتوانێ بە باشـــی تەوەرەکانی دیکەی بەرنامەکە چارەســـەر بکات، بەو پێیەی دەکرێت لە هەر ئەڵقەیەک لە زنجیرەی بەرنامەکاندا جەخت بکرێتە ســـەر گۆشەیەک یان بابەتێک و ماوەیەکی زۆرتری بۆ تەرخان بکات.[١]

**١-٣ کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم هەنگاوەدا ئامادەکار هەڵدەســـتێ بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بە تایبەتی ئەو بڕگانەی کە پێویستی بە ماندووبوون هەیە لە لایەن ئامادەکارەوە بۆ نموونە دەکرێت بڕگەکە پێویســـتی بە دیکۆمێنتێکی نوســـراو بێ یان تۆمارکراو یان ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە ئامادەکار پێویستی بە زانیاریەکانیان دەبێ بۆ دواندنی ئەو کەسایەتییەی میوانداریی دەکرێت لە بڕگەیەکی بەرنامەکە.

ئەم قۆناغە دوای گەڵاڵە کردنی بیرۆکە وجێگیر کردنی ئامانجەکانی دەســـتپێدەکات و تا قۆناغی جێبەجێکردن درێژە دەکێشێت.[٢]

**١-٤ ڕێکخستن:**

لەم هەنگاوەدا ئامادەکار کاردەکات بۆ ڕێکخستنی کاتەکانی ســەرجەم لایەنە بەشدارەکان لە بەرنامەکە ودیاری کردن و دەســـتنیشـــان کردنی کاتە گونجاوەکان بۆ هەردوو لا مەبەســـت (کەسێتی بانگێشت کراو و ئامادەکار یان پێشکەشکاری بەرنامە). مەبەستمان لە ڕێکخستن کارکردنە بۆ ڕێکخســـتنی تۆمارە پێویســـتەکان، هەروەها ئامادەکرنی ســـتۆدیۆ و ئەرشـــیف و مۆسیقا و هەروەها دیاری کردنی کاتی تۆمار کردن (ئەگەر بەرنامەکە ڕاستەوخۆ نەبوو).[٣]

---

[١] – عاصف حەمیدی، سەرچاوەی پێشوو, ل١٤٩–١٥٠

[٢] – محمد عمر، البرامج الاخبارية في الاذاعة والتلفزيون، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٦٦.

[٣] - سامان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

**١-٥ دارشتن:**

بەر لەوەی بڕگەکانی بەرنامە دابڕێژرێتەوە, پێویستە ئامادەکار ئەم دوو پرسە ئاراستەی خۆی بکات: (دەربارەی چی دەنووسم ؟ بۆ کێ دەنووسم ؟)

ئەگەر توانی وەڵامی بداتەوە, دەتوانێ بە باشی بەرنامەکە دابڕێژێ, خۆ ئەگەر درکی بە سروشتی بەرنامەکەی کرد و جیاکاری لە نێوان بەرنامەی رۆشنبیری و وەرزشی و ئاینی کرد ئەوە دەتوانێ دەستەواژە و گوزارشتی لەبار و گونجاو بەکار بهێنێ بۆ هەریەک لەو بوارانەی کە بەرنامەکەی تێدا ئەنجام دەدەیت. [١]

بۆئەوەی وەک ئامادەکارێک کار بکەیت پێویستە وەڵامی ئەم شەش پرسیارەی خوارەوە بدەیتەوە:

١- کێ قسەی کرد؟

٢- چی ووت؟

٣-چۆن ووتی؟

٤-کەی ووتی؟

٥- بۆ کێی ووت؟

٦-پێوانەی فیدباک دیاری بکرێت.

پێویستە ئامادەکار کەسانێکی بەتواناو شارەزاو هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگاو سەر بەکۆمەڵگا بن تاوەکو شارەزایی هەموو لایەنەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگا بێت، لەکلتور و عادات و تەقالید و بیرکردنەوەی و زمان و رادەی هۆشیاری ناو کۆمەڵگا بەئاگابن. هەروەها شارەزایی تەواوی لەهۆکارەکانی پەیوەندی کردن بێت، لینکی نێوانیان بزانێت، شارەزایی سایکۆلۆژیای بینەرەکەی بێت و باش بیان ناسێت چیان دەوێت، ئامادەکردن دەبێتە هۆکارێک و رێگا خۆشکەر بۆ دەست

---

[١] - عادل فهمی، مهارات الاعلاميين اللغوية والاتصالية (الصوتيات-الالقاء- الكتابة- الاعداد البرامجي)، دار العربی المشرق، دار الايمان للطباعة، القاهرة، ٢٠١٣-٢٠١٤، ص٣٠٥

کردن بەکاری بەرهەم هێنان و وێنەگرتن، ئامادەکردن واتەکەی بەناوی خۆیەوەیەتی واتە ئامادەکردنی هەموو ووردەکارییەکان و نەهێشتنەوەی بۆشایی بۆ دەرهێنەر.[1]

**٢- ئەرکەکانی کاری بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەری تەلەفزیۆنی:**

١- خستنە رووی بیرۆکە لەپێناو باشکردن و رێکخستنیدا.

٢- دارشتن و خستنەرووی پێشنیار لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی کارەکە.

٣- باسکردن و شیکردنەوە بڕی تێچون و ژمارەی ئەو کەسانەی پێویستن بۆ کارەکە.

٤- نەخشەسازی ورد و گشتی بۆ کارەکە.

٥- کۆبونەوەی دەستەی بەرهەم هێنان لەگەڵ دەرهێنەر و هونەرییەکان.

٦- دابەشکردنی ئەرکەکان بەپێی شارەزایی.

٧- چاودێری کردن و لێکۆلینەوە لەپەیوەندی نێوان ستافی کار.[2]

## ٣- ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی هونەری تەلەفزیۆنی :

لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی هەر کارێکاریێکی تەلەفزیۆنیدا چەندین ڕەگەز بەشدارنو ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی هەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، ئەوانیش بەسەر ڕەگەزە مرۆییو هونەرییەکاندا دابەشدەبن وهەریەک لەم ڕەگەزانەش بەسەر چەندین ڕەگەزی تردا دابەشدەبن کە بریتین لە:

**٣-١ ڕەگەزە مرۆییەکان:**

هەموو ئەو کارەکتەرانە لەخۆدەگرێت کە بەشدارن  لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بریتین لە:

**٣-١-١ دەرهێنەر:**

دەرهێنەری تەلەفزیۆنی  کەسی یەکەمی بەرپرسیارە لە دەرهێنانو جێبەجێکردنی بەرنامەکە جا بەشێوەیەکی ڕاستوخۆبێت، یان  تۆمارکراو،[3] واتا هەموو ئەو گرتەو جوڵانەی لەکاتی

---

[2]- د. منى الصبان، فن المونتاج فى الدراما التلفزيونيه وعالم الفيلم الالكترونى، الهيئه المصريه العامه للكتاب، ٢٠٠١م، ص ٢٥٥- ٢٥٦

[2]- جبار عوده العبيدى، الإعلام الإژاعى والتلفزيونى، أسس ومبادئ الإخراج، مركز عبادى للدراسات والنشر، ص١٣.

[1]- علي جبارى، تقنيات الخبر في الفضائيات العربية قناة أبو ظبي نموذجا، عمان ، ٢٠٠٦، ص١٠٣.

بەرهەمهێنانی بەرنامەکە تۆماردەکرێت بە پرسی دەرهێنەر ئەنجامدەدرێت، هەربۆیە بە سەرۆکی کار ناوزەد دەکرێت، هەربۆیە دەوترێت قســـەکانی دەرهێنەر وەک یاســـا وایەو دەبێت جێبەجێبکرێـت، دەرهێنەریش هەوڵـدەدات لەرێگەی وەرگرتنی گرتەو دیمەنەکـانەوە لایەنێکی کاریگەری دروستبکات.[1]

**٣-١-٢ مۆنتێر:**

بەرپرســـە لەئەنجامدانی پرۆســـەی مۆنتاژی دەنگو ڕەنگ لە ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا کە لەکاتی پێشـکەشـکردنی هەواڵەکاندابەخشـدەکرێت، ئەگەر ڕاپۆرتەکە ڕاسـتەوخۆبێت لەدۆخی ڕووداوە بەپەلەکاندا ئەوە ئەنجامـدانی کارەکە مەیدانی دەبێت بەمەش دەوترێت مۆنتـاژی خێرا، کە لە ئوتومبێلێکی پەخشـــی دەرەکیدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها دەکرێت مۆنتاژ لەیەکەکانی مۆنتاژ لە بارەگای کەناڵەکە ئەنجامبدرێت کە پێی دەوترێت مۆنتاژی دواخراو. مەترســـی ئەرکی مۆنتێر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەئەنقەست یان بە پێچەوانەوە تێڕوانینی خۆی لە هەواڵەکاندا دزەبکات لەڕێی بەکـارهێنـانی تەکنیکی دیـاریکراو لە مۆنتـاژدا وەک بڕینی هەنـدێک گرتە، یـان لابردنی هەندێک گرتە کە مانایەکی دیاریکراو لای بینەر دروستدەکات.[2]

**٣-١-٣ وێنەگر:**

ئەو کەســەیە کاری وێنەگرتنی بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکە ئەنجامدەدات، کاتێک وێنەگرەکان بەتەنها کاردەکەن بەرپرسیارێتییان زیاتر دەبێت، پێویستە وێنەگر لەو کاتەدا ڕۆڵی پەیامنێریش بگێڕێت، ڕاسـتییەکان کۆبکاتەوە تا هەواڵەکە بەبینەران بگەیەنێت، پێویسـتە دواتر ئەو ڕاسـتیانە بەفلتەری دەرهێنەر، یان بەرپرســی هەواڵ لەکەناڵەکەدا بڕوات تاوەکو ڕاپۆرتەکە بەئاســانی لەتەلەفزیۆندا پەخشــبکرێـــــت، هەروەها وێنەگر ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبێت،[3] لەهەمانکاتدا کارکردن لەم بوارەدا پێویســـتی بەلێوەشـــایی تەکنیکیو توانای داهێنەرانە هەیە، ســـەرباری پابەندبونی ئەخلاقیو

---

٢- جوناثان بجنيل، جيرمي اورليبار، ت: عبد الحكم احمد الخزامي، المرجع الشامل في التلفزيون، القاهرة، دار فجر النشر والتوزيع، ٢٠٠٧،ص ٤٦

٣- نهى عاطف العبد، صناعة الاخبار التلفزيونية في عصر البث الفضائي، القاهرة، توزيع دار الفكر العربى، ٢٠٠٧، ص ص٦٠-٦١.

١- سليم عبد النبي، الاعلام التلفزيوني، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع ،2010، ص 142.

ڕاســـتگۆییو بابەتیبونو ڕێزگرتن لەپەیماننامەکانی شـــەرەفو هەســـتو ســـۆزی بینەران بەشێوەیەک وێنەگر دەتوانێت سەرلەنوێ ڕووداوەکە دروستبکاتەوە، هەروەها وێنەگر دەتوانێت دیمەنی قورسو چاوەڕواننەکراوی کوشـتن، یان بریندارییی بەشـێوەیەکی چڕوپڕ بگرێت، بەڵام بینەران لە منداڵانو نەخۆشو پەککەوتەکان، ئەوانەی بەرگەی ئەو دیمەنانە ناگرن لەبیر بکات.[١]

**٣-١-٤ پێشکەشکار:**

بەو کەسە دەوترێت کە بەرنامەکە پێشکەشدەکات، یان هەواڵەکە دەخوێنێتەوەو بڵاودەکاتەوە، زۆرێک پێیانوایە کاری پێشکەشکاری ئاسانەو هەموو کەسێک دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ئەوە تێڕوانینێکی هەڵەیە، چونکە قسەکردن لەڕێگەی مایکرۆفۆنو شاشەوە (تەلەفزیۆن) ئاسان نییەو پێویستە ئەو کەسە تواناو لێوەشاوەیی هەبێت، سەرباری هەبونی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی فراوان.[٢]

**٣-١-٥ ئامادەکار:**

ئەو کەســـەیە ســـەرجەم بڕگەو پرســـیارو بابەتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکە ئامادەدەکات، وشـــەی ئامادەکردن ئەو چارەسەرە هونەرییە دەگرێتەوە کە دەقێک بەشێوەیەکی دروست تاکو بگونجێ، لەگەڵ سروشتی تەلەفزیۆنو وەک بەرهەمێکی میدیایی پەخشبکرێت.[٣]

**٣-١-٦ بەڕێوبەری ستۆدیۆ:**

بەپێی سـروشـتی بەرهەمهێنان بەڕێوبەری سـتۆدیۆ بەرپرسـە لە دروسـتکردنی هەماهەنگی لەو شـــوێنەدا کە بەرنامەکانی تیادا تۆماردەکرێتو تیایدا چەندین کەس ئەرکیان لەســـەرە بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.[٤]

---

[٢]- نهی عاطف العید، سەرچاوەی پێشوو، لا 58.

[٣]- جلال الخوالدة، المذيع التلفريوني،عمان، دار المعتز، 2005، ص7.

[٤]- محمد كحط عبيد الربيعي، الدور الثقافي للقنوات الفضائية العربية دراسة تحليلية وميدانية لنماذج مختارة من القنوات الفضائية، رسالة الماجستير في الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك ، 2007، ص٣٨.

[١]- حيدر حسون الفزع و استقلال دليل العازمي، فن الإخراج، بغداد، مؤسسة الاعلام العربي للانتاج الاعلامي والتلفزيوني، ب.ط، ص، ٩.

### ٣-١-٧ سەپەرشتیاری ڕووناکی:

بەرپرســیارە لەدابەشــکردنی هونەری ڕووناکی بەشــێوەی جوانیو ڕوونی تاوەکو کاریگەری کۆتایی وێنە بەدیبهێنرێت، کە ئەمەش لەپاش بینینی پرۆسـەکە دەستپێدەکات لەپاڵ دابەشکردنی گرتەکان بەســـەر کامێراکاندا تاوەکو گۆشـــەی وێنگرتنو کەشـــی دەروونیو کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان لەبیرنەکات، تا ئەو کاتەی بڕی ڕووناکی ئاڕاســـتەو ســـەرچاوەکانی دیاری بکات، بۆئەوەی ئامانجەکان بەدیبهێنێت، هەروەها تاوەکو مەشـــقکردنی وێنەگرەکان کۆتایی دێت لەســـتۆدیۆ دەمێنێتەوەو هەرپێویســـتییەکیش هەبێت بۆ چاککردنو ڕێکخســـتی بڕی ڕووناکی، سەرپەرشتیاری ڕووناکی ئەنجامی دەدات.[١]

### ٣-١-٨ ئەندازیاری دەنگ:

ئەو کەســـەیە بەرپرســـە لە پرۆســـەی ڕیکخســـتی دەنگ لەبەرهەمهێنانی بەرنامەکە، هەروەها دەرهێنەری شـــارەزا گرنگی بە پێویســـتییەکانی ئەندازیاری دەنگ دەدات، ســـەبارەت بە کاری هونەری تەلەفزیۆنی کە خاڵێکی جەوهەرییە، هەرچەندە ئەندازیاری دەنگ لەژێر ســـەرپەرشـــتی دەرهێنەردایەو نزیک لەبەرێوبەری وێنەگرتنەوە کاردەکات، پێویستە مایکرۆفۆنەکانی تۆمارکردن بەنادیاری لەکاتی وێنەگرتندا دابنرێت، هەروەها ئەرکی کارپێکردنی ئامێرەتایبەتەکانە ســـەبارەت بەتۆمارکردنی دەنگو دابەشکردنی مایکرۆفۆنەکانو چاودێریکردنیان، هەروەها لە ئەستۆگرتنی دەنگ بە باشترین کوالێتی لەکاتی بەرهەمهێناندا.[٢]

### ٣-١-٩ ئەندازیاری دیکۆر:

ئەوکەســـــەیە بەرپرســـــە لە دیزاینکردنی دیکۆراتو کاری هونەری تەلەفزیۆنی وەک ئەوەی لەسیناریۆدا دەردەکەوێ ، سەرجەم دیکۆری بەرنامەکان دیزاین دەکات.[٣]

---

[٢]- نشوة سليمان عقل، الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، القاهرة، الدار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص ١٦١.

[٣]- سليم عبد النبى، الاعلام التلفزيوني، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ٢٠١٠، ص٢٦٧.

[١]- حيدر حسون الفزع، فن الاخراج مؤسسة الاعلام العربي اللانتاج الاعلامي والتلفزيونى،ص١١

**٣-١-١٠ دیزاینەری جلوبەرگ:**

بەرپرســـــە لە دیزاینکردنی جۆری ئەو جلوبەرگانەی کە بۆ بەرنامەکە بەکاردێت و هەڵبژاردنی جۆی جلوبەرگی بەکارهێنراو.[١]

## ٣-٢ رەگەزە هونەرییەکان:

جگە لە رەگەزە مرۆییەکان چەندین رەگەزی تر هەن، کە بەشــدارن لە پرۆســەی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا ئەوانیش خۆیان لەم چەند رەگەزەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

**٣-٢-١ دەرهێنان:**

دەرهێنان بەپرۆسەیەکی گرنگی کاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی دادەنرێتو بونیادی هونەری لەسەر دروستدەکرێت، هەروەها دەرهێنان کارێکی هونەری تەواوکارییە لەنێوان ڕەگەزە هونەرییەکانداو دانـانی شـــێوەیەکی گونجـاو بۆ هەموو ڕەگەزە هونەرییەکـان بەپێی روانینێکی دیـاریکراوی دەرهێنان، هەر بۆیە دەرهێنان خۆی لەخۆیدا بونیادێکی هونەری قورســــە هەر لە هەڵبژاردنی تەواوی کارمەندانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیو دیاریکردنی شوێن، هەروەها تەواوی تیمی کاری تەلەفزیۆنی لەپرۆسـەی دەرهێناندا دیاریدەکرێتو ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سـەرشـانی دەرهێنەرو بەپێی ڕێنمـاییەکـانی دەرهێنەر کـاردەکەن،  هەربۆیە دەوترێت رێنمـاییەکـانی دەرهێنەر لەکـاتی بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنیدا وەک یاسا وایە دەبێت جێبەجێبکرێت.[٢]

**٣-٢-٢ ستۆدیۆ:**

یەکێکە لە گرنترین کەرەســــتەکـانی بەرهەمهێنـانی تەلەفزیۆنیو ئەو شـــوێنەیە بەرنـامە تەلەفزیۆنییەکانی لێ تۆماردەکرێتو ئەویش بەسەر دووجۆردا دابەشدەبێت (ستۆدیۆی ناوەوەو ســــتۆدیۆی دەرەکی)، کە ئەمــانەش هــاریکــارن لەبەرهەمهێنــانی بەرنـامە تەلەفزیۆنییە

---

[٢]- حیدر حسون الفزع،  هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 10.

[٣]-كاروان محمد حسن، علاقة الجمهور المتلقي بالدراما التلفزيونية الكردية، رسالة ماجستير غير منشور، جامعة الجنان، كلية الاعلام، 2012، ص 87

جۆراوجۆرەکان، واتە دروستکردنی جۆری ستۆدیۆکان بڕبڕەی پشتی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنییەو ڕۆڵێکی گرنگی لەسەرخستنی بەرنامە بەرهەمهێنراوەکاندا هەیە.[١]

**٣-٢-٣ کامێرا:**

بەشێوەیەکی گشتی کامێرای تەلەفزیۆنی لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش بریتین لە (یەکەی کامێرا، یەکەی ڤیدیۆ، یەکەی بینین)، کامێرا ڕەگەزی یەکەمو بنچینەییە بۆ دروستکردنی وێنەی تەلەفزیۆنی، وێڕای جۆری کامێراکەو ئەو تەکنیکەی لەسەری کاردەکات، بۆیە پێویستە ئەو کامێرایە تایبەت بێت بە پەخشی تەلەفزیۆنی، یان کامێرای پرۆفیشناڵ بێت، کامێرای تەلەفزیۆنی یان لەناو ستۆدیۆ یان لە دەرەوەی ستۆدیۆ وێنەی زیندوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان تۆمارکراو دەگوازێتەوە، ئەویش لەڕێگەی یەکەی تۆمارکردنەوە بە بەکارهێنانی گواستنەوەی دەرەکی ڕووداوە گرنگەکان.[٢]

**٣-٢-٤ دەنگ:**

بریتیە لەکۆمەڵێک لەرەلەری دەنگی کە لەرێگەی سەرچاوەیەکی دەنگی و بەهۆی ئامێریی تۆمار کردنی دەنگییەوە دێتەبەرهەم و هۆکارەکانی دەوروبەر کاری تێدەکەن و دەبنەهۆی گۆڕین و شێواندنی ئەگەربێتو کۆنترۆڵ نەکرێن، پێویستی بەگوێیەکی باشە بۆ لێک جودا کردنەوەو دەرخستنی هەڵەکانو ژاوەژاو لەدەنگەکەدا، هەروەها یەکێکە لەڕەگەزە گرنگەکانی دروستکردنی کاریگەریو بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، کاتێک باس لەشریتی دەنگ دەکرێت چوار ڕەگەزی سەرەکی لە خۆدەگرێت ئەوانیش (کۆمێنت، مۆسیقا، کاریگەرییەدەنگییەکان، بێدەنگی)،[٣] جگەلەوەش دەنگ هەستێکی سروشتی بنچینەییەو دیاریناکرێت، زانایانی فیزیا دەنگییان بە دیاردەیەکی فیزیایی پێناسەکردووە، کە دەرئەنجامی بونی شەپۆلی(compression)ە، بەهۆی گەیەنەرێکی کاویەوە لەخاڵێکەوە بۆخاڵێکی تر، هەروەها زانایان دەنگ بەشێوەیەک لەشێوەکانی

---

[١]- ئەرکان ڕەئوف عزیز، استخدام تکنلوجیا الاتصال الحدیپە فی انتاج النشرات الاخباریە التلفزیونیە، رسالە ماجستیر غیر منشور، جامعە السلیمانیە،کلیە علوم الانسانیە، ٢٠١٥، ص٥٢

[٢]- ئەرکان ڕەئوف عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢.

[٣]- منى الحديدي، سلوى امام، **السينما التسجيلية**، القاهرة، دارالفكر العربي، ٢٠١٠، ص١٥٢

وزەی جوڵەیی دەبینن، لەرینەوەکان سەرچاوەی گشت دەنگەکانن چونکە لەرینەوەی جەستە بەهۆی لەرەی هەوای دەوروبەرییەوە دەبێت، ئەو لەرینەوانە لەهەوادا بەشێوەی شەپۆلی دەنگی بڵاودەبێتەوە بەبێ ئەوەی هەوا لەگەڵ خۆی بەرێت.[١]

**٣-٢-٥ ڕووناکی:**

یەکێکی ترە لەگرنترین ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی کە کوالێتی وێنەی تەلەفزیۆنی پشتی پێدەبەستێت، هەربۆیە دەبێت ڕووناکی پێویست دەستەبەربکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەشانەی پێویستە وێنە بگیرێن (object)،[٢] لەڕووی ڕەنگەوە دەبێت توندی ڕووناکیو جۆرەکەی لەگەڵ گرتەو دیمەنەکانی هەماهەنگ بێت ، چونکە خراپی ڕووناکی دیمەنەکان ناشرین دەکات چەندین جۆر سەرچاوەی ڕووناکیمان هەیە بریتین لە.[٣]

١- ڕووناکی بنچینەیی (Key Light)

٢- ڕووناکی تەواو (filler light) بۆنەهێشتنی سێبەرو کەمکردنەوەی ناجۆری لە بابەتەکە

٣- ڕووناکی باکگراوند(Background Light)،ئەم جۆرە پێی دەوترێت ڕووناکی دیکۆر.

٤- ڕووناکی پشتەوە (Back light)

**٣-٢-٦ دیکۆر:**

بریتییە لەشوێنو بەکارهێنانی کۆمەڵێک کەرەستە تا بابەتێک زیندووبێتو بەدینامیکی بکرێت، وەک دیکۆری بەکارهێنراو لەتەلەفزیۆنو شانۆدا، هەروەها دیکۆری تەلەفزیۆنی بریتییە لەدیمەنی بابەتەکە یان لەدەرەوەی ستۆدیۆ یان لەناو ستۆدیۆدایە بەتەواوی پێداویستییەکانییەوە وەک کەلوپەلو باگراوندو شێوە دروستکراوەکان، سەرباری ئەوەی دەبێت دیکۆر گوزارشت بێت لە بیرۆکەی بەرنامەکە تاوەکو پرۆسەی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجامبدرێت.[٤]

---

[٢]- رانيا ممدوح صادق، الاعلان التلفزيوني، عمان ، دار اسامه ، ٢٠١٢، ص ٢٩٤

[٣]- ئەركان ڕەئوف عزيز، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٥ .

[٤]- كين دالي، ت: عصام الدي ن المصري، الاساليب الفني في الانتاج السينمائي، بيروت، الدار العربية للموسوعات، ١٩٨٧، ص ١٨٧

[١]- كرم شلبي، الانتاج التلفزيوني وفنون الاخراج، بيروت ، دارمكتبة الهلال، ٢٠٠٨، ص١٧٧

کەواتە دیکۆر ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی گەیاندنی تێگەیشــتنو ســادەکردنی بۆ بینەران، هەروەها کاریگەرە لە دروســتکردنی کەشــێکی ســروشــتیو ســایکۆلۆژی بۆ زۆربەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەتایبەت تراژیدییەکان، دیکۆر بەپێی پێویستییەکانی بابەتەکە دیزاین دەکرێت.

## ٤- بڕگەکانی بەرنامەی هونەریی :

بەرنامە هونەرییەکان لە تەلەفزیۆندا هەنگاوی زۆر خێرایان بڕیوە بەهۆی گەشـــەکردنی تەکنەلۆژیاوە زیاتر گەشـــەی کرد و توانی زۆربەی شـــێواز و قاڵبە جیاجیاکانی بەرنامە بەکاربهێنێت بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئامانجەکانی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هونەری و کاتبەسەربردن و چێژوەرگرتن لە رووی ئامادەکردن و بەرهەمهێنان و دەرهێنانەوە، لەو جۆر شێوازانەی کەلە بەرنامە هونەرییەکاندا بەکاردێن.[1]

### ٤-١ هەواڵی هونەری:

بریتیە لە زانیاری هونەریی نوێ و جێی بایەخ لەلایەن بینەران لەســەر(فلم، میوزیک، گۆرانی، شانۆ، شێوەکار، سینەما، ئەدەب...هتد.[2]

### ٤-٢ راپۆرتی تەلەفزیۆنی:

یەکێکە لە ژانرە ســەرەکییەکانی تەلەفزیۆن بۆبەخیشینی زانیاری زیاتر لەســەر هەر بابەتێک یان هەواڵێک، وەک فۆرمێک لە ســێ بەشــی ســەرەکی پێک دێت کە ســەرەتا و ناوەڕاســت و کۆتاییە، کە زۆرجار لە بەرنامە هونەرییەکاندا بۆ زیاتر ناساندنی کەسی میوان دەخرێتەڕوو.

### ٤-٣ بەدواداچونی تەلەفزیۆنی:

دووبارە گواســتنەوە ی رووداو و گفتوگۆ و وێنەیە بە چەند گۆشــەیەکی جیاواز بۆ بینەر کە پشت بە هەواڵ و را و بۆچوونی کەسانی پسپۆڕ لە بوارێکی هونەری دیاریکراودا دەبەستێت،

---

[1]- ابتسام اسماعيل قادر، قضايا الديمقراطية في البرامج الحوارية، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة الى كلية العلوم الانسانية، قسم الاعلام، جامعة السليمانية، ٢٠٠٨، ص٤٥.

[2] - رياض معسعس، تقنيات الصحافة المسموعة والمرئية، دارنينوى دمشق، ٢٠٠٩، ص٧٤.

لەم ڕێگەیەشـــەوە دەتوانرێت هاوکاربێت بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە و گرفتەکانی بوارەکانی هونەری وەک (میوزیک، شانۆ، شێوەکار، کلتوری، سینەما...).

### ٤-٤ گفتوگۆ:

ســـروشـــتی دیدار و گفتگۆی تەلەفزیۆنی لە بەرنامەیەکەوە بۆ بەرنامەیەکی تر جیاوازە و چەندین پۆلێنی جیاوازیشی هەیە لێرەدا تەنها یەک پۆلێن دەخەینە ڕوو:

### ٤-٤-١ گفتوگۆی را:

مەبەسـت لێی خسـتنەڕووی بیر و رای چەند کەسـێکە سـەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو کە بەیەخێکی گرنگی هەبێت بۆ رای گشتی.

### ٤-٤-٢ گفتوگۆی زانیاری:

بەخشـــینی زانیـارییە بە وەرگر لە بـابەتێکی هونەری دیـاریکراودا کە خزمەت بە چینێکی دیاریکراو بکات.

### ٤-٤-٣ گفتوگۆی کەسیی:

ســـازدانی دیدارە لەگەڵ کەســـێکی دیاری بواری هونەری، واتا هونەرمەند بێت یا دەرهێنەر یان....هتد، کە جێگەی بایەخ و سەرنجی بینەر بێت.

### ٤-٥ چاوپێکەوتن:

یەکێکە لە قاڵبە هەرە بڵاوەکانی تەلەفزیۆن، کە ئەکرێت لە ناو چەندین ژانردا بەکاربێت، لە زۆربەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا وەک قاڵبێکی ســـەرەکی پێشـــکەش دەکرێت، کەســـایەتییەکی دیار و ناسراو هەڵدەبژێردرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک کە ئەو کەسایەتییە شارەزاییەکی باشـــی لەســـەر بابەتەکە هەبێت کە بتوانێت زانیاری تەواو بە بینەر ببەخشـــێت لە بەرنامە هونەرییەکاندا، ئەم قاڵبە زۆر بە باشـــی رەنگی داوەتەوە، کە میوانداری هونەرمەندێکی دیار و ناسراو دەکرێت لە بوارە جیاجیاکانی هونەر کە ئامانجی بەرنامەکە بپێکێت.[١]

---

[١]- بروانە:

- عماد حسن مكاوي، انتاج البرامج للراديو، مكتبة الانجليو، المصرية القاهرة، ١٩٨٩، ص٢٤٧.

**٤-٦ کلیپ** Video Clip:

بریتیە لە کۆمەڵێک گرتە و دیمەنی وێنەیی کە بەسیستمی ڤیدیۆ لە ڕێگەی کامێراوە گیراوە، لە کورتە فلمێکدا کۆکراوەتەوە ماوەکەی لە ٣٠ چرکە تا ١٠ خولەکە، لەو ماویەدا بیرۆکەیەکی تەواو لە خۆدەگرێت لە شێوەی گۆرانی یان چیرۆکەهەواڵ یان فلمێکی تۆمارکراو.[١]

**٤-٧ ریکلامی تەلەفزیۆنی:**

کورتترین شێوەیە لەڕووی ماوەوە، ئامانجی بازاڕسازی یان بانگەشەکردنە بۆ شمەک یان بیرۆکە، پشت بەکاری سەرسوڕمان و پڕوپاگەندە دەبەستێت، بە ئامانی قازانج کردن، کە بەریکلامی بازرگانی ناوزەند دەکرێت.[٢]

ریکلام بریتییە لە شێوازێک لە شێوازەکانی کۆمەنیکەیشن لە نێوان دوو لایەنی نێرەر و وەرگردا، کە نێرەر دەیەوێت پەیامەکەی کە (سیاسی، بازرگانی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، تەندوستی،..هتد) بگەیەنێت بە بەرامبەرو قەناعەتی وەرگرتنی پەیامەکەی لادروست بکات، بێگومان لە ریکلامی بازرگانیدا مەبەست ساغکردنەوەی کاڵایە و کڕیار بەکاربەر بۆ کاڵاکان پەیدا دەکات. [٣]

**٤-٧-١ تایبەتمەندی ڕیکلام:**

1- چالاکیەکی ناتاکە کەسیە.

2- لەلایەن دەستەو گروپ یان کۆمپانیایەکی دیاریکراوەوە ئەنجامدەدرێت.

3- چالاکیەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامدەدرێت.

---

- سعد مطشر، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢.
- عبدالدائم عمر حسن، الكتابه و الانتاج الاذاعی بالرادیو، دار الفرقان للطباعة، عمان، ١٩٩٨، ص١٢٠.
- یوسف حسن محمود، اشكال البرامج الوثائقیة و مضامینها في قناة ابوظبي الفضائیة، رسالة ماجستر غیر منشورة مقدمة الی كلیة الاعلام، جامعة بغداد. ٢٠٠٦، ص٤٩.

[١]- ماڵپەڕی www.marefa.org رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/٧/١٥ کات : ٤:١٠ ئێوارە.

[٢]- علی عبدولرەحمان، هونەری کارامەیی کارکردن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا، و: کاروان محەمەد، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤، لا ٣٥.

[٣] - سامان جەلال،ریکلام لە راگەیاندنی کوردیدا،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،٢٠١٩،ل١٣.

4- بۆبڵاوکردنەوەی ڕیکلام پەنـادەبرێتە بەر ئـامرازەکـانی پەیوەنـدیکردن و ڕاگەیـانـدن و بڵاوکردنەوە.

5- بەمەبەســـتی برەودان و نـاســـاندنی کـاڵابـازرگـانیەکـان وخزمەتگوزاری و بیرۆکە و کەسێتیەکان.

6- لەڕێگەکارکردنە ســەر دەروونی جەماوەر و ســەرنجڕاکێشـانیان بۆ ناوەڕۆکی ڕیکلامەکە ئەنجامدەدرێت.

7- چالاکییەکە لەبەرانبەر برێک پارەدا بڵاودەکرێتەوە.

8- ڕیکلام هەمیشە لایەنە باشەکان و جوانەکانی کاڵا دەخاتە ڕوو،

9- ڕیکلام هەندێک جار خوودی پەیامەکەیە و لە هەمان کاتدا ئامرازیشە وەک پۆستەر(لافیتە).

10- چالاکیەکی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە.

11- هەمیشە پانادەباتەبەر شێوازە زیادەڕۆی (مبالغە) دووبارەکردنەوەو کورتبڕی.

12- ڕکلام زۆرجار بەمەبەســـتی برەودان بەکاڵا بازرگانییەکان و خزمەتگوزارییەکان، پەنا دەباتە بەر کەســانی ناودار، کۆمەڵایەتی و ســیاســی، وەک وەرزشــکار، هونەرمەند، گۆرانیبێژ، پسپۆڕ، پزیشک، ئەستێرە، سینەماییەکان و کەسایەتیە سیاسیەکان.

13-زۆرجــار ریکلام بەپێی ســـروشـــتی پەیـامەکەی و جۆری ئەو کەنـاڵەی لێوەی بڵاودەکرێتەوە،ناودەبرێت وەک ڕیکلامی ڕۆژنامەنوسی ، ئێزگەی، تەلەڤزیۆنی و ئەلکترۆنی، یان ڕیکلامی دەق یـان نوســـین یـان ڕیکلامی وێنەی یـان ڕیکلامی ڤیـدیۆی و تـابلۆی ڕونـاکی و تادوایی.[1]

---

[1]- بەهادین ئەحمەد محەمەد،ڕیکلام و پەیوەندی گشتی و بازاڕکردن، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،2017، ل١١-١٢

**٤-٨ ناوبڕی ناو بەرنامە:**

لەنێو بەرنامە هونەرییەکاندا کۆمەڵێک ناوبڕ بەکاردێت لەکاتی پەخش بێت راســـتەوخۆ، یان لە کاتی مۆنتاژی بەرنامەکەدا بێت، ئەمانیش لەچەند جۆرێکدا کۆ دەبنەوە بریتین لە:

- Fill in: بریتییە لە ناوبڕی هونەریی یان گەشتیاری کە لەنێوان بەرنامەکاندا پەخشدەکرێت.
- Sting: بریتییە لە تابلۆی ئاگاداری لەسەر بەرنامە، یان بۆ رێنمایی کردن.
- Promo: بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ کەناڵ یان بەرنامە یاخود ئەڵقە.
- Traile: بریتییە لە تیشک خستنە سەر بابەتێکی درامی (فیلم، زنجیرە).
- Logo: برییتییە لە ناوبڕی کەناڵ، یان بەرنامەکە، کە لەدروشێکی هەڵبژێردراو پێکدێت.[١]

## ٥- پرۆسەی دەرهێنان لەبەرنامە هونەرییەکاندا:

دەرهێنان کارێکی داهێنەرانەی هونەری تەواوکارییە لەنێوان رەگەزە هونەریەکاندا. روانینی دەرهێنان یەکانگیری نێوان زمانە جوانکارییەکانی تەلەفزیۆنیە، بەشـــێوەیەک بتوانرێت جوانترین کاری هونەری بخوڵقێنرێت.بەدەســـتەواژەیەکی تر دەتوانین بڵێین دەرهێنەر ســـەرۆکی هونەریی پرۆســـیســـی بەرهەم هێنانی کاری بەرنامەی تەلەفزیۆنییە.[٢] لەپرۆســـیســـی دەرهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا، یەکە هونەرییەکان دەبێت بەشـــێوەیەک بەرجەســـتە بکرێت جێی ســـەرنجی بینەران بێت و پرۆســـــەیەکی گرنـگ لەگەڵ بینەردا بخوڵقێنیو کـاریـان تێبکـات. کـاری دەرهێنەری تەلەفزیۆنی دانانی شێوەیەکی هونەری گونجاوە بۆ هەموو رەگەزە هونەریەکان بەپێی روانینێکی دیـاریکراوی دەرهێنـان، دەرهێنەر دیـاری دەکـاتو کـارمەنـدە هونەریەکـان بەرجەســـتەی دەکەن.هەروەها سەرنجی سەرەکی کاری دەرهێنەر لەکاتی قۆناغی وێنەگرتندایە کەچۆن بتوانێ تیمی کـارکردن ئـاراســـتە بکـات و کـارێکی هونەری داهێنەرانە لە نێوان یەکە هونەریەکـانـدا بخوڵقێنێت.[٣]

---

[١] - علی عبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧، ٣٨.
[٢] - سلیم عبدالنبی، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١٧.
[٣] - نجم شهیب، کتابه السیناریو، دار المعتز للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٤، ص٢٣.

دوای تەواوبوونی وێنەگرتن و کارکردنی لەگەڵ گرتەکاندا، واتە ماددە خامەکان، بە سەرپەرشتی دەرهێنەر، وا لە گرتەکان دەکات بە شێوەیەکی رێک و بەرنامە بۆ دارێژراو بێت، دوای ئەوەی کە دەست دەکرێت بە زیاد کردنی مۆسیقاو دەنگ و کاریگەرییە دەنگییەکان و رێکخستنی گرتەکان و دانانیان لەسەرتێکستێکی دیاریکراو، ئەم هەنگاوە بە گرنگترین هەنگاو ی بەرهەم هێنانی تەلەفزیۆنی دا دەنرێت، بۆیە جوانی و پرۆفیشنالّی بەرهەمەکە دەگەڕێتەوە سەر شارەزایی دەرهێنەر.[1]

دەرهێنەر بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسی یەکەم و کۆتاییە لە لایەنە هونەرییەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ ستافی بەرنامەکەدا هەیە، دەرهێنەر بەتەنها ناتوانێت ببێت دەرهێنەرێکی باش ئەگەر هاوکاری تیمەکەی لەگەڵدا نەبێت. کاری گۆڕین دەقێکی نوسراوی سەر کاغەزە بۆ وێنەو دەنگ و ڕەنگ.[2]

دەرهێنەر ئەو کەسەیە کاری دەرهێنان دەکات و خاوەنی تواناو بەهرەو شارەزاییەکە بیرۆکەکان دەگۆڕێت بۆ دیمەنی بینراو، مەبەستییەتی بە داهێنانێکی نوێ و سودبەخش بگەیەنێتە بینەر.[3]

[1] - حیدر حسون الفزع، سەرچاوەی پێشوو، ص٩.

[2] -عبد الخالق محمد على، فن الاخراج التلفزيونى و الاذاعي، دار المحجة البيضاء، ٢٠١٠، لا ٢٣.

[3] - كين دانسايجر، فكرة المخرج طريقة الى البراقة فن الاخراج، ت: محمد علام، نشر مؤسسة العامة للسينما، دمشق، ٢٠١٣، ص٧٤.

## باسی سێیەم: فۆرمی بەرنامە هونەرییە تەلەفزیۆنییەکان:

بەوورد بوونەوە لەو فۆڕمـانەی لەنێو بەرنـامە هونەرییە تەلەفزیۆنیەکـانـدا بەدی دەکرێن، تویژەر ئەم پۆلێنکارییە دەخاتە روو کە فۆڕمەکانی بەرنامە هونەرییەکان دیاری دەکات:

### ١- ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان:

بەرنـامە هونەرییەکـان چەنـد فۆڕمێـک لە خۆ دەگرن، کە بە هۆی بوونی ئەو فۆڕمـانەوە بەرنامە هونەرییەکان دەناســـرێنەوەو تایبەتمەندییەکەی دیاری دەکات، ئەم بابەتە هونەرییانە هەریەکەیان بە جیا جۆرە هونەرێکە و مێژوو و بینەر و کەســــایەتی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێکدێن لە:

### ١-١ میوزیک:

بریتییە لە هونەری رێکخستنی دەنگەکان بە پێی کات و ماوەی نێوان دەنگەکان، بەپێی ئاواز و ریتم دابەش دەکرێت بەســـەر جۆری پەیژەکـان و تۆن و ئـامێرەکاندا، میوزیک یەکێکە لە کاریگەرترین بوارەکان، دەتوانێت زۆرترین کاریگەری رۆشـنبیری لەسـەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست بکات.[١]

### ١-٢ شانۆ:

شــانۆ جۆرێکە لە جۆرەکانی چالاکی هیزری مرۆیی، کە تایبەتە بە دەربڕین لە هەســتەکانی مرۆڤ و پاڵنەرەکان و پەیوەندییەکان و مێژووی و بەها و ئیرادەی تاکەکان بەشـــێوەیەکی تایبەتی.شـــانۆ دادەنرێت بە هۆکارێک بۆ رۆشـــنبیری و پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتی، هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە گەشـــەســـەندن وبەرەوپێش چوونی کۆمەڵ، بەهۆی ئەو توانایەی لە دەربڕینی زمـانی هونەریی لە ئیقـاع و جوڵە و رەنـگ و جـل و بەرگ، و مـاتریـالەکـانی توانـاکـانی

---

١ – ثیودور م. ڤینی، تاریخ الموسیقی العالمیه، ت: سمحه الخولی و محمد جمال عبدالرحیم، الهیئه العامه لقصور الثقافه، ٢٠١٥، ص٢٣

هونەرمەندەکەیە لە زمان و کەرەستە هونەرییەکان، هونەری شانۆ کرداری بەرجەستەکردنی دەقی شانۆییە لەڕێگەی سەرچاوەی بیستن و بینین و جوڵەی سەر شانۆ.[١]

## ١-٣ هونەری شێوەکاری:

زاراوەی هونەری شێوەکاری یان هونەری بینراوئاماژەیە بۆ ئەو دروستکردنە جۆراو جۆرانەی کە دەتوانرێت لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە هەستیان پێبکرێت، وەک تابلۆ و پەیکەر و سیرامیک و گرافیک و دیزاین و زەخرەفە و ئەوانیتر، ئەم کردوە هونەریانە زادەی دەستی هونەرمەندانی بەرهەمهێن و لەڕێی ئەزمونێکی بینراوەوە بەرهەم ئەهینرێن و هەستێکی دیاریکراو لەبینەردا ئەوروژێنن، بە ئەرێنی یاخود نەرێنی (پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤ).[٢]

## ١-٤ سینەما:

فۆرمێکی هونەرییە مەبەست لێی نمایشکردنی هونەریی وێنەگرتنی وێنەی جوڵاوە بۆ بینەر لە نێو هۆڵ و باڵەخانەکاندا لە رێگەی شاشەی گەورە و تایبەتەوە یان شاشەی بچوکەوە کە مەبەست لێی تەلەفزیۆنە، هونەری سینەما زۆر جار بە هونەری حەوتەم ناو دەبرێت چونکە لە دوای هەر شەش جۆرەکەی هونەرەوە دروستبووە کە بریتین لە هونەرەکانی (بیناسازی، میوزیک، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، شیعر، سەما)، سینەماش چەند جۆرێکی هەیە لە رووی بابەت و ستایڵ و شێوەوە وەک (دۆکۆمێنتاری، دراما، ئەکشن، ....هتد).[٣]

## ١-٥ سەما:

هونەرێکی درامی سەما ئامێزە کە چیرۆک و رووداوەکان لە رێگای سەما ئاماژەکانی جەستەوە نمایش دەکات و خۆشی و ناخۆشییەکان، باشی و خراپییەکان دەگەیەنێتە بینەر،

---

[١]- بدري حسون فريد، سامي عبدالحميد، مبادىء الاخراج المسرحي.وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.جامعة بغداد، ١٩٨٠، ص٥-٦.

[٢]- تعريف_الفن_التشكيلي، وەرگیراوە لە سایتی (mawdoo3.com/)، ٣/٧/ ٢٠٢٢- ١٠:٣٥ شەو

[٣]- جان كوكتو، فن السينما، وزارة الثقافة – الموسسة العامه للسينما، دمشق ٢٠١٢، ص ٧-٨.

سەما نزیکییەکی هەیە لە شانۆوە و لەگاڵیدا میوزیک و جوڵەی جەستەی تیادا بەدی دەکرێت و چیرۆکەکانی دەگێڕنەوە.[١]

## ١-٦ رۆشنبیری گشتی:

بەرنامەی ڕۆشـــنبیری چارەســـەری کێشـــە ڕۆشـــنبیریەکان دەکات و زانیاری و هەواڵی ڕۆشنبیران و بەرهەمەکانیان و دوا بڵاوکراوەکانیان باس دەکات, پێویستە لە داڕشتنی بەرنامەی ڕۆشـــنبیری دا ئەو جەماوەرە بدوێنی کە بەرنامەکەی ئاراســـتە کراوە, ئەو ناوەڕۆکەی کە لە دووتوێی ئەو جۆرە بەرنامەیەدا هەیە زۆر جار بینەرانی لە توێژە ڕۆشـــنبیرەکانن بۆیە دەبێ ئامادەکار ڕێز لەوە بگرێت و ئاســـتی وشـــیاریان بە هەند وەربگرێت .لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەســـتەواژەی گونجاو . دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە بەرنامەیە بابەتی جدی لە خۆ دەگرێت و ناچێتە چوارچێوەی ئەو جۆرە بەرنامانەی بۆ کات بەسەربردن ئەنجام دەدرێن.[٢]

## ٢- پێشکەشکار و میوان لە بەرنامەی هونەریدا:

دوو رەگەزی ســـەرەکی بەرنامە پێک دەهێنن و بەردەوام پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و لە ڕێگەی پێشکەشکارەوە پرسیار دەکرێت و لە لایەن میوانەوە وەڵام دەدرێتەوە:

### ٢-١ پێشکەشکار:

پێشـکەشـکار کەسـی سـەرەکی کەناڵی تەلەفزیۆنە و بگرە بەسـەرەکیترین کەسـایەتی سـەر شـاشـە هەژمار دەکرێت، جگە لەوەش پێشـکەشـکار زانیارییەکان پەخش دەکات و لەوبوارەدا دەبێتە سەرچاوەی بەخشینی زانیارییەکان، پێویستە بەوپەڕی ئامانەتەوە بۆ بینەران و بیسەران بیانگوازێتەوە، پێشـکەشـکار جومگەیەکی زۆر گرنگی کەناڵەکەیە تەنانەت زۆرجار باش و خراپی کەناڵی تەلەفزیۆن بە رواڵەت و روخساری پێشکەشکار لێکدەدرێتەوە.[٣]. زۆرجار دەوترێت کاری پێشـەکەشـکاری ئاسـانەو هەموو کەسـێک دەتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵام ئەم تێروانینە هەڵەیە،

---

[١]- بییرمشوم، تاريخ الباليه، وكالة الصحافه العربيه- لبنان، ٢٠١٨، ص١١.

[٢]-رفعت عارف الضبع، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٨.

[٣] – فلاح كاظم المحنة، البرامج الاذاعية والتلفزيونية، وزاره التعليم عالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، بيت الحكمة، ص١٦٩.

لەبەر ئەوەی قسە کردن لەبەر دەم کامێراو لە بەردەم میوان کارێکی قورسەو ئاسان نیە، بەڵکو پێشکەشکاری هونەرە، پیشەیە، زانستە، بەهرەیە، و پێویستی بە رۆشنبیری و زانیاری گشتی باش هەیە.[١]

(پێشکەشکار) ئەو کەسەیە، کە بەرنامەکان پێشکەشدەکات، بەم شێوەیە ئیدی هەرکەسێک ئەم کارە ئەنجام بدات بۆی هەیە ببێتە هەڵگری ناوی پێشکەشکار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەکە لەم چەرخەدا مشتومڕی لەسەرە، چونکە پێشکەشکار ئێستا بووەتە ناونیشانێک بۆ ئەو کەسانەی، کە هەواڵەکان دەخوێننەوە یان بەرنامە و بابەتی ئەوتۆ پێشکەشدەکەن، کە هەڵگری مۆرکێکی جەماوەرین و خەسڵەتی وابەستەیی و پەیوەندکردنی جەماوەریان لە خۆگرتووە[٢].

چەند مەرجێک هەن کە پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی پێ دەناسرێتەوە:-[٣]

- بڕوای بەخۆی هەبێت، خاوەنی بەهرە و توانا و لێهاتوویی سروشتی بێت.
- زمانێکی رەوان و پاراوی هەبێت، مافی تەواو بە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکان بدات.
- کەسێکی رۆشنبیر و خوێنەرێکی بەردەوام بێت.
- لەرووی دەروونیەوە هەست بە حەز و ئارەزووەکانی بینەر بکات.
- پێویستە ڕەفتاری گونجاوبێت، دەربڕینی کەسایەتی خۆی بێت و لاساییکردنەوە نەبێت.
- راهێنان لەسەر تێکستەکان بکات
- شارەزابێت لەو زمانەی بەکاری دەهێنێت هیچ نەبێت زمانێکی دیکە بزانێت بە تایبەت بۆ ئەو بێژەرانەی لە کەناڵە ئاسمانیەکان کاردەکەن.

---

١ - كرم شلبي، المذيع وفن تقديم البرامج في الراديو والتلفزيون، دار الشروق، جدة، ١٩٨٦، ص٣٥.

٢. جلال خوالده، المذيع التلفزيونى التدريب والتاهيل، دار المعتز، عمان، ٢٠٠٩، ل١٩.

٣ - بروانە:

- ئەسعەد جەباری، کوا بێژەری سەرکەوتوو؟، *گۆڤاری هەفتەنامە*، ژماری ٦٧، سلێمانی، ل ٤٨- ٤٩.
- هەژار حەکیم عەزیز، نهێنیەکانی بێژەری سەرکەوتوو، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، لا ٤٣، ٤٤.
- كامل الطراونة، مهارات المذيع المتميز في عمليات الاتصال، دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن- عمان، ٢٠١٤، ص١٤.

-سليم عبد النبی، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٩.

- نهلة عيسى، التقديم القاء الاذاعي و التلفزيوني، الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٩١.

- دەنگێکی خۆش و بەهێز و هەناسەیەکی درێژی هەبێت.

- هەموو بەرنامە و بابەتێک وەرنەگرێ، تەنیا ئەوانە نەبێت، کە لەگەڵ ریتم و تۆنی دەنگ و خواست و تواناکانی دەگونجێت.

- بێژەر نابێ تەنیا خوێنەربێ، بەڵکو دەبێ لە ئامادەکردن و داڕشـــتنی بابەتەکانیش بەشـــداری بکات.

- زۆر ئاسـایی خۆت دەربخە، کاتێ کە بەرامبەر کامێرا وەسـتاویت و جوڵە بەدەسـت و دەم و چاوت بکە.

- پێویستە زیادەڕۆیی نەکەیت لەوەسفکردنی شتەکاندا.

- بەمەشق و ڕاهێنان بەردەوام گەشە بەڕیتم و تۆنەکانی دەنگ بدات.

## ٢-٢ میوان:

میوان بۆ باســـکردن یان وەڵامدانەوەی پرســـیارکان بانگ دەکرێت، بە یەکێک لە رەگەزە ســـەرەکییەکانی پڕگرامی هونەری دادەنرێت، هەڵبژاردن و دیاریکردنی میوان لەســـەر بنەمای شـارەزایی و پسـپۆڕی و زانیاری و توانای قسـەکردنی لەسـەر بابەتەکە دەسـتنیشـان دەکرێت، هەڵبژاردنی میوان بۆ بەرنامەیەکی گفتوگۆ، پرســـێکی یەکجار گرنگە، چونکە ســـەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر پرۆگرامێکی گفتوگۆ بەندە بە هەڵبژاردنی میوانەوە.[١]

### ٢-٢-١ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دەست نیشانکردنی میوانی بەرنامە هونەرییەکان:

کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەن کە وا دەکەن ببنە هۆکارێک بۆ ئەوەی میوانێک دیاری بکەیت بۆ بەرنامەکە، کە بریتین لە:

- دەسـتکەوتنی زانیاری پێویسـت: مەبەسـتمان لەوەیە دڵنیابین لەو زانیاریانەی کە دەسـتمان دەکەوێت، نوێ بن سـود بەخشـبن زانسـتی بن، هەر لەسـەر ئەم بنەمایە کەسـی پسـۆڕو تایبەت دیاری دەکرێت.

---

[١] - چۆلی ئەسعەد، تەلەفزیۆن هەوال و پرۆگرامی هەواڵی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٧.

- به ئاسانی گەیشتن بە کەسەکە: مەبەست لەدوری و نزیکی و شوێنی میوان و چۆنیەتی بە یەکگەشـــتنە بە میوان، تـاوەکو تیچوی کەمتر بێـت لە رووی ئـابورییەوە، ئەوەنـدەش هەلی دەستنیشانکردنی ئاسان تر دەبێت.[1]

- حەزی کەسـەکە بۆ چاوپێکەوتن و خسـتنە رووی زانیارییەکان:مەبەسـت لەوەیە کەسـی میوان تاچەند ئارەزووی خســتنە رووی ئەو زانیارییانەی هەیە کە هەیەتی لەســـەر بابەتەکە، کەواتە تا چەند حەزوو ئارەزووی کەســـەکە راســـتگۆیانەتربێت لە گەیاندنی زانیارییەکان، ئەوەندەش هەلی زیاتر دەبێت بۆ بانگهێشتکردن و دیاری کردنی وەک میوانی بەرنامەکە.

- توانای گوزارشتکردنی هەبێت لەبەردەم کامێرادا: مەبەست لە ترسە لەبەردەم کامێرادا، واتا ئەو کەســـەی دیاریدەکرێت دەبێت توانای دەربڕینی هەبێت لەبەردەم کامێرادا، تاچەند بوێری زیاتربێت هەلی دیاریکردنی وەک میواانی بەرنامە زیاتر دەبێت.[2]

### ٢-٣ وەرگرتنی دەنگ لە نێوان پێشکەشکار و میوان:

لە زوربەی بەرنامە تەلەفزیوۆنییەکاندا مایکرۆفۆن بە ئامرازی ســـەرەکی گەیاندنی دەنگ بۆ نێو ژووری کۆنترۆڵ و پەخش دادەنرێت، ئەم ئامێرە بە جۆرە جیاوازەکانییەوە پێویسـتە شـێوە و شـــوێن و ئاراســـتە و مەبەســـت لەبەرکارهێنانی دیاریبکرێت تاوەکو جوڵەی پێنەکرێت و ئاراســـتەی نەگۆڕێت لە کاتێک بۆ کاتێکی تر، لە ئەنجامدا پەشـــێوی و ژاوەژاو لە دەنگەکەدا دروســـتدەبێت. مایکرۆفۆن چ دەســـتی بێت، یان یەخە، یان وایەرلێس ئەگەر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت ئامێرێکی بێزارکەرە و دەنگەکە باش ناگەیەنێت و خشـــەخش دروســـتدەکات. مایکرۆفۆن دەبێت لە ســـەرچاوەی دەنگەکەوە نزیک بێت بۆئەوەی دەنگێکی باش تۆماربکات، بەتایبەت ئەگەر قەرەباڵغ بێت، ناشـــبێت ئەوەندە نزیکبێت کە دەنگی هەناســـەش دەربچێت و خشەخش دروستبکات.[3]

---

[1] - بەهات حسیب قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٠

[2]- نسمة احمد البطریق، جیهان یسری، الکتابة للاذاعة والتفزیوني، ٢٠٠٠، ص٢٠٣.

٣- حسین ابو شنب، حسین سعد، انتاج المواد الاعلامیة، جامعة فلسطین، ٢٠١٦، ص٥٤.

**٢-٣-١ جۆرەکانی مایکرۆفۆن بە پێی ئاراستەیان:**

**١- یەک ئاڕاستە:**

دەنگ بە ئاڕاستەی قسەکەر بە گۆشەی ٤٥ وەردەگرێت دەرچوونی دەنگ لە قسەکەرەوە بۆ جەماوەرە.

**٢- دوو ئاڕاستە:**

دەتوانرێت بجوڵێنرێت، یاخود جێگیربکرێت بە هەردوو ئاڕاستەی قسەکەر و پێشکەشکار، یان پەیامنێر کاردەکات.

**٣- بێ ئاڕاستە (گشتی):**

بە هەموو ئاڕاستەکان دەنگ وەردەگرێت بەهەمان ئاست و پاکی.[١]

**٢-٣-٢ جۆرەکانی مایکرۆفۆن بەپێی شێوەو بەکارهێنانیان:**

**١- مایکرۆفۆنی یەخە:**

ئەم جۆرە لە شێوەدا بچوک و هەستیارە لەسەر سنگی پێشکەشکار یان میوان دەبەسترێت، توانای گواستنەوەی دەنگی کەسەکە و توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ جولانی جەستەدا.

**٢- مایکرۆفۆنی دەستی:**

ئەم جۆرە بە مایکی ئاسایی ناودەبرێت و کە بە دەستەوە دەگیرێت و دەبێت لەسەرچاوەتی دەنگەکەوە نزیک بێت و بەردەوام لە گرتەی کامێرادا دەردەکەوێت، ئەم جۆرە توانای خۆگونجاندن و بەرەنگاربونەوەی هەوای زۆر و رەشەبا و دەنگەدەنگی زۆری هەیە، زۆرجار بۆ چاوپێکەوتنی مەیدانی و لە ناو ستودیۆ بۆ چەند کەسێک بەکاردەهێرێت.[٢]

---

[١]- علی عبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٤.

[٢] - فتحی حسین عامر، صحافة الفیدیو تقنیاتها واشکالیاتها، العربی للنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٢٠، ص ٦٨،٦٩.

**٣- مایکرۆفۆنی بێ وایەر:**

ئەم جۆرە توانـای جوڵانـدنی زۆری هەیە و دەتوانرێت تـارادەیەک دوور بکەوێتەوە بەڵام ئاڵۆزە لە بەکارهێناندا و پێویسـتی بە ئامێری نێرەر و وەرگر هەیە، ئەمەش پێشـبینی کێشـەی گەیاندنی دەنگێکی پاک و باشی لێ دەکرێت.[١]

**٤- مایکرۆفۆنی سەر کامێرا:**

ئەم جۆرە لە لایەن وێنەگرەوە لەکاتی زۆر پێویستدا بەکاردەهێنرێت بۆ هەندێ کاری تایبەت کە لە شـوێن و کاتێکی دیاریکراودا بۆ وەرگرتنی دەنگی گشـت یان سـروشـت سـوودی لێ وەردەگیرێت، بەڵام مەرج نیەدەنگێکی زۆر باش و بێ خەوشت دەست بکەوێت.[٢]

## ٣- تەکنیکی وێنە و جۆرەکانی کامێرا لە بەرنامەی هونەرییدا:

وێنە کەرەسـتەیەکی سـەرەکییە لە کاری تەلەفزیۆندا و چەندین جۆری هەیە و تەکنیکی جۆراو جۆر بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بە جوانترین شـێوە بگاتە بینەرەکانی، هەڵبەت دەسـت کەوتنی وێنە لە ڕێگەی کامێراوە بەدەسـتمان دەگات و جۆری بەکارهێنانەکەشـی بەشـێکە لە جوانکردنی وێنەکە، لێرەدا وێنە و جۆرەکانی گرتە و جوڵە و گۆشەکانی دەخەینەروو:

**٣-١ تەکنیکی وێنە:**

لە پرۆسـەی مۆنتاژکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا پەنادەبرێتە بەر کۆمەڵێک ڕەگەز کە لە کۆی مۆنتاژکردنی ئەو ڕەگەزانە بەرنامەکە بەرهەمدێت کە پێکدێن لەم کەرەستانە:

**٣-١-١ وێنەی جوڵاو:-** وێنەی زیندووی تەلەفزیۆنی بە گرنگترین ئامرازەکانی پێشکەشکردنی بەرنـامە و هەواڵ دادەنرێـت، لەبەر ئەو تـایبەتمەنـدییەی هەیەتی، هەربۆیە وێنەی جوڵاو لە تەلەفزیۆن لەڕووی گرنگییەوە بەتایبەتی لە بەرهەمهێنان و نیشـاندانی ناوەرۆکدا پلەی یەکەمی

---

[١] - کرم شلبی، الانتاج التلفزیوني و فنون الاخراج، دار ومکتبة الهلال، بیروت-لبنان، ٢٠١٠، ص٢١٩.

٢ - میلاد الفيي جرجس، الاذاعة والتلفزیون کظاهرة عالمیة، دار غیداء للنشـر والتوزیع، عمان ، 2019، ص 36,37.

گرتووە. وێنەی جولاو لەڕاستیدا وێنەی وەستاون؛ بەلام بە جولاندنیان بەدوای یەکدا (بەخێرای ٢٤ وێنە لە چرکەیەکدا) ئەو هەستە بەچاو دەدات کە وێنەیەکی جولاو بێت..[١]

**٣-١-٢ وێنەی جێگیر** Still: بریتییە لە وێنەی وەستاوی نەجولاو وەک وێنەی فۆتۆگرافی و چوارچێوەکان و کادرە جێگیرەکان.[٢]. دەکرێت لە هەندێ حاڵەتدا پشت بە وێنەی جێگیر ببەسترێت، وەک وێنەی کەسایەتیەک کە ڤیدیۆی بەردەست نییە وەک کەسایەتییە مێژووییەکان کە لەژیاندا نەماون، یان وێنەی شوێنێک کە شوێنەواری نەماوە.[٣]

**٣-١-٣ گرافیک:-** دەکرێت گرافیک ئەو هۆکارە بینراوە داهێنراوە بێت بۆ وێنە، کە هەندێک جار بەبەشێکی سەرەکی دەژمێردرێت کە جوانییەک بە بابەتەکە دەبەخشێت، و تایبەتمەندی پێدەدات، بەکارهێنانی گرافیک لە بەرنامە یان هەواڵدا بێت، کاتێک وێنەی زیندوو بۆ دەقێک کە ئامادەکار نووسیویەتی ون دەبێت گرافیک بەشوێنگرەوەیەکی سەرکەوتوو ئەژماردەکرێت بۆ ئەو وێنە زیندووە، گرافیکیش دوو جۆرە؛ گرافیکی جێگیر، وێنەی کەسایەتییەکان و بەرپرسەکان و نەخشە و ئالای ولاتان و گرافیکە جولاوەکان، وەکو ڕێڕەوی فڕۆکە، ڕیپۆرتەر پێویستە وردبێت لەدیاریکردنی داواکارییەکە و گونجاندنی لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا.[٤]

**٣-١-٤ ئینفۆگرافیک:** وێنە قسە دەکات، وێنە درۆ ناکات، یان وێنە هەزار وشە لەخۆدەگرێت، هەموو ئەم دەستەواژانە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە کەناڵە بینراوەکان قورسایی وکاریگەرییان زیاترە، وشەی (ئینفۆگرافیک) کورتکراوەی (Infomation graphic) بە واتای

---

[١] - بروانە:

- ریاض معسس سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦.

- پۆل ستاینلی، ڕێبەری کامێرامان و پەیامنێری تەلەفزیۆنی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ، و: محمد عبدالکریم، مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧، لا٥٨.

[٢] - كرم شلبي، الانتاج التلفزيوني وفنون الاخراج، دار الشروق جدة للنشر والتوزيع، دار ومكتبة الهلال، بيروت – لبنان، ٢٠١٠، ص٦٦.

[٣]- عدالت عبدالله، التقرير الاخباري التلفزيوني، مفهومه- نشاته- محدداته-بنائه، دار العلوم العربية للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، ٢٠٢١، ص٩٨.

[٤]- عاصف حميدي، العمل الإذاعي والتليفزيوني ؛ مفاتيح النجاح وأسرار الإبداع، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤، ص٨٢، ٨٣.

زانیارییە وێنەییەکان بەمانای تێکەڵکردنی وێنە لەگەڵ داتاو زانیارییەکان، کە کار ئاسـانی دەکات لە نێوان دەزگاکە و وەرگردا بۆ رونتر و زووتر گەیاندنی پەیامەکە بە وەرگر.[1]

## ٣-٢ تایبەتمەندییەکانی وینەی تەلەفزیۆنی:

وێنەی تەلەفزیونی باشترین ئامرازە بۆ دروستکردنی کاریگەری و کاریگەری خستنە سە ر و خیرا بروابپێهینانی بینەر (وەرگر) بۆ هەموو ئەو رووداوە وینەیيانەی کە لەریگەی شـــاشـــەی تەلەفزیونەوە پەخش و بلاودەکریتەوە بە هەموو جورەکانییەوە لەبەرئەوەی لە ئیســـتادا وینە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە و بووەتە زمانێکی جیهانی و خالّی پێکەوە بەســـتن و گرێدانی پەیوەندییە تایبەتی و گشـــتییەکانە، ئەمەوایکردووە کەخاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیین لەســـەر ئاستی هونەری و پەیوەندیکردن کەگرنگترینیان:

١- وینە هە رگیز درۆناکات ئەمە وایکردووە لەپلەیەکی راســـتگویدا هەژمار بکرێ، کەواتە وینە نرخیکی بەڵگەیی دەداتە بابەتەکە.

٢- یارمەتی بینەر دەدات بەشـــیوەیەکی خێرا و باشـــتر لە رووداوەکان تیبگات، بەهۆی ئەوەی وێنە ئاســـۆ و تێروانینی بینەر فراوان دەکات، کاتێکی کەمی دەوێت تا بتوانی لە واقعی دەقەکە تیبگات.

٣- وێنە لەتوانایدایە نرخێکی گەورە بداتە، میدیا هەرچەندە ناتوانی بەرەنگاری ووشـــە ببیتەوە گەورەییەکشـــی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وێنە لە تەلەفزیوندا بەشـــیوەی راســـتەوخۆ بەووردی و روونی و پاشان بەئاشکرا بڵاودەکریتەوە.[2]

٤- یەکێکی دیکە لەتـایبەتمەنـدییەکانی وێنەی تەلەفزیون ئەوەیە کـە زمـانێکی جیهـانییـە، مروڤ دەتوانێت لە هەر شـــوینیکی جیهاندابێت پەیامە وێنەییەکان وەربگرێت لەریگەی شـــاشـــەی تەلەفزیونەوە، هە روەها ئاســتی روشـنبیری و مەعریفی بینەر کاریگەری دەبێت لەســەر توانای تیگەیشتن لەپەیامەکان.

---

[1] - محمد شلتوت، الانفوجرافيک من التخطيط الى الانتاج، رياض، ٢٠١٦، ص١٠٨.

[2] -ايرفينغ فانغ، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية التحرير والتصوير العرض والتقديم، ت: اديب خضور، المكتبة لاعلامية، دمشق، ٢٠٠٩، ص١٧٥ .

٥- وێنەی تەلەفزیون راســــتەقینەیـە ئەم ســــیفەتە وایکردووە کەچێژی زیـاتری هەبێت لە دەرکەوتنی گرتەو جوڵەی ئەو دیمەنانەی کەواقعی بابەتەکە پیشاندەدەن بەشێوەیەکی هونەری.

٦- لەبەرئەوەی وێنە لەتەلەفزیونـدا جوڵاوە، رۆڵی دەبێـت لەدەربڕینی هەموو ئەو پەیـامە میدیاییانەی لەشاشەکەوە دەردەکەوێت، واتە هەرشتێک لەم روانگەیەوە، بینەر بیبینێت کاریگەری دەبێت لەرووی مانا و لۆژیک بەشیوەی راستەوخۆ یان رەمزی.[١]

٧- وێنە بەفاکتەرێکی گرنگ و ســــەرنجراکێش دادەنرێت حەزی فێرخوازی و زانین لای بینەر (وەرگر) دروست دەکات.

٨- یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی وێنە ئەوەیە کەتوانای دروستکردنی کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی دەروونی و عەقلی وەرگر.

٩- وێنە رۆڵی هەیە لەنزیککردنەوەو تێکەڵکردنی کات و شوێن لەماوەیەکی دیاریکراودا.[٢]

١٠- وێنەی تەلەفزیون جیـاوازە ئە گەر بەراورد بکرێت بەوێنەی هونەری لەبەرئەوەی وێنەی تەلەفزیون وەستاو نییە بە شیوەیەکی بەردەوام دەگوڕێت.[٣]

## ٣-٣ تەکنیک و جۆرەکانی کامێرا لە بەرنامەی هونەرییدا:

کـامێرای تەلەفزیۆنی بەردی بنـاغەی گشـــت تەلەفزیۆنەکـانە، ئەگەر کـامێرا نە بێت وێنەو ڤیدیۆش لەسەر شاشەکان مەحاڵە، هەموو کارێکی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی لە رێگەی کامێراوە وێنە دەگیرێت و دەگوازرێتەوە بۆ ئێمەی بینەر، کامێرا بەشێکی گرنگ و سەرەکیە و یەکێکە لەو هێزە تەکنیکیـانەی کە رۆڵی بەرچـاوی هەیە لە بەرهەمهێنـانی هەموو کـارەکـانی تەلەفزیۆن، شـــارەزابون لە کامێراو ئیش کردن لە کامێرادا کارێکی ئاســـان نیەو پێویســـتی بە لێهاتویی و ماندووبونی زۆر هەیە.

---

[١]- نواف عدوان،سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٤.

[٢]- ايمن عبد الحليم نصار البرنامج الوثائقية دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٧،ص ٦١٧.

[٣]- تقرش السعدية مقال ثقافة الصورة التلفزيونية، *مجلة دراسات وابحاث* - في العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد: ٢٤، ٢٠١٦ السنة الثامنة،ص١٧٨

بریتییە لەو ئامێرەی کە کاری گۆڕینی وێنەی بینراوە بۆ هێمای ئەلکترۆنی، هێماکان لەسەر کاسێتێک تۆماردەکرێن، یان ڕاستەوخۆ پەخشدەکرێن و دووبارە دەبنەوە بە وێنەی بینراو لەسەر ئامێری چاودێریکردن لە ستۆدیۆ، یان لەڕێگەی ئامێری تەلەفزیۆنەوە. [١]

بەکارهێنانی کامێرا بۆ هەموو کەس ئاسانە و هەموو کەسێکیش ئەتوانێت وێنە بگرێت و دەنگ و ڕەنگ تۆمار بکات، بەڵام بەکارهێنانی کامێرا بۆ وێنەگرتن و گێڕانەوەی چیرۆکی بابەتێک لە تەلە فیزۆنەوە پێویستی بە شارەزایی و بیرکردنەوە و هەوڵدانی زۆر و خۆئامادەکردن و دابینکردنی پێویستیەکان و شارەزایی لە تەکنیکدا هەیە. [٢]

**کامێرا:**- ئەو ئامێرایە کە بەهۆیەوە هەموو بیروبۆچوونەکان دەخاتە سەر شاشە و خەڵک دەتوانێت بەهۆی وێنەکانەوە ڕا و سەرنج و بۆچوونەکان ببینن، کامێرا ئەو ئامێرەیە ئەگەر هەموو کارەکەش نەکات بەشی زۆری کارەکە دەکات، کامێرا چاو و بیرکردنەوەی ئێمەیە بۆ بینەر، کامێرا دەتوانێت شتە شاراوەکانی هەست و بیرمان بخاتە بەر دیدی بینەر و ببێتە ئامرازێکی کۆمۆنیکەیشن لەنێوان ئێمە و بینەردا. [٣]

**کامێرا:**- بریتییە لە شێوەیەکی شەش پاڵویی هاوتەریبی داخراو و تاریک لە یەکێک لە ڕووەکانی هاوێنەیەک هەیە پێی دەوترێت هاوێنەی جەستەیی، چونکە بەرامبەر جەستە دادەمەزرێنرێت، هەروەها هاوێنەیەکی تر کە ناودەبرێت بە هاوێنەی چاویلکەیی کە لەڕێگەیەوە کەسەکان؛ شتەکان؛ تەنەکان دەبینرێن، لەنزیک ئەم هاوێنەیە بەرگێک لە تەنێکی هەستیار دادەنرێت پێی دەوترێت فیلم.[٤]

**کامێرای تەلەفزیۆنی:**- بە ئامرازی یەکەم و سەرەکی دادەنرێت بۆ دروستکردنی وێنەی تەلەفزیۆنی، جا بەشێوەی پەخشی تەلەفزیۆنی بێت، یان کامێرای پیشەگەرەکان بێت، یان کامێرای

---

[١] - ایرفینغ فانغ، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية التحرير والتصوير العرض والتقديم، ت: اديب خضور، المكتبة لاعلامية، دمشق، ٢٠٠٩، ص٢٢٢.

[٢] - بول ستالیتی، ڕێبەری کامێرامان وپەیامنێری تەلە فزیۆنی بۆ ئامادەکرنی ڕاپۆرتی هەواڵ، و:محمد عبدالكريم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کرکوک، ٢٠٠٧، ل٤٤.

[٣] - برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ ٢، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢١٧.

[٤] - قدور عبدالله ثاني، سيميائية الصورة مغامرة سيميائية في اشهر الارساليات البصرية في العالم، مؤسسة الوارق للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٨، ص١٣٤.

تایبەت بەو کەسانەبێت کە خولیای وێنەگرتنیان هەیە. ڕۆژ بە ڕۆژ کامێرا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە تا گەیشتە ئەوەی کامێرای (ENG) کۆکەرەوەی خێرا هاتەکایەوە، بەمەش شۆڕشێک لەبواری کاری ڕاگەیاندن بەرپابوو، کامێرا ڕۆڵێکی گرنگی لە دۆکۆمێنتکردنی ڕووداوەکان و پەخشکردن و گەیاندنیدا هەبووە. [١]

**کامێرای تەلەفزیۆنی:** بریتییە لەو ئامێرەی کە کاری گۆڕینی وێنەی بینراوە بۆ هێمای ئەلکترۆنی، هێماکان لەسەر کاسێتێک تۆماردەکرێن، یان ڕاستەوخۆ پەخشدەکرێن و دووبارە دەبنەوە بە وێنەی بینراو لەسەر ئامێری چاودێریکردن لە ستۆدیۆ، یان لەڕێگەی ئامێری تەلەفزیۆنەوە. [٢]

**کامێرای تەلەفزیۆنی:** وزەی ڕووناکی دەکات بە وزەی کارەبایی و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ڕاستەوخۆ وێنە بنێرێت، گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ لە تەلەفزیۆندا لە ڕێگەی هەردوو شەپۆلی (VHF-UHF) دەبێت، ئەم شەپۆلانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێن بەشێوەی ئاسۆیی. [٣]

**٣-٣-١ کامیرای تەلەفزیۆنی بەشیوەیەکی سەرەکی دابەش ئەبیت بۆ سێ بەش ئەوانیش:**

**٣-٣-١-١ یەکەی کامیرا:** ئەم یەکەیە کاری ئیش پیکردنی بەشەکانی تری کامیرایە و لایەنی ئەلکترۆنی کامیرا ئەگریتەوە واتە بەشی ناوەراستی کامیرا وCAMERA CONTROL UNITE گۆرینی رەنگەکان و جیاکردنەوەیان بۆ وینە یەکەی کۆنترۆل کردنیZOOM IN-OUT کە هاوینەش لەخۆ ئەگریت.

**٣-٣-١-2 یەکەی ڤیدیۆ:** ئەمیش پەیوەندی بەکۆنترۆل کردنی کامیرا وە هەیە نمایشکردن و پیکەوە بەستنی لەگەل مۆنیتەردا.

**٣-٣-١-3 یەکەی بینین** VIEW FINDER: لەریگەیەوە هەموو جولەکانی دەتەویت وینەی دەگریت و دەیان بینیت. [٤]

**٣-٤ کامێرا بەپێی بەکارهێنانیان:**

---

[١] - حکیم عثمان حمید، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٤.

[٢] - ایرفینغ فانغ، الاخبار الاذاعیة والتلفزیونیة التحریر والتصویر العرض والتقدیم، ت: ادیب خضور، المکتبة لاعلامیة،دمشق، ٢٠٠٩، ص٢٢٢

[٣] - عدلی سید رضا، محاضرات في الدخل الی الاذاعة والتلفزیون، جامعة القاهرة، ٢٠٠٧،ص٥٦-٥٧.

٣- سامي الشریف، د. محمد مهني، الإخراج الإذاعي والتلفزیوني، مرکز جامعة القاهرة للتعلیم المفتوح،٢٠٠١،ص٦٣.

بەکارهێنانی کامێرا بەپێی شـوێن و جۆری بابەتەکە دەگۆڕدرێت و دابەشـدەبن بەسـەر دوو جۆردا، کە بریتین لە:

**٣-٤-١ کامێرای سـتۆدیۆ:** بەپێی بەکارهێنانی کامێرای جۆری پێشـکەتوو بەکاردێت لەناویانا ئەو کامێرایانە کوالێتیان بەرزە لە ڕووی ڕونی وێنەیان لە تەلەفزیۆندا کە هێندە قورسـەو ناتوانرێ بجوڵێندرێ بە هۆی سـتاندەکانیان کەبە (شـاریۆ) ئەتوانرێ بجوڵێنرێت ئەم جۆرە کامێرایانە لەسـەرجەم بەرهەمەکانی ناو سـتۆدیۆ بەکاردەهێنرێ وەک هەواڵ و دیمەنەکان و زنجیرە درامیە ڕۆژانەکان و کۆمیدیا و نمایشـە ئاڕاسـتەکردنەکان کە پێویسـتە وێنەیەکی کوالێتی بەرز ببەخشـین لە تەلەفیزیۆ ندا. لەو جۆرە کامێرانەدا کاسـێتی ڕیکۆردی نیە و بەسـتراوەتەوە بە (سـی سـی یو)ەکە کورتکراوەی (Camera control unit) بەواتای یەکەی کۆنترۆڵکردنی کامێرا، وە لە ڕێی کێبڵەوە کە کۆنترۆڵی کامێرای پێدەکرێ لە ڕووی (بلانس)ی کـامێرا و ڕونـاکی و گۆڕینی ڕەنگەوە لەڕێی ڤیـدیۆکـانەوە یـان هـارد ریکۆردەرەوە تۆمـار دەکرێت کەلە کۆنترۆڵدان.[١]

**٣-٤-٢ کامێرای دەرەوەی سـتۆدیۆ:** ئەو کامێرانەی لە بەرهەمهێنانی هەواڵ و کاری مەیدانی بەکاردەهێنرێت،

کامێرای سەرشان: لەدەرەوەی ستۆدیۆ ئەوکامێرانەن کە کامێرای سەرشانن بەواتای لەلایەن بەکارهێنەری کامێراوە هەڵدەگیرێ یان لەسـەر سـتاند دائەنرێ ئەم جۆرە کامێرانە بە شـێوەیەک دروسـتکراوە کە وێنەیەکی کوالێتی بەرز نیشـان بدەن، هەندێکیان کامێراکانیان تۆمارکردن لە ڕێی ڤیدیۆیی ئەبێ کە بەسـتراوەتەوە بە کامێراکەوە، هەندێ کامێراش ئامێری تۆمارکردن لەناو کامێراکەدا دروستکراوە.[٢]

---

[١] – هربرت زیتل، المرجع في الانتاج التلفزيوني، ت:سـعدون الجنابی، دار الکتاب الجامعي العین، الامارات العربه المتحده، ٢٠٠٤، ص٦٠-، ٦١.

[٢] - سامی الشریف، محمد مهنی، الاخراج الاذاعی والتلفزیونی، مرکز جامعة القاهرة للتعلیم المفتوح، القاهرة، ٢٠٠١ ص١٥٢.

**٣-٥ چوار بنەمای سەرەکی هەیە کە بەردەوام دەبێت لەسەر شاشەی کامێرادا هەبن:**

**٣-٥-١ FOCUS ڕوونی وێنە:** لە ورێگەیەوە دەتوانین وێنەکان ڕون (ذێت و فۆکس)بکەین ، لەهەموو کامێرایەکی تەلەفیزیۆنیدا (فۆکس) بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ومانوێڵ تێدایە .

**٣-٥-٢ قەبارەی زووم:** مەبەســـت لێی نزیک بوونەوەی وێنەگروکامێرایە لە بابەتەکە بە پێی قەبارەی ئەو گرتەی کە ئەیەوێت.

**٣-٥-٣ WHITE BALANCE ڕەنـگ:** لە ڕێگەی ئەنجـامـدانی و جێبەجێکردنی ڕەنگەکـان لەیەک جیا بکرێتەوە لەهەر شوێن وکاتێکدا ڕەنگی دیمەنەکان وەک خۆی بەدەست بهێنرێ.

**٣-٥-٤ IRIS ڕوناکی:** ڕادەی بڕیی ڕوناکی لەدیمەندا پێ دیاری دەکرێ، ئەویش بە زیادکردن و کەمکردنەوەی پلەکانی شەتەر و ڕادەی کرانەوەی عەدەسە دیاری دەکرێت.[١]

## ٣-٦بەکارهێنانی چەند کامێرایەک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا:

لە تەلەفیزیۆندا پێویســتی بە بەکاهێنانی ژمارەیەکی زۆر کامێرا هەیە ,لە هەمان کاتی کارێکدا سیفەتی دیاری تەلەفیزیۆنیە,کە هەڵقوڵاوی سرو شتە زیندوەکەیەتی دەرکەوت بەکارهێنانی یەک کامێرا تە نانەت ئەگەر جوڵاویش بوبێ بەس نەبووە. لەبەر ڕۆشـــنای ئەوەشـــدا دەســـتکرا بەزیادکردنی کامێرای دووەم و ســێیەم لە ســتۆدیۆدا, وە ئاســانی لە دەرخســتنی پرۆســەی بە دیهێنانی وێنە و گۆڕینی دەستکەوتی ئەو ئەنجامەی مۆنتاژ ئەهێنێتەدی.[٢]

لە کـاتی بەکـارهێنـانی دوو کـامێرا یـان زیـاتر بەردەوام بوون لە وێنەگرتنی بەرنـامە بەبێ وەستان ئەکرێ بەشـێوەیەکی ئاسـای فەراهەم بهێنێ, گۆڕینی وێنەکان و بڕین لە نێوان قەبارەو جۆری گرتەکانی هەمان بابەت ڕووئەدات. جوڵانی کامێراکان لە شـــوێنێکەوە بۆ شـــوێنێکی تر بەوەش ئەتوانین زانیاریەکان ڕاستەوخۆ پێشکەش بکەین بە بەردەوامی و بەڕێگەیەکی پەیوەست

---

[١]- هەردی ئەحمەد دەرویش ، پەیامنێر، ڕۆڵ و ئەرک و تایبەتمەندیە پیشەیەکان، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،کرکوک، ٢٠٠٨،لا ٤٢-٤٣.

[٢] - بورتیسکی، الصحافه التلفزیونیه،ت: ادیب خضور، المکتبة الاعلامیة، ط٢، دیمشق، ٢٠٠٩، ص٦١.

بەیەکەوە بەردەوام ســەرەرای جۆراوجۆری شـێواز و رێگاکانی جەختکردنەوە و باوەڕ پێهێنان نمایشکردنی وردەکاری و دەرخستنی کاردانەوەکان.[1]

لە کـاتی وێنەگرتن بەچەنـد کـامێرایەک گرتە لەســـەرەتـایی دەســـتپێکردنی وێنەگرتن لە کامێرایەکی دیاری کراوەوە دەســـت پێدەکات تاگواســـتنەوەی بۆ گرتەیەکی تر لە کامێرایەکی ترەوە لەرێگەی ئامێری میکســـەرەوە لەو کاتەدا دیمەنەکە ئەبێتە یەکەیەکی کاری تەلەفیزیۆنی , دیمەنی تەلەفیزیۆنی بە ژمارەیەک گرتە ئەناسرێ کە ڕووئەدات لەهەمان شوێن و کاتدا.[2]

**٣-٧ تەکنیکەکانی کامێرای تەلەفزیۆنی:**

کامێرا بە یەکێک لە رەگەزە ســـەرەکییەکانی کاری تەلەفزیۆن دادەنرێت و لەرێی کۆمەڵێک تەکنیکەوە دەتوانێت شـێوەیەکی جوان و گونجاو بدات بەو بابەتەی وێنەی دەگیرێت دابەشـدەبن بەسەر ئەم تەکنیکانەدا:

**٣-٧-١ جوڵەی کامێرا:**

جوڵەی کامێرا ڕوانگەی دەرهێنەرە بۆ وێنەگرتن بەجۆرێک کە ئەم جوڵەیە لەلایەن وێنەگرەوە ئەنجامبدرێت و لەژێر چاودێری بەڕێوبەری وێنەگرتن و دەرهێنەردا بێت هەرکاتێک تێڕوانینی دەرهێنەرو وێنەگر لێک نزیکبوون بۆ جووڵەکە ئەوا وێنەگرتنێکی سەرکەوتوو دەبێت.[3]

جۆرەکانی جوڵەی کامێرا:

**١- جووڵەی زووم** Zoom: واتە نزیکبوونەوەی کـامێرا لە تەنێک یـاخود دوورکەوتنەوە لێی بەخێراییەک، بەجۆرێک دەردەکەوێت کە زیاتر لە وێنەکەوە دوور ئەکەوێتەوە، "Zoom Out" کـاتێـک لە تەنەکە دوور ئەکەوینەوە بۆئەوەی درێژیی و پـانیەکەی گەورە بکرێتەوە، کە

[1] - كرم الشبلى، الانتاج التلفزيۆنى وفنون لاخراج، دار والمكتبة الهلال، بيروت، ٢٠٠٨، ص٣٠.

[2] - منى الصبان، فن المونتاج فى الدراما التلفزيونية و عالم الفيلم الالكتروني، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠١، ص٣٠.

[3] - رستم ابو رستم، جماليات التصوير التلفزيوني، دار المعتز للنشر و التوزيع، الاردن-عمان، ٢٠١٤، ص٢٦.

ئەشڵێین "Zoom In" کاتێک تەنە وێنەگیراوەکە نزیک ئەکەینەوە بۆئەوەی وێنەکە بە گەورەیی لەکادرەکەدا دەربکەوێ.[١]

**٢- جوڵەی پانۆراما** (Pan)**:** کامێرا بەشــێوەیەکی ئاســۆیی جوڵە دەکات بۆلای ڕاســت یاخود بۆلای چەپ لەکاتێکدا کامێراکە لەشـوێنی **خۆیدا** جێگیرە، یاخود بۆئەوەی ڕوانینێکی پانۆرامی بەســەر شــوێنێکدا بکات. Pan کورتکراوەی وشــەی (panorama)یە کە بەمانای جوڵەی کامێرا دێت بە ئاسـۆیی، جوڵەی پانۆراما سـەر ستاند و کامێراکە ئاراسـتەی دەگۆڕێت بۆلای ڕاست "pan right" یاخود بۆلای چەپ "pan left".[٢]

**٣- جوڵەی دۆلی** Dolly **(ڕەوڕەوەیی):** جولانی کامێرا یاخود پاڵپێوەنانی خۆی و هەڵگرەکەی بۆ پێشـــــەوە و بۆ دواوە پێی ئەوترێ جوڵەی Dolly کە کامێرا ئەجوڵێ بەرەو ئەو بابەتەی وێنە ئەگیرێ، کاتێک بەرەو ئامانجەکە ئەیجووڵێنی Dolly in ئەوا کامێرا لە ئامانجەکە نزیک دەبێتەوە، بەڵام کاتێک لە ئامانجەکە دوور دەکەویتەوە و جووڵە دەکات Dolly out.[٣]

**٤- جوڵەی تێلت** Tilt**:** کامێرا لەخوارەوە بۆ ســـــەرەوە یاخود لەســـــەرەوە بۆ خوارەوە جوڵە دەکات لەکاتێکدا کامێرا لەشـوێنی خۆیدا جێگیرە، جوڵەی tilt up دەکرێت بۆ ســەرەوە، لەکاتی tilt down بۆ خوارەوە، پاڵ بە دەســـکی کامێراکەوە ئەنێین بۆ ســـەرەوە لەگەڵ ئاڕاســـتەی سەری ستاندەکە و کامێراکە بەرەو خوارەوە.[٤]

**٥- جوڵەی کرێن** Crane**:** کامێراکە لەســـــەر قۆڵی کرێنەکە جێگیر دەکرێ بۆئەوەی کامێرا و قۆڵەکە پێکەوە ئاسـۆیی و سـتوونی جوڵە بکەن یاخود بە هەموو ئاڕاسـتەکاندا تاوەکو نزیک ببنەوە یاخود دووربکەونەوە لەو شتەی کە هەڵئەستین بە وێنەگرتنی بەشێوەیەکی درامی.[٥]

---

[١]- مصــطفى حميد الطائي، ابوبكرد خير ميلاد، مناهج البحث العلمي، وتطبيقها في الاعلام والعلوم الســياســية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٧، ص٦٤.

[٢] - رياض معسعس، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١١

[٣]- هربرت زيتل Harbert Zettl، المرجع في الانتاج التلفيزيوني، ت: سعدون الجنابي و خالد الصفار، دار الكتاب الجامعي المعين، الامارات العربية المتحدة،، ٢٠٠٤، ص١٢٢.

[٤]- عبد المجيد شكري، الدراما التلفزيۆنية فن كتابة واخراج التمثيلية التلفزيۆنية، دار الفكر العربي، القاهرة، ص١٣٤.

[٥] - كاظم المؤنس، قواعد اســاســية في فن الاخراج التلفزيوني والســينمائي، عالم الكتب الحديث للنشــر والتوزيع، جدارا للكاتب العالمي للنشر والتوزيع، عمان –الاردن، ٢٠٠٦، ص١٢١، ١٢٢.

**٦- جوڵەی کۆنترۆڵی:** تەکنەلۆجیای ئێستا فڕۆکەی (Drone) درۆن هەر سێ بەشەکە جوڵەی سێ پاو دۆڵی و کرێن لەیەککاتدا جوڵە پێدەکات، پێویست ناکات وێنەگر لەسەر کامێراکە ڕاوەستێ بەڵکو تەنها لەڕێگەی کۆنترۆڵەوە جوڵە بە کامێراکە دەکات ئەم جۆرە لەناو ستۆدیۆ و لەدەرەوەش بەکاردێت بۆ شوێنە دوورە دەستەکان.[١]

**٧- جوڵەی گالیسکەیی** Tracking: ئەم جۆرە کامێرایە جوڵەی پێ دەکرێت لەسەر گالیسکەیەک سکەکەی بە ئاڕاستەی ڕاست وچەپ کە پێی دەگوترێت (Track Left-Track Right–)، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا کامێرا چاوێری بابەتەکە دەکات بەبێ نزیکبوونەوە یان دوورکەوتنەوە بەجۆرێک دووری نێوان عەدەسی کامێرا و بابەتی وێنەگیراو جێگیرە وگۆڕانکای بەسەردا نایەت.[٢]

**٣-٧-٢ قەبارەی گرتەکانی کامێرا:**

کاتێ باسی دیاریکردنی گرتە دەکەین مەبەستمان دیاریکردنی قەبارەی و ئەو شوێنەیە کە داگیری دەکات، یان بابەتەکە پڕی دەکاتەوە لە شاشەکە، مەودا یان ئەو ڕووبەرەی کە هەیەتی لەکاتی دەرکەوتنیدا، ئەوەیە کە بە بواری بینینی کامێرا ناسراوە. کە بریتییە لە ڕووبەری ئەو دیمەنە یاخود سنوری وێنەکە لەبەردەم کامێرادا.[٣]

جۆرەکانی گرتە:

**١- گرتەی لەڕادەبەدەری گشتی (دوور)** Extreme long shot**:** ئەم گرتەیە زۆرترین زانیاری ئەتوانێت بگەیەنێت بە بینەر، بەجۆرێک دیمەنە سروشتیەکان یاخود شوێنێک لە دوورەوە و گرتەیەکی فراوان و زۆر درێژ نمایش ئەکات، بۆ ڕوونکردنەوەی یان ناساندنی ئەو شوێنەی وێنە دەگیرێ بەکار دێت.[٤]

---

[١] - برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ ٢، هەولێر، ٢٠١٩، ص١١٨.

[٢] - کاظم المؤنس، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٨.

[٣] - کرم شلبی، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩.

[٤] - جوناثان بجنیل، جیرمی اورولیبار، المرجع الشامل فی التلیفزیون، ت: عبدالحکیم احمد الخزامی، دار الفجر للنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٣٢٨.

**٢- گرتەی گشـتی دوور (LS) Long Shot:** ئەو گرتەیەیە لەدوورەوە وەردەگیرێت ئەگەر باس لەگرتەیەک بکەین مرۆڤی تیـابێت لێرەدا هەموو جەســـتەی مرۆڤ بەتەواوەتی لەگرتەکەدا دەرئەکەوێت. گرتەی گشـتی یارمەتی گرێدانی نێوان دیمەنە جیاوازەکان دەدات بەشـێوەیەکی نەرمونـاســـک، بونی ئەمجۆرە گرتەیە دیمەنە جیاوازەکانی نێوان ڕووداوەکانی تەلەفیزیۆن بەئاسانی ئەگوازێتەوە بۆبینەران.[١]

**٣- گرتەی نـاوەنـدی (M S) Medium Shot:** ئەو گرتەیەیە کە وێنەی کەســـێـک دەگیرێ لەسەریەوە تا ناوقەدی، دیاترین جۆری گرتەکانە و لە تەلەفیزیۆندا زۆر بەکاردێت.[٢]

**٤- گرتەی ناوەندی نزیک (M.C.S) Medium close Shot:** ئەو گرتەیەیە ئەکەوێتە نێوان گرتەی ناوەند و گرتەی نزیکەوە، ئەم گرتەیە وێنەی کەسێک لەسەریەوە تا سنگی دەگرێت.

**٥- گرتەی نزیک Close Up:** ئەو گرتەیەی کە وێنەی کەســـێک دەگرێت لەســـەریەوە تاوەکو شانی یاخود بەشێکی کورت لەو شتەی وێنەی دەگرێت.

**٦- گرتەی زۆر نزیک (ECU) Extreme Close Up:** ئەو گرتەیەی بەشـــێکی بچوک لەو تەنە وێنەدەگرێت وەک گرتەی دەم یان چاو، کە پڕاوپڕی کادرەکە چاوی کەسەکەیە.[٣]

**٧- گرتەی شـــــانی بەرامبەر OTS- Over The Shoulder:** ئەو گرتەیەیە کە بەرامبەر گرتەی پێشـوو وێنە دەگیرێ، گرتەکان لەســەر شـانەوە وەردەگیرێت لە بەرنامەی چاوپێکەوتنەکاندا، ئەویش بریتیە لە دوو گرتە هەردووکیان لەسەر شانەوەن.[٤]

**٨- گرتەی Cut away:** ئەمجۆرە گرتەیە کۆنە و لە ئێســـتادا بەمەبەســـتی چڕکردنی ڕاپۆرت بەکاردێت، بۆ نموونە گرتەی ڕۆیشـتنی کەسـێک لەســەر شـەقامێک پێویسـتی بە ٢٠ چرکە

---

[١]- فاروق ناجی محمود، البرنامج التلفزيوني، دار النفائس للنشـــر والتوزيع، دار الفجر للطباعة والنشـــر، بغداد – العراق، ٢٠٠٧، ص١١٠.

[2] - Kenneth Kobre ,video journalism multimedia storytelling, Focal press Taylor & Francis Group ,published in the UK ,2013. P 137.

[٣]- علی فرجاني، مهارات المراســـل التلفزيوني وفن صـــناعة التقارير الاخبارية، دار امجد للنشـــر والتوزيع، عمان- الاردن، ٢٠١٦، ص٣٧٤.

[٤]- ستیڤن د. کانز، دەرهێنانی فیلم... گرتە لەدوای گرتە، و: کاسترۆ مجید، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨، لا ٢٢٢.

وێنەگرتن هەیە بەڵام بۆ پێشـــخســـتنی کاتی وێنەگرتن دەتوانرێت لەڕێگەی Cut away لە پرۆسەی مۆنتاژدا ئەم کاتی وێنەگرتنە کەم بکرێتەوە بۆ (٥) چرکە.[١]

**٣-٧-٣ گۆشەکانی کامێرا:**

بە مـانـایەکی وردترە شـــوێنی کـامێرایە بەگوێرەی ئەو شـــتەی وێنەی دەگرێت، هەموو گۆشەیەک مانایەک هەڵئەگرێت بۆ بینەر کە جیاوازە لە گۆشەیەکی تر کە ئەویش چەند جۆرێکە[٢].

گۆشـــەی کـامێرا: بریتییە لەو گۆشـــانەی کە لە لێنزی کـامێراکەوە دەردەکەون، یـان ئەو گۆشـانەن بە مەبەسـتی وێنەگرتنی ئامانجێک، یان بابەتێکی دیاریکراو هەڵیدەبژێرن، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دیمەنی وێنەگرتنەکە هەیە.[٣]

جۆرەکانی گۆشەی کامێرا:

**١- گۆشـەی ئاسـتی چاو** (Eye-Level Shot)**:** کامێرا لەهەمان ئاسـتی چاوی ئەو کەسـەدایە کە دەڕوانێتە تەنە وێنەگیراوەکە. ئەمەش زیاتر لەڕێگەی ســـتاندەوە ئەنجامدەدرێت و کامێرا لە ئاســـتی چاوی کەســـی ناو گرتەکەدایە، ئەمجۆرەی گۆشـــە باوترینە لە کاری تەلەفزیۆنیداو دەبێت وێنەگر کە دەستیدایە کامێرا خۆی لەسەر ئەمە ڕابهێنێت.[٤]

**٢- گۆشـــەی چاوی باڵندە** brides View Angel**:** وێنەی دیمەنەکانە لەشـــوێنێکی بەرزەوە، کە دەبێتە هۆی بچووکبوونەوە و گۆڕینی ئەندازەی ئەو شـــتانەی لە وێنەکەدا دەردەکەون، لە یەکگۆشـــەدا کامێرا بەبارێکی ســـتونیدا دەبێت بە نزیکی بە شـــێوەیەک لەســـەرەوە بەرەو خوارەوە لەسەری کەسێکەوە.[٥]

**٣- گۆشـــەی خوار ئاســـتی بینین** (Low eye-level)**:** کامێراکە دەکەوێتە خوار ئاسـتی کەسـە وێنەگیراوەکە بۆ ئەوەی درێژتر و بەهێزتر و بەهەیبەتتر پیشـانی بدات. لەمجۆرە گۆشـەیەدا

---

[١] - عدالت عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٧، ١٢٨.

[2] -Steven d. katz, film directing shot by shot ,visualizing from Focal press concept to screen,(New York; Focal press,1991), p452.

[٣] – علی فرجانی، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧٥.

[٤]– برزۆ ئیسماعیل مەنسور، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٣.

[٥]– محمد عبد البديع، الاخراج الاذاعي والتليفزيوني في العصر الحديث، دار النور،٢٠٠٧، ص١٠١.

کامێراکە لە ئاستێکی نزمتر لەو کەسەی وێنەی دەگرێت دادەنرێت بۆیە وێنەگر لەخوارەوە بۆ سەرەوە وێنەدەگرێت، لەبەرئەوە لەمجۆرە گۆشەیەدا هەستکردن بە گرنگی و پێگە و شوێن دەبینێت.[1]

**٤- گۆشەی خوار** (Crooked shot): ئەمجۆرەی گۆشە کەمتر بەکاردێت بەراورد بە گۆشەکانی دیکە، لەمجۆرەدا کامێرا خواردەکرێتەوە بۆ گۆشەیەکی دیاریکراو بەرانبەر کەسەکە، یان تەنە وێنەگیراوەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەرە، ئەمجۆرە گۆشەیە زیاتر بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بەکاردەهێنرێت.[2]

**٥- گۆشەی بەرز** "High – Angel Shot" یاخود سەروو ئاستی بینین: دەڕوانێتە سەر وێنە گیراوەکە لە بەرزییەوە و کامێراکە بەرزتر لەئاستی کەسی وێنەگیراوەکە دادەنرێت، بۆئەوەی بچووکی بکاتەوە و وای لێدەکات کەسەکە بچووکتر بێتەوە لەچاو قەبارەی خۆیدا، لە هەڵوێستێکی لاوازدا پیشانی دەدات.[3]

## ٤- شێوەی ستودیۆ و دیکۆر لە بەرنامەی هونەرییدا:

هەموو بەرنامەیەک پێویستی بە شوێنێکی تایبەت هەیە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ناو و ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا، دەکرێت شوێنێک بێت خۆی بونی هەبێت و دەستکاری بکرێت یان تایبەت بەو بەرنامەیە دروستبکرێت:

**٤-١ ستودیۆ:**

مەبەست لێی ئەو شوێنەیە دیکۆری بەرنامەی تێدا ڕێک دەخرێت سەرجەم دەزگاکان لە ناوەو دەرەوە کاری تێدا دەکرێت ,ئەمەش بنەمایەکە بۆ کارکردن لە بەرهەمهێنانی بەرنامەدا, پێویستیەکی سەرەکیە , ئیتر ئەو ستۆدیۆیە لە نێو سروشتدا بێت یان دروستکراو بێت گرنگ بونی شوێنێکی گونجاو بۆ بەرنامەکەو ڕێکخستنی دیکۆرو ئێکسوارەکان.بە پێی

---

[1]- رستم ابو رستم، جماليات التصوير التلفزيوني، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٩.

[2]- سامی الشريف، محمد مهنى، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٥.

[3]- بارعة شقير، كمال بديع الحاج، الاخراج الاذاعي والتلفزيوني، جامعة دمشق، سورية، 2018-2017 ص٢٩٠.

پێشـــکەوتنی بەرنامەکەش دەکرێ دەزگای پێداویســـتی گرنگ تر بە کار بهێنرێت, تەکنەلۆجیای زیاتر خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت.[١]

**٤-٢ دیکۆر و جۆرەکانی:**

بە یەکێک لە ئامرازەکانی کارکردنی تەلەفزیۆن دادەنرێت وگوزارشت لە بەرنامەو بیرۆکەو پەیامەکانی دەکات. [٢]

بەپێی جۆری بەرنامەکە لەرێگەی بەکارهێنانی دیکۆرەوە کەشـی تایبەت بە بەرنامەکە دروسـت دەکرێت، لێرەدا دیکۆر دوو ئەرکی سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

**٤-٢-١ ئەرکی جوانکاری:**

دیاری کردنی ئەو شـوێنەیە و پیشـاندانێتی بەشـێوەیەکی هونەری تاوەکو لە رێگەی گرتەو وێنەکانەوە شـــێوەیەکی جوان و چێژ بەخش بەوەرگر ببەخشـــێت، هەروەها پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە دەورو پشتی کەسایەتییەکان هەیە بە رەنگ و کەرەستەی گونجاو.[٣]

**٤-٢-2 ئەرکی درامی:**

دیکۆر لە بەرنامە هونەرییەکاندا جگە لە جوانکاری ئەرکێکی تری هەیە، کە دروســـتکرنی کەشـــێکی هونەرییە بە بەرنامەکە، بە بەکارهێنانی ئەو کەرســـتەو کەلوپەلانەی دەچنە خزمەتی بەرنامەکەوە، بۆ نمونە دەرستکردنی شوێنێک وەک تەختەی شانۆ یان دروستکردنی شاشەیەکی سینەمایی یان گەلەرییەکی هونەری یان شیوە هۆڵێکی ئۆرکسترا.

دروســـت کردنی دیکۆر هەندێک جار بە هاوکاری روناکی، یان کەرســـتەکانی تەختەو جۆرەکانی، یان لەرێگەی شاشەو بەکارهێنای پەردەی سەوزەوە، ئەنجام دەدرێت.[٤]

---

[١] - كمال الحاج، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٥، ٦٦.

[٢]- فاروق ناجی محمود، البرنامج التلفزيوني، دار النفائس للنشـــر والتوزيع، دار الفجر للطباعة والنشـــر، بغداد – العراق، ٢٠٠٧، ص١١٦.

[٣]- كرم شلبی، الانتاج التلفزيۆنی وفنون الاخراج، دار الشروق جدة للنشر والتوزيع، دار ومكتبة الهلال، بيروت – لبنان، ٢٠١٠، ص١٨١.

[٤] - كمال الحاج، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٠، ٧١.

### ٤-٣ رووناکی و جۆرەکانی:

کامێرا له کارکردندا وەک کارکردنی چاوی مرۆڤه بۆ بینین ,به بێ بونی روناکی گونجاو ناتوانێت وێنەکان ببینێت, له راستیشدا چاو بۆ خۆی به تەنها هیچ نابینێت,بەڵکو به هۆی روناکی دانەوەی تەنەکانەوەیه که دەبینرێت,ئەمه له عەدەسەی کامێراشدا هەمان شێوازه بۆ

بینینی وێنەکان کامێراش پێویســـتی به روناکی گونجاو هەیه که له رێگەی ئامێری روناک کەرەوەی تایبەت (ئیناره) یان بلاجکتۆرەوه دابین دەکرێت به هۆی تەزووی کارەباوه.

ڕوناکی له بەرهەم هێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا سێ ئامانجی سەرەکی دێنێته دی:

- دابین کردنی روناکی پێویست بۆ کامێراکه ,

- پیشـاندانی ئەو شـتانەی که له کادێری تەلەفزیۆندا دەردەکەون له چاو هەموو ئەو شـتانەی تر که ناویسترێت به تەواوی دەربخرێت ,

- دروستکردنی سەرنج و ساتی راچڵەکێنەر له چاو بینەردا.

- ڕووناکی، چ سـروشـتی بێت، یان دەسـتکرد ڕۆڵ و گرنگی هەیه له پرۆســەی وێنەگرتن و خســتنەڕوو و وێنه و گرتەکان، چی له ســتۆدیۆ بێت یان له دەرەوەی ســتۆدیۆ، هەروەها ڕۆڵی گرنگی هەیه له دەرخستنی شتەکان جا ئەو شته قەبارەکەی هەرچەندبێت لەڕێگەی ڕووناکییەوه دەتوانرێت جوانتر وێنەی بگیرێت.[1]

### ٤-٣-١ ڕووناکی دابەشدەبێت بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا:

له جۆرەکانی ڕووناکیدا (ڕووناکی سروشتی و ڕووناکی دەستکرد) هەیه ڕووناکی دەستکرد مەبەســـت لەو رووناکییه کەله ڕێگەی ئامێرێکەوەیه، جۆری رووناکیەکانش زۆر و جیاوازن، ڕووناکی ســـروشـــتیش مەبەســـتمان له تیشـــکی ڕۆژه. ئەو ڕووناکییەی له ڕاپۆرتدا بەکاردێت ڕووناکی ســـروشـــتییه، چونکه ڕاپۆرت زۆربەی له دەرەوه بەرهەمدێت و وێنەگرتن له دەرەوه ئەنجامدەدرێت نەک لەناو ســتۆدیۆ، ئەگەر وێنەگرتنەکه لەڕۆژدا بێت دەبێت ســوود له ڕووناکی تیشـــکی خۆر وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر وێنه گرتنەکه لەشـــەودا بوو پێویســـتمان به ڕووناکی

---

[1] - عبدالباسط سلمان، ا.عبدالفتاح رياض، سحر التصوير فن الاعلام، الدار الثقافة للنشر، القاهرة، ص٧٨.

دەســــتكردە و دەبێت ئیناره بەکاربهێنرێت، باشـــترین ڕووناکی لەڕۆژدا کەش و هەوای هەوره تاوەکو تیشـــکی ڕۆژ بڵاوه پێبکات، ڕووناکی ڕۆژیش بۆ وێنەگرتن جیاوازی هەیە، بۆ نموونه تیشکی ڕۆژ له نیوەڕۆدا ڕاستەوخۆیە و وێنەیەکی جوان پێشکەش ناکات بۆیە باشترین کاتی وێنەگرتنی دەرەوە لە ڕۆژدا بەیانیانە، یان کاتی خۆرئاوابوونە.[1]

جۆرەکانی ڕووناکی دەســـتکردیش ئەم جۆره زیاتر لەناو ســـتۆدیۆ بەکاردێت له گەشـــتی هەواڵدا بۆ بێژەر، یان لە بەرنامەی ناو ستۆدیۆدا کە بۆ پێشکەشکار، یان میوانەکان دادەنرێن و زۆر بەرنامەش هەن کە لەدەرەوەی ستۆدیۆ ئەنجام دەدرێن، ئەم ڕووناکیانە بەکاردێنێت، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە ڕاپۆرتدا کەمتر ڕووناکی دەســـتکرد بەکاردێت، جۆرەکانی ڕووناکی دەستکردیش ئەمانەن:

**١- ڕووناکی بەرانبەر یان ســـەرەکی (**Key Light – Frontal light**):** ئەمجۆره ڕووناکییە لەبەرانبەر ئەو شوێنە دادەنرێت کە وێنەی لێدەگیرێت، سێبەرەکە بە سێ شێوە دەردەکەوێت وەکو شێوەی ئاسۆیی لەسەر ڕووەکان، یان دوور لە کامێرا، یان بە ئاڕاستەی کامێرا، ئەم جیاوازیانەش لە گرتە نزیکەکاندا دەردەکەوێت".[2]

**٢- ڕووناکی لایەکان** Side Light: کاتێک ڕووناکی لەلایەکی میوان، یان پێشکەشکار دادەنرێت کاریگەری لەســـەر ڕووکار دروســـتدەبێت و دەیکات بە دوو بەشـــەوە لە نێوان ڕووناکی و تاریکیدا، دەکرێت خۆمان لەو حاڵەتە دەرباز بکەین لە ڕێگەی گۆڕینی ڕووی ئەو کەســـەی ئینارەکەی بۆ دانراوە، یان ڕووناکییەکەی لە لاوە دانراوە هێزی کەمتر بێت تاوەکو ئەو جیاوازییە کەمتر بێت.[3]

---

[1] - المؤسسة العامة للتعليم الفنی والتدريب المهنی، التصوير تلفزيونی الاضاءة، الادارة العامة لتصميم وتطوير المناهج، نسخة اؤلية، الملكة العربية السعودية، ١٤٢٥ هجری، ص٢١.

[2]- كرم شلبی، الانتاج التلفزيونی وفنون الاخراج، دار الشروق جدة للنشر والتوزيع، دار ومكتبة الهلال، بيروت – لبنان، ٢٠١٠، ص١٥٥.

[3]- فارس ســـعدی، ســـەرەتایەک بۆ تەکنیک و هونەری فۆتۆگراف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشـــنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، لا٨٧.

٣- **ڕووناکی پشتەوە** Back Light: ئەمجۆرە ئینارەیە لەپشت شوێنی وێنەگرتن دەبێت لەگەڵ دانانی ڕووناکی پڕ لە پێشـــەوە (Fill Light) بە هەردوو جۆرەکەیەوە ڕووناکی و سـێبەر بە ئاڕاستەی کامێرا دروستدەبێت، بۆیە دەبێت بە وریایی دابنرێت.

٤- **ڕووناکی پێشـــەوە** Fill Light: ئەمجۆرە ڕووناکییەش لە پێشـــەوەی کەســـەکە دادەنرێت بۆئەوەی هاوســەنگی دروستبێت لەگەڵ ڕووناکی پشـت و لاکان و بەردەم و سـێبەر وەک یەک دروستببێت.[1]

٥- **ڕووناکی سەرەوە** Over head key: ئەمجۆرە ڕووناکییە زیاتر لە هۆڵی داخراودا بەکاردێت کە شێوەیەکی جیاوازی ڕووناکی دەدات و سێبەرێکی چڕ لەڕووی خوارەوەی ڕووی مرۆڤ دروســـتدەکات و هێڵەکانی ڕووی دەم و چاو بەڕوونی دەردەخات و لەڕێگەی ڕووناکی بەرانبەرەوە کاریگەری زیاتر دەبێت.

٦- **ڕووناکی ئاڵوگۆڕکێ** Kicker: بریتییە لە هەمان ئەو ڕووناکیانەی کە لە ســـێ شــــوێن دادەنرێن، بەڵام ڕووناکی پشـــتەوە بەپێچەوانەی ئاڕاســـتەی ڕووناکی ســـەرەکی (Key Light) دادەنرێت، بۆیە ئەم دوو ڕووناکییە ڕۆڵیان دەگۆڕنەوە.[2]

## ٥- پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرنامەی هونەرییدا:

قۆناغی مۆنتاژ بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامە دادەنرێت و لە ڕێی جۆر و کارتێکەرکانەوە دەتوانرێت شێوەیەکی هونەری جوان بە بەرنامەکە ببەخشێت.

### ٥-١ مۆنتاژ:

واتە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی گرتەکان و دیاریکردنی ماوەکەیان لەسەر شاشە، بە جۆرێک ئەم ڕێکخســـتنە پەیامێکی دیاریکراو لەڕووی واتاوە بەرجەســـتە بکات، مۆنتێر کە ئەرکی مۆنتاژکردنە، ئەزموون و هەســـتی هونەری خۆی و ڕۆشـــنبیریی و توانایی ســـەرلەنوێ بەرهەمهێنانی خۆی بەگەڕ دەخات تاوەکو باشترین بەرهەم بەدەستەوە بدات بۆیە ڕۆڵی مۆنتێر

---

[1]- کرم شلبی، الانتاج التلفزیونی وفنون الاخراج، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٦.
[2]- رستم ابو رستم، جمالیات التصویر التلفزیونی، دار المعتز للنشر والتوزیع، ٢٠١٤، ص١٢٥-١٢٧.

له مۆنتـاژدا هیچی کەمتر نییە لە ڕۆڵی دەرهێنەر و ئامـادەکار.[١]، قۆنـاغی مۆنتـاژ بە گرنگترین قۆنـاغی بواری بەرهەمهێنـانی تەلەفزیۆنی دادەنرێت، چونکە لەم قۆناغەدا گرتەکان لەشــــوێنە جیاوازەکاندا لەناو ستۆدیۆ، یان لەدەرەوەی ستۆدیۆ کۆدەکرێنەوە، دواتریش قۆناغی چونە ناو ژووری مۆنتاژ دەستپێدەکات و دەست بە پرۆسەی مۆنتاژ دەکرێت. بەشێوەیەکی زنجیرەیی یەک لەدوایەک، سەرباری کاریگەرییە دەنگی و مۆسیقییەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەران.[٢] وشەی مۆنتاژ لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسیە و بە واتای کۆکردنەوە دێت، مۆنتاژ بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی گرتەکان و ڕێکخستنیان و بەکارهێنانی بەشێکیان و ڕەتکردنەوەی بەشێکی دیکەیان بەشێوەیەک کە ئەنجامدانی ئەم ڕێکخستنە گوزارشت لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو بکات.[٣]

مۆنتاژ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبەرجەستەکردنی ئەو واتایانەی لە دەقێکی نوسراودا کاری لەسەر کراوە هەماهەنگی هونەریی دەکات لەنێوان دەق و گرتە و داتاکانیش بۆیە هیچ کارێکی ئاست بەرز پێکهاتە زمانەوانی و هونەرییەکانی خۆی تەواو ناکات بەبێ پرۆسەی مۆنتاژکردن.[٤]

لەڕێگەی پرۆسەی مۆنتاژەوە زانیارییەکانی بەرنامەکە لە دەنگ و وێنە گرتە و لێدوان و دەق و گرافیک بە تەنیشت یەکەوە لەسەر یەک هێڵ ڕێکدەخات.[٥]

### ٥-١-١ جۆرەکانی مۆنتاژی تەلەفزیۆنی:

#### ١- مۆنتاژی سەرەتایی هێڵی :

بریتییە لەو مۆنتاژەی کە تەنها گرتەکان دەگەیەنین بەیەکو لە شەریتی مۆنتاژدا دایاندەنێین، ئاسانکاری بۆ مۆنتاژی کۆتایی دەکرێت، هەندێکجاریش بە مۆنتاژی خێرا ناودەبرێت،لەکاتی

---

[١]- چیا یاسین، القیم الاجتماعیة في البرامج الحواریة في القناةNRT الفضائیة، وزارة الثقافة والشباب، السلیمانیة, ٢٠٢٠، ص١٠٧.

[٢] - جمال عبد ناموس القیسی، الاخبار في الصحافة الالكترونیة، دار النفاس للنشر والتوزیع، الاردن، ٢٠١٣، ص٢٠.

[٣]- الادارة العامة لتصمیم وتطویر المناهج، المؤسسة العلمیة للتعلم الفنی والتدریب المهني، البرنامج، تصویر تلفزیوني الحقیبة: المونتاج التلفزیوني: الملكة العربیة السعودیة، ١٤٢٨ هجری، ص٢.

[٤]- نسمة احمد البطریق، جیهان یسری، سەرچاوەی پێشوو٢٠٠٠، ص١٨٧.

[٥]- عظیم كامل الجمیلی، ثناء اسماعیل العانی، صناعة الاخبار الصحیفة والتلفزیونیة، دار الصادق الثقافة للطبع النشر والتوزیع، دار صفاء للنشر و التوزیع، عمان، ٢٠١٢، ص٢٦٤.

پەخشکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی راستەوخۆدا، چونکە پێویستە دەرهێنەر بڕیاری لابردنو جێبەجێکردن بەنزیکەیی لەیەککاتدا بدات.[١]

**مۆنتاژی هێڵی (Liner):** مۆنتاژی هێڵی پشـــت بەیەک هێڵ دەبەســـتێت بۆ تۆمارکردنی وێنە لەســـەر شـــریتی ماســـتەر کە ئەمەش ڕێگەیەکی کۆنە و ئەمجۆرەش لە مۆنتاژ لەڕێگەوە میکسەرەوە ئەنجامدەدرێت.

**٢- مۆنتاژی کۆتایی:**

بریتییە لە پرۆســـەی کۆکردنەوەی گرتەکانو ڕێکخســـتنی بەشـــێوەیەکی تەواو کە ئامادە دەکرێت بۆ پەخشـکردن، بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بە پێشـکەشـکردنی تۆماری وێنەیی دەبەســـتێت، بۆیە پێیدەوترێت مۆنتاژی پاش- وەختە، زۆرجاریش پێیدەوترێت مۆنتاژی پاش- بەرهەمهێنان، لەدوای ئەنجامدانی ئەم جۆرە مۆنتاژە، بابەتی وێنەگیراوەکە بەپێی ڕێنماییەکانی دەرهێنەرو لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بۆ پەخش ئامادە دەبێت. (٤)

**مۆنتاژی ناهێڵی** (Non Liner): مۆنتاژی ناهێڵی پشـــت بە تۆمارکردنی چەند هێڵێک بۆ وێنە دەبەســـتێت، کە شـــێوەیەکی نوێی ســـەردەمیانەی مۆنتاژە و بە ئامێری نوێی کۆمپیوتەر و بەرنامەی تایبەت بە مۆنتاژ ئەنجام دەدرێت.[٢]

## ٢-١-٥ ئەرکەکانی مۆنتاژ:

قۆناغی مۆنتاژ قۆناغێکی گرنگە لە پرۆســـەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا چەندین هۆکار لەپشت پرۆسەی مۆنتاژی تەلەفزیۆنیەوەیە کە خۆی لەچەندین ئەرکدا دەبینێتەوەهەروەک:

**١.کۆکردنەوە : combine**

ئەم جۆرە لە مۆنتاژ یەکەم جۆری مۆنتاژەو ئاســـانترینیانە، هەروەها گوازارشـــتە لە کۆکردنەوەی بەشـەکانی فیلمەکە یان بەرنامەکە لەڕێگەی گرێدانی کۆی گرتەکانی بەشـێوەیەکی

---

٤- تماضر نجيب، دورالمونتاج في الدراما التلفزيونية، <u>*مجلة الفن الاذاعي على الانترنيت*</u>، العدد١٩٤، ٢٠٠٩، ص٦٤.

٢- هەردی ئەحمەد دەروێش، پەیامنێر ڕۆڵ و ئەرک و تایبەتمەندییە پیشـــەییەکان، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٨، لا ٨٢، ٨٣.

ڕێکوپێکو ڕێکخراو هاوئاهەنگ،[١] هەرکاتێک گرتەو دیمەنەکان ڕێکو پێکتر بێت پرۆسـەی مۆنتاژ دروسـتتر دەبێت، هەربۆیە ئەم ئەرکە تەنها بەشـە جیاجیاکانی بەرنامەکە کۆدەکاتەوەو بەشێوەیەکی زنجیرەیی دەیانگەیەنێت بەیەک.[٢]

### ٢.ڕێکوپێکی Trim:

واتای ڕێکخسـتنو دانانی سـەرجەم ئەو گرتانەی لەخزمەتی بەرنامەکەدان، پێویسـتە مۆنتێر بابەتی وێنەگیراو ڕێکبخاتو ماوەی کاتەکەی لەکۆی گرتەکانی فیلمەکە زیاترو درێژتر نەبێت لەماوەی دەسـتنیشـانکراو، بەڵام مۆنتێر ڕووبەڕووی ئاسـتەنگ دەبێتەوە بەهۆی تەرکیزکردنی بابەتی وێنەگیراو لەسـەر بەشـێکی دیاریکراوو فەرامۆشـکردنی بەشـێکی گرنگی تر لەلایەنەکانی بابەتەکە، واتا ئەکرێت بەرنامەیەک هەبێت کە ماوەکەی ١٥ خولەک بێت، بەڵام بابەتی وێنەگیراو کـاتژمێرێـک بێـت، لێرەدا ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سـەرشـانی مۆنتێر کە چۆن بتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو باشترینو ڕێکوپێکترین گرتە بۆ بەرنامەکە هەڵبژێرێت.[٣]

### ٣. ڕاستکردنەوە Correct:

مەبەسـت لەم ئەرکە راسـتکردنەوەی ئەو هەڵانەیە لەکاتی وێنەگرتنی بابەتەکەدا دەکرێن، ئەمەش بەبڕینی گرتە نەخوازراوەکـانو گۆڕینیـانە بەگرتەی تر،ئەمەش وا دەکـات مۆنتێر ڕووبەڕووی ئاسـتەنگ دەبێتەوە چونکە دەبێت گرتەکان لەڕووی تۆنو ڕەنگەوە بگۆڕێتو نزیک بێت لە بابەتی  وێنەگیراوەکە، یان بەهەمان تۆنو رەنگ، یان زۆرجار بەهۆی نەبوونی گرتەی خوازراو بۆ ئەو شـوێنەی کە هەڵەکەی تیـادا کراوە، هەروەهـا بەهۆی نەبوونی پەیوەنـدی تەواوەتی لەگەڵ بابەتی وێنگیراوەکەوە ئاستەنگ دروستدەبێت.

---

[٤]- کاوە عزالدین عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٠.

[٥]- أماني قنديل، المونتاج اللاخگی، فی  مجله مجله الفن الإژاعی، تصدر عن إتحاد الإژاعه والتلفزيون، معهد الإژاعه والتلفزيون، العدد ١٧٢، ص١٦١.

[١]- هاني ابراهيم البطل، الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني، ا لقاهرة، عالم الكتب، ٢٠١١، ص١٦٦.

**٤. دروستکردنBuild :**

ئەم ئەرکە بەقورسـترین ئەرکی مۆنتاژ دادەنرێتو بریتییە لە دروسـتکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان فیلمێکی تۆمارکراو، کە پێکدیت لە زۆرترین گرتەی هەڵبژێردراو لە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، پاشتریش دروستکردنی زنجیرەی گرتەی پێویست بەسودوەرگرتن لە ڕەگەزی دەرەکی بۆ سەر بەرنامە تەلەفزیۆنییەکە، یان فیلمە تۆمارکراوەکە کە دەکرێت وێنەی فۆتۆگرافی یان وێنەی ئەرشـیفی بۆ بێنین، بۆیە دەتوانین لەڕێگە ئەرکی دروسـتکردنەوە کاریگەری دروسـتبکەین بە بەکارهێنانی ڕەگەزە دەرەکییەکان لەبەرنامە بەرهەمهێنراوەکەدا.[١]

**٥-١-٣ پێویستە مۆنتێر و ئامادەکار پەیوەستن بە:**

١- وێنە و تێکست تەواوکەری یەکترن.

٢- پەیوەسـتبن بە بنەماکانی مۆنتاژەوە کە بریتییە لە (هەڵبژاردنی گرتە کۆکردنەوە و گرتە ڕێکخستن و پۆلێنکردنی گرتەکان).

٣- ناو و ناونیشانی ئەو کەسانەی کە لە بەرنامەکەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بە دروستی بنووسرێت وەک تایتل.

٤- هەوڵبدات گرتەکان لە یەکتر نزیک نەبن بۆئەوەی بازدان (Jump) دروسـت نەبێت، واتە جۆری گرتەکان لە یەک دووربن.

٥- ئامادەبوونی خودی بەرهەمهێنەر لەکاتی مۆنتاژدا لەگەڵ مۆنتێردا وە شـارەزایی هونەری مۆنتاژکردن بێت.[٢]

---

[١]- نجلاء الجمال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.

[٢] - سعي شيمى، اتجاهات الابداع فى الصورة السينمائية المصرية، للمجلس الاعلى للثقافة حقوق الطبع والنشر، القاهرة، ٢٠٠٣، ص١٤٧.

**٥-٢ جۆرەکانی کارتێکەرەکان لە پرۆسەی مۆنتاژی تەلەفزیۆنیدا:**

چەندین کارتێکەری وێنەیی هەن کە مۆنتێر لەکاتی گواســـتنەوەی گرتەیەک بۆ گرتەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بۆ ئەوەیە بینەر هەســت بە دابڕان نەکات، ئەم دەســتەواژەیە لەڕێگەی کاریگەرییە رەنگیە تایبەتی و بینینە سادەکان جێبەجێدەکرێت.[١]

١- **کـارتێکەری بڕین**Cut : گواســـتنەوەیەکی کوتوپڕە لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دیکە، هاوکات تاکە ئامڕازی گواســتنەوەشــە کە لەســەر شــاشــە کاتی بۆ نییە، بۆیە بە ئامڕازێک خاوەن خێرایی جێگیر دادەنرێتو جیاوازیشە لە هەموو ئامڕازەکانی تری گواستنەوە.[٢]

٢- **کارتێکەری تێکەڵکردن** Dissolve**:** پێکدێت لە تێکەڵکردنی دوو وێنەی یەک لە دوایی یەک بە واتایی کۆتایی هاتنی کات یان گواســتنەوە لەنێوان دوو دیمەندا، کە مەودایەک لەنێوانیاندا هەیە، تێکەڵکردن داخڵبوونێکی سستە لەنێوان دوو گرتەدا بەکاردەهێنرێت.[٣]

٣- **کارتێکەری سڕینەوە**wipe : رێگایەکی شوێنگرەوەی تێکەڵکردنە، کاریگەری سڕینەوە وەک فڵچەیەک وایە بەسەر شاشەکەدا بهێنرێت، وێنەکە دەسڕێتەوەو دیمەنی دواتر دەردەکات.[٤]

---

[١]- صـفاء زهير، تطور اسـلوب العمل بمرحلة المونتاج تبعا لتطور اسـتخدامات المرحلة الرقمية الوسـيطة بالتطبيق على الافلام المصرية والعالمية، اكاديمية فنون، المعهد العالي للسينما، قسم المونتاج. ٢٠١٠، ص٢٨..

[٢]- عبدالخالق محمد على، فن الاخراج التلفزيوني و الاذاعي، دار المجلة البيضاء، بيروت، ٢٠١٠، ص١٨٢.

[٣]- بوريتسكي، الصحافة التلفزيونية، ت: اديب حضور، ط ٢، دمشق، ٢٠٠٩، ص٥٩.

[٤] - ادريان برونل، مصطفى محرم، سيناريو الفيلم السينمائي تقنية الكتابة للسينما، المؤسسة العامة للسينما، مكتبة الاسد، دمشق، ٢٠٠٧، ص١٦٤.

# بەشی سێیەم

## چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

## خستنەڕووی ئەنجامی شیکاری فۆڕم و ناوەڕۆکی

## بەرنامە هونەرییەکانی(ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2)

## خستنەڕووی ئەنجامی شیکاری فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی (ئەمڕۆی GK) و (ئێوارەی NRT2)

بەمەبەستی شیکردنەوەی فۆڕم و ناوەڕۆکی بەرنامە هونەرییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی ئەمڕۆی GK و بەرنامەی ئێوارەی NRT2 وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەو پێیەی هەردوو بەرنامەکە هونەرین،کورتەیەک دەربارەی هەردوو کەناڵ و بەرنامەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

**١- بەرنامەی ئەمڕۆ لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان** (GK):-

کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان یەکێکە لە دامەزراوە میدیاییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەناڵێکی هەواڵییە لە ١١-٩-١٩٩١، وەک یەکەم کەناڵی کوردی دوای ڕاپەڕین، پەخشی ناوخۆیی لە شاری سلێمانی دەستپێکرد لە ١-٦-٢٠٠٨، پەخشی ئاسمانی کەناڵی گەلی کوردستان بەهەردوو شێوە زاری کرمانجی ناوەراست (سۆرانی)، و کرمانجی ژوروو، دەستپێکردوە، نێردراوی لەزۆربەی شارەکانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەیە.[١]

بەرنامەی ئەمڕۆ بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هونەرییە کە ڕۆژانە پەخش دەکرێت لە کاتژمێر ٥:٢٠ دەقیقەی ئێواران و لە چەند برگەیەک پێکهاتووە وەک میوان و هەواڵی هونەری و ڕاپۆرت و سەرجەم چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان، ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە بەم ستایڵ و ناوەوە واتە (ئەمڕۆ) بەردەوامە تا ئێستا.[٢]

**٢- بەرنامەی ئێوارەی** (NRT2) **لە کەناڵی ئاسمانی** (NRT2):-

کەناڵی ئێن ئارتی دوو لە ٢٠١٣/٢/٢٠ دامەزراوە، لە لایەن دامەزراوەی میدیایی نالیا بەڕێوەدەچێت.

---

[١]- ماڵپەری (www.gksat.tv) ڕۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/٧/٢٤ کات : ٦:٣٠ ئێوارە.

[٢] - چاوپێکەوتن، کاردۆ محەمەد عەزیز، ئامادەکاری بەرنامەی ئەمڕۆی کەناڵیGK، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٢٣.

دامەزراوەی میدیایی نالیا، لە ساڵی ٢٠١٠دا دامەزراوە بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ و رووماڵکردنی رووداوە جۆربەجۆرەکان. [١]

بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بەرنامەیەکی هونەری و هەمەڕەنگە کە هەفتەی چوار جار ئێواران بەشێوەیەکی ڕاسەوخۆ لە کاتژمێر 6:30 دەقیقە پەخش دەکرێت و تێیدا باس و خواستی هونەری تاو توێ دەکرێت و میوانی بەرنامەکە چەندین بەرهەم پێشکەش دەکات بە هاوکاری گرووپی میوزیک، بەدەر لە هونەر تەوەری دیکەش هەن لە نێو بەرنامەکە وەک تەندروستی و کولتووری و وەرزشی و... هتد، لەساڵی ٢٠١٤ ەوە تا ئێستا بەردەوامە لە پەخشکردن بە هەمان ستایڵ و هەمان ناو (ئێوارەی NRT2).[٢]

ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی شیکردنەوەی فۆڕمی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی (GK) و (NRT2)، بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاریی و دوای گرتنەبەری سەرجەم ڕێ وشوێنە زانستییەکان، لێرەدا دەستەکانی توێژینەوە لە چەند تەوەرێکدا کۆکراونەتەوەو هەر تەوەرەو چەند فۆرم و دەستەیەکی لەخۆگرتووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

**١- فۆڕمی بابەت لە نێو سامپڵی توێژینەوەکە:**

بابەتی بەرنامە زۆرن دابەش دەبێت بەسەر چەند جۆرێکدا کە هەر یەکەیان پسپۆڕی و تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، لێرەدا دابەشدەبن بەسەر چەند دەستەیەکدا:

**١-١ میوزیک و گۆرانی:** هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە میوزیک و گۆرانی وتن و کلیپ و کۆنسێرت و ئاوازدانانەوە هەیە.

**١-٢ شانۆ:** بابەتەکانی تایبەت بە شانۆ، خۆی لە دەرهێنانی شانۆیی و نواندن و یادەکانی شانۆ و فێستیڤاڵە شانۆییەکان و نمایشە نوێکاندا دەبینێتەوە

**١-٣ شێوەکاری:** سەرجەم بابەتەکانی وێنەکێشان و پێشانگە و پەیکەرتاشین و کاری هەڵکۆڵین دەگرێتەوە.

---

[١]- ماڵپەڕی (www.nrttv.com) رۆژی سەردانیکردن ٢٠٢٢/٧/٢٤ کات : ٦:٥٠ ئێوارە.

[٢]- چاوپێکەوتن: ڕێبین عومەر ساڵح، بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کەناڵی NRT2, رۆژی ٢٠٢٢/٧/٢٠.

١-٤ **دیزاین:** هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە کاری دیزاین لە خۆ دەگرێت لە دیزاینی جل و بەرگ و پرۆگرام و ریکلام.

١-٥ **سەمای بالیە:** بابەتەکانی تایبەت بە سەماو جۆرەکانی سەمای بالییە دەگرێتەوە.

١-٦ **سینەما:** زۆر لایەن لە خۆ دەگرێت هەموو ئەوانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشدارن لە بەرهەمهێنانی کارەکەدا دەبنە بابەتی سینەمایی بۆ بەرنامەکان.

١-٧ **چالاکی رۆشنبیری:** سەرجەم چالاکیە رۆشنبیرییەکانی وەک کۆڕ و سیمیناری رۆشنبیری لە گشت بوارەکانی رۆشنبیرکردندا دەگرێتەوە.

١-٨ **تەندروستی گشتی:** واتا هەر بابەتێک کە پەیوەندی بە تەندروستی مرۆڤەوە هەبێت و باس لە هۆکار و چارەسەر و کێشەکانی بکات بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ.

## ٢- فۆرمی بڕگەکانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

مەبەست لێی سەرجەم بڕگەکانی ناو بەرنامەکانە کە بە هەمویان بەرنامەیەک پێدەهێنن و لەرێگەی دیاری کردنی بڕگەکانەوە دەتوانین دەستنیشانی جۆری بەرنامەکە بکەین، بڕگەکانی بەرنامە هونەرییەکان دابەشبون بەسەر چەند فۆڕم و دەستەیەکدا:

٢-١ **راپۆرت:** دیاری کردنی سەرجەم جۆرەکانی راپۆرت دەگرێتەوە لە گشتی و تایبەت و کەسی و وەرگێردراو و بنکۆڵکاری و راپۆرتی دەنگی.

٢-٢ **چاوپێکەوتن:** سەرجەم چاوپێکەوتنەکان دەگرێتەوە کە لەناو بەرنامە هونەرییەکاندا ئەنجام دراون و بونەتە بڕگەیەکی بەرنامەکە.

٢-٣ **هەواڵ:** هەموو ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە لەبەرنامەکاندا خراونەتە روو.

٢-٤ **کلیپ:** مەبەست لەو کلیپە هونەرییانەیە کە ئەنجام دراون لە بەرنامەکەدا پیشان دەدرێن وەک کلیپی گۆرانی بێژان یان میوزیسیانەکان.

٢-٥ **پەیوەندی تەلەفۆنی:** ئەو پیوەندیانە دەگرێتەوە کە لەناو بەرنامەکدا پەیوەندیان کردوەو لە رێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان لەگەڵ کراوە یان ئەو میوان و پەیامنێرانەی کە لەرێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیان لەگەڵ گیراوە.

**٢-٦ ریکلام:** مەبەســـــت لەو ریکلامانەیە کە لە نێوان بڕگەکاندا پیشـــــان دەدرێت بە هەموو جۆرەکانیەوە(بازرگانی و هونەری).

**٣- فۆرمی جۆری راپۆرتی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژنەوەکە:**

مەبەســــت لە دیاریکردنی جۆری ئەو راپۆرتانەیە کە لەناو بەرنامەکەدا بەکار هاتوون و دابەشبوون بەسەر دوو دەستەدا:

**٣-١ راپۆرتی مەیدانی:** ئەو جۆرە راپۆرتانەیە کە لە دەرەوەی ســــتودیۆ ئامادە دەکرێت و کەناڵەکە خۆی خاوەنی بورۆکە و وێنەکانە.

**٣-٢ راپۆرتی** In House: ئەو راپۆرتانە دەگرێتەوە کە لە ژوری ئامادەکردنی بەرنامەکە یان دەتوانین بڵێین لە ناو بارەگای کەناڵەکە ئامادە دەکرێت و پشت بە وێنەی نێردراو یان ئامادەبوو دەبەستێت.

**٤- فۆرمی ریکلام و سپۆنسەر لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەســــت لێی دیاریکردنی ژمارەی ئەو ریکلامانەیە کە لەناو بەرنامە هونەرییەکاندا پەخشکراون واتا ریکلامی بازرگانی و هونەریی، هەروەها دیاریکردنی ژمارەی سپۆنسەرەکانی بەرنامەکان:

**٤-١ ریکلام:** مەبەست لەو ریکلامانەیە کە لەناو بەرنامەکاندا پەخشکراون لە هەردوو جۆری ریکلامی (بازرگانی و هونەری).

**٤-٢ ســـپۆنســـەر:** هەموو ئەو شـــوێن و مارکێت و فرۆشـــیار و خاوەن پیشـــە جیاوازەکان دەگرێتەوە، کە بەشـێوەیەک لە شـێوەکان هاوکاری بەرنامەکە دەبن، بۆ نمونە دابینکردنی جل و بەرگ بۆ پێشـــکەشـــکار، یان ئارایشـــت و ئێکســـەوارات دابین دەکەن و لە بەرمبەردا ریکلام بۆ شوێنەکە یان کاڵاکە دەکرێت.

**٥- فۆرمی ژمارەی پێشکەشکار و رەگەزەکانیان:**

مەبەست لە ژمارەی ئەو پێشکەشکارانەیە کە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەکەوە پێشکەش دەکەن و دیاری کردنی رەگەزەکەیانە ئایا (نێر)ن یاخود (مێ)ن:

**٥-١ یەک پێشکەشکاری مێینە:** مەبەست لەو پێشکەشکارەیە کە بەرنامەکە پێشکەشدەکات کە ژمارەی یەک دانەیە و لە رگەزی مێە .

**٥-٢ فرەیی لە پێشکەشکاری مێینە:** واتا ئەو پێشکەشکارانەی کە بەرنامەکەیان پێشکەشکردوە زیاد لە پێشکەشکارێکن واتا هەر رۆژەو پێشکەشکارێکە و هەموشیان لە رەگەزی مێن.

## ٦- فۆرمی پسپۆری میوانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لەم فۆرمەدا پسپۆری میوانەکانی هەردوو بەرنامەی سامپڵی توێژینەوەکە خراونەتە روو و ئاماژە بەوە دراوە تا چەند پسپۆری میوانەکان لەگەڵ ناونیشان و جۆری بەرنامەکەدا گونجاوە کە بەرنامەیەکی هونەرییە، پاشان بەپێی پسپۆرییان دابەشکراون بەسەر چەند دەستەیەکدا کە پێکهاتوون لە:

**٦-١ هونەرمەندان:** هەموو کەسانە دەگرێتەوە کە شارەزاو پسپۆرن لە بەشێک لە بەشەکانی هونەر (شانۆ، میوزیک، شێوەکاری، سینەما، ...هتد)

**٦-٢ نووسەر و ئەدیب:** ئەو جۆرە کەسانە دەگرێتەوە کە نووسەری کتێب یان رۆمانێکن و یان شاعیرێک یان ئەنجامدەری کۆرێکی ئەدەبی.

**٦-٣ چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی:** مەبەست لەو کەسانەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی لەگەڵ دەستەو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کار دەکەن.

**٦-٤ پزیشک:** ئەو میوانانە دەگرێتەوە کە پزیشکن و بۆ بابەتێکی تەندروستی بانگهێشت کراون.

**٦-٥ پارێزەر:** مەبەست لەو میوانەیە کە پیشەی پارێزەرە و بۆ بابەت و تەوەرێکی یاسایی بانگهێشت کراوە بۆ بەرنامەکە.

## ٧- فۆرمی چاوپێکەوتنی میوان لە بەرنامەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

مەبەست لە ژمارەی میوانەکانە لە ناو بەرنامەکەدا بۆ هەر بەرنامەیەک کە دابەش دەبێت بەسەر چەند دەستەیەکدا: (یەک میوانی، دوو میوانی، سێ میوانی، گروپە میوان).

**٨- فۆڕمی شوێنی چاوپێکەوتنی میوانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەسـت لەشـوێنی چاوپێکەوتنە واتە ناو سـتودیۆ میوانەکە ئامادەیی هەیە یاخود لە دەرەوەی ستودیۆ، کە دابەش دەبێت بەسەر دوو دەستەدا:

**٨-١ ناو سـتودیۆ:** مەبەسـت لەو میوانانەیە کە لەناو سـتودیۆی بەرنامەکەدا هاوکات لەگەڵ پێشکەشکاردا، ئامادەیی هەیە.

**٨-٢ دەرەوەی سـتودیۆ:** مەبەسـت لەو میوانانەیە کە راسـتەوخۆ لەدەرەوەی سـتودیۆ و بەشێوازی جیا جیا و بە ئامرزای جۆراو جۆر وێنە و دەنگەکەی دەگوازرێتەوە.

**٩- فۆڕمی شـوێنی جوگرافی چـاوپێکەوتنی میوان لە بەرنـامە هونەرییەکـانی سـامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەسـت لە شـوێنی جوگرافی میوان ئەوەیە کە توانراوە زۆرینەی وڵات و شـارو شـارۆچکەکان رووماڵبکرێت لە بواری هونەریدا، کە دابەشـکراوە بەسـەر چەند دەسـتەیەکدا کە پێکهاتوون لەچەند پارێزگایەک:(پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەولێر، پارێزگای کەرکوک).

**١٠- فۆڕمی ئـامرازی بەکـارهـاتوو بۆ وەرگرتنی میوانی دەرەوەی سـتودیۆی بەرنـامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە بۆ وەرگرتنی میوانەکان بەکارهاتون و دابەش دەبن بەسـەر دوو دەستەدا:

**١٠-١ SNG:** کە کورتکراوەی (Satellite News Gathering) واتە کۆکرنەوەی هەواڵەکـان لە رێگەی مانگی دەسـتکردەوە، ئەو ئامێرە گەرۆکەیە کە لە ڕێگەی ئۆتۆمبیلەوە کاری پێدەکرێت و پشـت دەبەسـتێت بە مانگی دەسـتکردوو لە ڕێگەی سـینییەکی تایبەتەوە وێنەو دەنگەکە وردەگیرێت و پاشان دەگوازرێتەوە بۆ ناو کۆنترۆڵی ستودیۆ.

**١٠-٢ Stream:** ئەو ئامێرەیە کە لەڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە کاردەکات و بە بونی وەرگرێک لە ناو کەناڵەکەوە دەتوانرێت وێنەو دەنگ بە کامێرا بگوازرێتەوە بۆ ناو سـتودیۆ کە لە ئیسـتا دەتوانریت بوترێت تا رادەیەک جێگەی sng گرتۆتەوە.

**١١- فۆڕمی جۆرەکانی مایکرۆفۆنی بەکارهاتوو لەناو ســـتودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

ئەم تەوەرە مـایـک لەخۆ دەگرێـت کە هۆکـارێکە بۆ گەیـانـدنی دەنـگ بە بینەر لەڕێگەی جۆرەکانییەوە بە بەکارهێنانیان بەشـــێوەیەکی زانســـتی و هونەری ســـیمای بەرنامەکە جوانتر دەکات و وادەکات بۆ کاتێکی زیاتر بینەربیت، کە لەفۆڕمێک و چەند دەســـتەیەکدا دیاردەکرێن، مەبەســـت لەجۆری مایکی بەکارهاتووە لەناو بەرنامە هونەرییەکاندا بۆ گواســـتنەوەی دەنگ بۆ بینەر، کە دابەش دەبێت بەسەر دوو دەستەدا:

**١١-١ مایکی یەخە:** ئەو جۆرە مایکەیە کە بە یەک ئاراســـتە ناو دەبرێت و لە یەخەی بێژەر یان میوان دەبەسترێت بۆ گواستنەوەی دەنگێکی پاک و بێ خەوش.

**١١-٢ مایکی دەستی:** ئەمجۆرە بە بێ ئاراستەش یان (گشتی) ناودەبرێت کە توانای وەرگرتنی دەنگێکی پاکی هەیە بە هەموو ئاراستەکان.

**١٢- فۆڕمی جۆری وێنەی بەکارهـاتوو لە ڕونکردنەوەی بـابەتی نـاو بەرنـامەی ســـامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەســـت لە فۆڕمی وێنە ســـەرجەم ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە تایتڵ و ناو بەرنامە هونەرییەکـانـدا بەکـاردێت بە هەموو جۆرەکـانیەوە کە دابەش بوون بەســـەر چەنـد فۆڕم و دەســـتەیەکدا، ئەم فۆڕمەش تایبەتە بە وێنەو دابەشـــکراوە بەســـەر چەند دەســـتەیەکدا کە هەریەکێکیان چەند جار لەناو بەرنامە هونەرییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکەدا بەکار هاتووەو دەستەکانیش بریتین لە:

**١٢-١ وێنەی جوڵاو:** مەبەســـت لەو وێنە جوڵاوانەیە کە لە نـاو بەرنـامە هونەرییەکـانـدا بەکارهاتوون، بۆنمونە لە ڕاپۆرتێکدا یان لە هەواڵێکدا.

**١٢-٢ وێنەی وەستاو:** وینەی وەستاو ئەو جۆرە وێنانەن ئەگەر زۆر مەبەستدار نەبێت و بۆ جوانترکردنی بەرنامەکە نەبێت کەمتر پشتی پێدەبەسترێت لە بەرنامەی هونەریدا.

**١٢-٣ ئینفۆگرافیـــک:** ئەو جۆرە لە وێنە دەگرێتەوە کە بە تێکەڵکردنی وێنە و نوســـین هەوڵدەدرێت جێگەی وێنەی جوڵاو بگرێتەوەو زانیاری زیاتر بخاتە روو.

**١٢-٤ گرافیک:** جێگەی ئەو جۆرە وێنانە دەگرێتەوە کە ناتوانرێت بەردەســـت بخرێت یان هەندێک جار بۆ جوانکاری لە ناو بەرنامەکەدا بەکاردەهێنرێت و دەکرێت وێنەی جوڵاو و وەستاویشی تیادا بەکاربێت.

١٣- **فۆڕمی تایتڵی سەرەتاو کۆتایی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

لەم فۆڕمەدا چەند دەســـتەیەک شـــیکراونەتەوە کە لە تایتڵی ســـەرەتاو کۆتایی بەرنامە هونەرییەکاندا بەدیدەکرێت بۆ ناسینەوەی جۆری بەرنامەکە و ستاف و جۆرەکانی وێنە، دابەش دەبن بەسەر ئەم دەستانەدا:

**١٣-١ ئاماژەدان بە ناونیشـــان:** مەبەســت لێی ئاماژەدانە بەناونیشــانی بەرنامە لە دەســتپێکی بەرنامەکەدا.

**١٣-٢ ئاماژەدان بە ناوەڕۆکی بەرنامە:** لەم دەســتەیەدا ئەوە دەخرێتە روو تا چەند ئاماژە بە ناوەڕۆکی بەرنامەکە دراوە.

**١٣-٣ ئاماژەدان بە ســـتافی بەرنامە**:مەبەســـت لە ئاماژەدانە بەو ســـتافەی بەشـــداربوون لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکەدا لەقۆناغی سەرەتاوە تا کۆتایی.

**١٣-٤ بەکارهێنانی وێنەی وەســـتاو:** بریتیە لەو وێنە وەســـتاوانەی کە وەک (فۆتۆ) بەکاردێن یان وێنەی (ستیل) کراو لەناو تایتڵی سەرەتاو کۆتایی بەرنامەکەدا.

**١٣-٥ بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو:** ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە جوڵەیان تێدایەو بە (ڤیدیۆ video, move) ناو دەبرێت بە مەبەستی روونکاری لە تایتڵدا بەکاردێت.

**١٣-٦ گرافیک:** بریتیە لەو کارە ئەندازەیی و هونەرییەی کە لە رێگەی پرۆگرامی تایبەتەوە بەرهەمدەهێنرێت.

١٤- **فۆرمی جۆری جوڵەی کامێرا لەناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە دیاری کردنی سەرجەم ئەو جوڵانەی کامێرایە کە لە لایەن وێنەگرەوە ئەنجام دەدرێت، دابەش دەبن بەسەر چەند دەستەیەکدا:

**١-١٤ ZOOM IN:** بریتییە لەو جوڵەیەی کامێرا کە لە دوورەوە بۆ نزیک ئەنجام دەدرێت.

**٢-١٤ ZOOM OUT:** ئەو جوڵەیەی کە لە نزیکەوە بۆ دوور ئەنجام دەدرێت.

**٣-١٤ TILT UP:** ئەو جوڵەیە کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات.

**٤-١٤ TILT DOWN:** ئەو جوڵەیەی کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەڕوات.

**٥-١٤ DOOLY:** جوڵەی گالیسکەیی یان ڕەوڕەوەیی ناو دەبرێت، مەبەست لێی دوا کەوتنی تەنێکە یان میوانێکە یان بێژەرێکە بە پیشاندانی خۆی و سەرجەم شوێنەکە کە دەکرێت بە زووم بکرێت یان بە چونە پێشەوەی کامێراکە بە ستاندەکەوە.

**٦-١٤ PAN LEFT:** بریتیە لە جوڵەی کامێرا بە شیوەیەکی ئاسۆیی بۆ لای چەپ.

**٧-١٤ PAN RIGHT:** بریتیە لە جوڵەی کامێرا بە شیوەیەکی ئاسۆیی بۆ لای راست.

١٥- **فۆرمی جۆری گرتەی کامێرای ناو ستودیۆ لەبەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

بەکارهێنانی کامێرا تەواو پەیوەستە بە دیاریکردنی جۆری بەرنامەکەوە لێرەدا بە پێی جۆری گرتەکان دابەش بوون بەسەر چەند دەستەیەکدا:

**١-١٥ گرتەی زۆر دوور:** ئەم گرتەیە زۆرجار لەسەرەتا یان لە کۆتایی بەرنامەدا بەکار دەهێنریت کە مەبەست لێی ناساندن وپیشاندانی تەواوی شوێنەکەیە بەڵام بەشێوەیەکی تا رادەیەک دوور.

**١٥-٢ گرتەی دوور:** مەبەســـــت لەم گرتەیە پیشـــــاندانی تەواوی دیکۆرو کەســـــایەتیەکانە بەشـێوەیەکی کەمێک نزیکتر لە زۆر دوور کە تەنەکان تیایدا بە ئاسـانی دەناسـرێنەوە بە گرتەی (گشتی یان عام) ناو دەبرێت.

**١٥-٣ گرتەی تەواو:** لەم گرتەیەدا ئەگەر کەسێک پیشـان بدرێت دەبێت لە قاچیەوە تا سـەری دەربکەوێت و ببینرێت.

**١٥-٤ گرتەی ناوەند:** ئەم گرتەیە بە پێی لاشــــەی مرۆڤ پێوانە دەکرێت کە لەســــەریەوە بۆ کەمەری نیشان دەدات و لە زۆرینەی جۆری بەرنامە و هەواڵەکاندا بەکاردێت.

**١٥-٥ گرتەی نزیکی ناوەند:** ئەم گرتەیە لەسـەر سنگەوە وەردەگیرێت و هەردوو شـان تیایدا دەردەکەوێت.

**١٥-٦ گرتەی ناوەندی دوور:** ئەم گرتەیە لە سەرەوە تا ئەژنۆ دەردەکەوێت.

**١٥-٧ گرتەی نزیک:** مەبەســـــت لێی وەرگرتنی دەم و چاوە بە تەواوی بۆ خســـــتنە رووی سەرجەم کاردانەوەکان.

**١٥-٨ گرتەی زۆر نزیک:** لەم گرتەیەدا بە تەنیا چاو یان دەم و لێو وەردەگیرێت.

**١٥-٩ گرتەی زۆر نزیک جگە لە دەم و چاو:** ئەم گرتەیە زۆر جار بۆ کاریگەری وروژاندن بەکار دەهێنرێت کە جگە لە دەم و چاو دەست یان قاچ وەردگیرێت.

**١٥-١٠ گرتەی سەرشانی بەرامبەر:** ئەم گرتەیە کە بە (ئۆڤەر شۆڵدەر) ناسراوە لەسەر شانی بەرامبەرە کەسەکە یان تەنی مەبەست پیشان دەدرێت.

**١٥-١١ گرتەی چارەســـــەر:** ئەم گرتەیە وەک ناوەکەی روونە ســـــەرنج و چاوی بینەر بۆ بابەتێک دور لە روداوەکە دەگوازێتەوەو هەندێک جاریش بۆ چارەسەر بەکاردێت.

**١٦- فۆرمی گۆشەکانی کامێرای ناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

ئەم فۆرمە گرنگی خۆی هەیە و دیاریکردن و دەستنیشانکردنی گۆشەکان ئاستی تەکنیکی و هونەری بەرنامەکە دەخاتە روو، کە دابەشبوون بەسەر چەند دەستەیەکدا.

**١٦-١ گۆشەی ئاستی چاو**: مەبەست لەم گۆشەیە پیشاندانی تەنەکانە لە ئاستی چاوی بینەر واتە کامێرا بەهەمان ئاستی بینین دادەنرێت.

**١٦-٢ گۆشەی خوار ئاستی بینین:** لەم گۆشەیەدا کامێرا لە خوار ئاستی بینین دادەنرێت کە مەبەست لێی پیشاندانی کەسەکەیە بە گەورەتر.

**١٦-٣ گۆشەی بەرز:** مەبەست لێی پیشاندانی کەسەکەیە بەشێوەیەکی بچوکتر لەخۆی واتە ئاستی کامێراکە بەشێوەیەکی بەرزتر لە ئاستی چاو دادەنرێت.

**١٦-٤ گۆشەی خوار:** ئەم جۆرە گۆشەیە کامێرا تارادەیەک خوار دەکرێتەوە لەبەرامبەر کەسەکە یان تەنە وێنە گیراوەکە کە زۆر جار بۆ ریکلام یان کلیپ یان بۆ بەرنامەیەکی هونەری بەکاردێت.

**١٦-٥ گۆشەی چاوی باڵندە:** مەبەست لەم گۆشەیە پیشاندانی کەسێکە لە شوێنێکی بەرزەوە واتە لەسە سەریەوە بۆ پێیەکانی بەشێوەیەکی ستونی.

١٧- **فۆرمی بەکارهێنانی کرێن لەناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەست لەبەکارهێنانی کرێن لەناو ستودیۆدا بە تایبەت بۆ بەرنامەیەکی هونەری زۆر پێویستە:

**١٧-١ کرێن:** ئەو ئامێرەیە کە کامێرایەکی لەسە دادەنرێت و لەڕێگەی وێنەگرەوە بەکاردەهێنرێت بە شێوەیەکی زانستی و هونەری بەمەبەستی پیشاندانی زۆرترین بەشی ستودیۆکە.

١٨- **فۆرمی ژمارەی کامێرای بەکارهاتوی ناو ستودیۆی بەرنامە هونەییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە ژمارەی کامێراکانە لەناو ستودیۆدا کە دابەش دەبن بەسەر چەند دەستەیەکدا کە هەر دەستەیەک کاریگەری خۆی هەیە لەسەر باشتر و روونتر پیشاندانی کەسایەتی و دیکۆر و کەرستەکانی ناو ستودیۆدا: (**دوو کامێرا، سێ کامێرا، چوار کامێرا، پێنج کامێرا).**

١٩- **فۆڕمی جۆری دیکۆری بەکارهاتوو لەبەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەسـت لێی ئەو دیکۆرەیە کە دروسـت دەکرێت بۆ بەرنامەیەک کە دەتوانرێت لەڕێگەی دیکۆرەروە جۆر و بابەتی بەرنامەکە دیاری بکرێت و کاری دروسـتکردنی کەش و ژینگەیەکی تایبەتە بە بەرنامەکە کە بگونجێت لەگەڵ سـتایل و ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا ئەم فۆڕمە دابەش بووە بۆ دوو دەستە:

**١٩-١ دیکۆری جێگیر:** مەبەسـت لەو جۆرە دیکۆرەیە کە هیچ گۆرانکارییەکی تیادا ناکرێت بە گۆڕینی بابەت و کەسایەتی و تەوەری بەرنامەکە.

**١٩-٢ هۆڵی شـانۆیی:** مەبەسـت لەوەیە ئەو بەرنامەیە لە ناو هۆڵی شـانۆییدا تۆمار کراوەو هەر هەمان هۆڵ و دیکۆری شانۆییەکە بۆتە دیکۆری بەرنامەکە.

٢٠- **فۆڕمی جۆری مۆنتاژی بەکارهاتوو لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەست لەچۆنیەتی دیاریکردنی جۆری مۆنتاژی بەرنامەکانە، کە دابەش دەبێت بەسەر دوو دەستەدا:

**٢٠-١ مۆنتاژی سەرهێڵ:** ئەو جۆرەی مۆنتاژە کە مۆنتاژی میکسەر یان کلاسیک ناسراوە.

**٢٠-٢ مۆنتاژی بێهێڵی:** مەبەسـت لێی مۆنتاژە لە رێگەی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی تایبەت بە مۆنتاژ.

٢١- **فۆڕمی رێگاکانی گواستنەوەی دیمەنەکان لەبەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی سـەرجەم ئەو کارتێکەرانەیە کە بەکار هاتوون لە گواسـتنەوەی دیمەنێک بۆ دیمەنێکی تر، دابەش دەبن بەسەر چەند دەستەیەکدا:

**٢١-١ بڕین** CUT: ئەو جۆرە کارتێکەرەیە کە لە زۆرینەی کاتەکانی گواسـتنەوەی دیمەنەکاندا بەکاردێت و هیچ جۆرە مانایەکی تایبەت لە خۆناگرێت جگە لە گۆڕینی دیمەنەکان.

**٢١-٢ تێکەڵکردن** DISSOLVE , MIX: ئەم جۆرە لە کارتێکەر لە زۆربەی کاتەکاندا مانای تێپەڕبوونی کات لە خۆدەگرێت و لە بەرنامە هونەرییەکاندا زۆرجار بۆ جوانکاری و تێکەڵکردنی دوو دیمەن بەکاردێت.

**٢١-٣ ســـڕینەوە** WIPE: مەبەســـت لە گواســـتنەوەی دیمەنەکانە بەجۆرێک کە وێنەی یەکەم وردە دەســـڕێتەوەو وێنەی دووەم دەردەکەوێت کە لەشـــێوەی هێڵێکی راســـت بەویســـتی خۆت خێراییەکەی دیاری دەکەیت.

**٢١-٤ دوو پیکچەر:** مەبەست لێی پیشـاندانی دوو وێنەیە لە یەک کاتدا واتە وێنەکان بە تەواوی دەربکەون بەڵام شاشەکە دابەش دەکرێت بە دوو چوار گۆشەی یەکسان یان بە ویستی خۆت.

**٢١-٥ ســـێ پیکچەر:** بە هەمان شـــێوەی دوانە بەڵام ســـێ دانەیە و لە ســـێ چوارگۆشـــەی جیاوزادا لە یەک کاتدا پیشان دەدرێن.

پاش شـــییکاری و ووردبونەوە لە فۆرم و ناوەڕۆکی بەرنامەکان، بە پشـــت بەســـتن بەو ئامانجانەی توێژەر هەیبوو، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

## ١- فۆڕمی بابەت لە نێو سامپڵی توێژینەوەکە:

بە پێی زانیاریەکانی خشـتەی ژمارە (١) کە فۆڕمی بابەت لە نێو بەرنامەکانی هەردوو کەناڵی سامپلی توێژینەوەکە خراوەتە روو دەردەکەوێت، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (٩٥) بابەت بە پلەی یەکەم گرنگی داوە بە بـابەتی چـالاکی رۆشـــنبیری، رێژەکەی دەگـاتە (٢٩,٥٪) بە چەندبارەی (٢٨)، بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی (٥٢) بابەت (٢٨) ی ریکلامە و بە رێژەی (٥٣,٨٪) بە پلەی یەکەم دێت. لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بە پلەی دووەم شـــانۆ دێت و رێژەکەی دەگاتە (١٩٪) بەچەندبارەی (١٨)، لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 بابەتی میوزیک لە پلەی دووەم دێت و رێژەکەی دەگاتە (٢٦,٩٪)، بە چەندبارەی (١٤)، بە پلەی ســـێ یەم لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK با بەتی میوزیک دێت کە رێژەکەی دەگاتە (١٥,٨٪) و بەچەندبارەی (١٥)، بە پلەی ســـێیەم بابەتی تەندروستی گشتی دێت لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە رێژەی (٧,٧٪) بەچەندبارەی (٤)، و بە پلەی چوارەم لەبەرنـامەی ئەمڕۆی GK بـابەتی شـــێوەکاری دێت بەرێژەی (١٤,٧٪) بە چەندبارەی (١٤)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بابەتی شانۆ و چالاکی رۆشنبیری بەچەندبارەی (٣) و بەرێژەی (٥,٨٪) بە پلەی چوارەم و کۆتایی دێت، بە پلەی پێنجەم لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بابەتی سینەما بەرێژەی (١٢,٦٪) و بە چەند بارەی (١٢) دێت،لە پلەی شەشەم ریکلام دێت

به ڕێژەی (٦,٣٪) بە چەندبارەی (٦)، بە پلەی حەوتەم و کۆتایی دیزاین و سەمای بالیە دێت بە چەندبارەی (١) و بە ڕێژەی (١,٠٪)، بەڵام لە بەرنامەی ئێوارانی NRT2 بابەتی (شێوەکار، دیزاین، سینەما، سەمای بالیە) هیچ ڕێژەیەکی نیە و لە ناو بەرنامەکاندا هیچ گرنگی بەم بوارە هونەریانە نەدراوە.

بابەتە هونەرییەکانی هەر بەرنامەیەکی هونەری پێکدێت لە (میوزیک، شانۆ، شێوەکاری، دیزاین، سینەما، سەمای بالیە) بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە تەنها بابەتەکانی (میوزیک و شانۆ) گرنگی پێدراوە، هیچ گرنگییەک نەدراوە بە بە بابەتە هونەرییەکانی تر، ئەمە لە کاتێکدا لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK گرنگی دراوە بە سەرجەم بابەتە هونەرییەکان، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە بۆ بەرنامەکە، بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١)**

**فۆڕمی بابەت لە نێو سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / فۆڕمی بابەت | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| میوزیک و گۆرانی | ١٥ | ١٥,٨ | ٣ | ١٤ | ٢٦,٩ | ٢ |
| شانۆ | ١٨ | ١٩ | ٢ | ٣ | ٥,٨ | ٤ |
| شێوەکاری | ١٤ | ١٤,٧ | ٤ | ٠ | | |
| دیزاین | ١ | ١,٠٥ | ٧ | ٠ | | |
| سەمای بالیە | ١ | ١,٠٥ | ٧ | ٠ | | |
| سینەما | ١٢ | ١٢,٦ | ٥ | ٠ | | |
| چالاکی ڕۆشنبیری | ٢٨ | ٢٩,٥ | ١ | ٣ | ٥,٨ | ٤ |
| تەندروستی گشتی | ٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٧,٧ | ٣ |
| ریکلام | ٦ | ٦,٣ | ٦ | ٢٨ | ٥٣,٨ | ١ |
| کۆی گستی | ٩٥ | ١٠٠ | | ٥٢ | ١٠٠ | |

## ٢- فۆڕمی بڕگەکانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنـامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (٩٥) بڕگەی نـاو بەرنـامەکـان، بڕگەی (هەواڵ) لە پلەی یەکەمدایە بە چەندبارەی (٣٢)و بە ڕێژەی (٣٣، ٧٪) دێت، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی (٥٢) بڕگەی بەرنامەکان بە پلەی یەکەم بڕگەی (ریکلام)ە بە چەندبارەی (٢٨) و ڕێژەکەی دەگاتە (٥٤٪). بە پلەی دووەم لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بڕگەی (چاوپێکەوتن)ە بە چەندبارەی (٢٤) و بە ڕێژەی (٢٥، ٣٪)، لە هەمان کاتدا لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بڕگەی (چاوپێکەوتن) لە پلەی دووەمـدایە و بە چەنـدبـارەی (١٤) ڕێژەکەی دەگـاتە (٢٧٪)، بەپلەی ســـێیەم (ڕاپۆڕت) دێـت لەبەرنـامەی ئەمڕۆی GK بە ڕێژەی (٢٤,٢٪) و بە چەنـدبـارەی (٢٣)، بڕگەی (ڕاپۆرت) لە بەرنـامەی ئێوارەی NRT2 بەڕێژەی (١٣) و بە چەنـدبـارەی (٧) دێـت، بڕگەی (کلیپ) لە پلەی چوارەمــدایە لەبەرنــامەی ئەمڕۆی GK بە چەنــدبــارەی (١٠) و بەڕێژەی (١٠، ٥٪)، بڕگەی (پەیوەندی تەلەفۆنی)بە چەندبارەی (٢) و بە ڕێژەی (٤٪) لە پلەی چوارەم دێت لە بەرنـامەی ئێواری NRT2، بڕگەی (ریکلام) لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK لە پلەی پێنجەمدایە و بە چەندبارەی (٦) و ڕێژەکەی دەگاتە(٦، ٣٪)، و لە بەرنامەی ئێواری NRT2 بڕگەی (کلیپ) بە چەندبارەی (١) و بە ڕێژەی (٢٪)و لە پلەی پێنجەمـدایە، بەڵام لە بەرنـامەی ئەمڕۆی GK (پەیوەندی تەلەفونی) ڕێژەکەی سـفرە و هیچ بڕگەیەکی نیە لە ناو بەرنامەکاندا و لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بڕگەی هەواڵ بوونی نیە و ڕێژەکەی سفرە، لێرەوە دەردەکەوێت کە بڕگەکانی بەرنامەی ئەمرۆی GKبە پلەی یەکەم هەواڵی هونەری دێت و لە بەرنـامەی ئێوارەیNRT2 لە هیچ کـام لە بەرنـامەکـان بڕگەی هەواڵی هونەری نەبوو، ئەمەش بە خـاڵێکی نەرێنی دادەنرێـت بۆ بەرنـامەی ئێوارەی NRT2 لەبەرئەوەی لە بەرنامەی هونەریدا باشتر وایە هەموو بڕگەکانی تێدابێت،بڕوانە خشتەی٢

**خشتەی (٢)**

**فۆڕمی برگەکانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / برگەی بەرنامەکان | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| ڕاپۆرت | ٢٣ | ٢٤،٢ | ٣ | ٧ | ١٣ | ٣ |
| چاوپێکەوتن | ٢٤ | ٢٥،٣ | ٢ | ١٤ | ٢٧ | ٢ |
| هەواڵ | ٣٢ | ٣٣،٧ | ١ | ٠ | ٠ | ٦ |
| کلیپ | ١٠ | ١٠،٥ | ٤ | ١ | ٢ | ٥ |
| پەیوەندی تەلەفونی | ٠ | ٠ | ٦ | ٢ | ٤ | ٤ |
| ریکلام | ٦ | ٦،٣ | ٥ | ٢٨ | ٥٤ | ١ |
| کۆی گشتی | ٩٥ | ١٠٠ | | ٥٢ | ١٠٠ | |

## ٣- فۆڕمی جۆری ڕاپۆرتی بەرنامە هونەرییەکانی سامڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (٢٣) ڕاپۆرت (١٨) ڕاپۆرت مەیدانییە و ڕێژەکەی دەگاتە (٧٨,٢٪) لە پلەی یەکەمدایە، بە پلەی دووەم ڕاپۆرتی (In house) دێت بە چەندبارەی (٥) و ڕێژەکەی دەگاتە (٢١,٨٪)، لە بەرنامەی ئێوارەیNRT2 لە کۆی (٧) ڕاپۆرت (٥) ڕاپۆرتی ( In house) و ڕێژەکەی دەگاتە (٧١,٥٪) و لە پلەی یەکەمدایە، بە پلەی دووەم ڕاپۆرتی مەیدانییە بە چەندبارەی (٢) کە ڕێژەکەی دەگاتە (٢٨,٥٪). ئەم ڕێژەیەش بە تەواوی پێچەوانەی جۆری ڕاپۆرتەکانی بەرنامەی ئەمڕۆی GK ، لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی ڕاپۆرتەکان لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بەکارهاتووە مەیدانین، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی هەیە و گونجاوە لەگەڵ ژمارەی بەرنامەکاندا، بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی ســـــەرجەم بەرنامە وەرگیراوەکان (٧) ڕاپۆرتی تیایە ئەمەش ژمارەیەکی کەمە بە بەراوورد بە ژمارەی بەرنامەکان، ڕاپۆرتی مەیدانی گرنگی زیاترە و ڕونکاری و زانیاری زیاتری تیایە، بەڵام لە ڕووی ئامادەکردنەوە ڕاپۆرتی In house ئاسانترە، بڕوانە خشتەی (٣)

**خشتەی (٣)**

**فۆرمی جۆری راپۆرتی بەرنامە هونەرییەکانی سامڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / جۆری راپۆرت | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| مەیدانی | ١٨ | ٧٨,٢ | ١ | ٢ | ٢٨,٥ | ٢ |
| In house | ٥ | ٢١,٨ | ٢ | ٥ | ٧١,٥ | ١ |
| کۆی گشتی | ٢٣ | ١٠٠ | | ٧ | ١٠٠ | |

## ٤- فۆرمی ریکلام و سپۆنسەر لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنامەی ئەمرۆی GK بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی (٦) و بەرێژەی (١٠٠٪) ریکلام دێت، هیچ سپۆنسەرێکی تێدا نیە، لە بەرنامەی ئێوارەیNRT2 بەپلەی یەکەم سپۆنسەر دێت بە چەند بارەی (٣١) و رێژەکەی دەگاتە (٥٢,٥٪)، بە پلەی دووەم ریکلام دێت کە ڕێژەکەی (٤٧,٥٪) و بە چەند بارەی (٢٨) دێت، لێرەوە دەردەکەوێت نەبوونی سپۆنسەر و ریکلامی بازرگانی بەڕێژەیەکی بەرچاو لە هەر کەناڵێک دەگەڕێتەوە بۆ سستی لە کار و کەمتەرخەمی بەشی مارکێتینی و نەناساندنی بەرنامەکە بە کۆمپانیا و بازرگانان و خراپی لە شێوازی بەرهەمهێنان و نەچوونە ناو خەڵکەوە، نەبوونی ریکلامی خزمەتگوزاری و هۆشیاری گشتی لە ناو بەرنامەکاندا لە هەردوو کەناڵ ئاماژەیەکی نەرێنیە، بروانە خشتەی (٤)

**خشتەی (٤)**

**فۆرمی ریکلام و سپۆنسەر لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / ریکلام و سپۆنسەر | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| ریکلام | ٦ | ١٠٠ | ١ | ٢٨ | ٤٧,٥ | ٢ |
| سپۆنسەر | ٠ | | | ٣١ | ٥٢,٥ | ١ |
| کۆی گشتی | ٦ | ١٠٠ | | ٥٩ | ١٠٠ | |

## ٥- فۆڕمی ژمارەی پێشـــکەشـــکار و ڕەگەزەکانیان لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لەدوای هەڵاوێردکردن و شـــیکردنەوەی داتاو زانیاریەکانی پەیوەســـت بەجۆری ژمارەی پێشکەشکار و ڕەگەزەکانیان لە بەرنامە هونەریەکانی هەردوو کەناڵ، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK دا ژمارەی پێشکەشکارەکان کە هەر ڕۆژەو پێشکەشکارێک بەرنامەکە پێشکەش دەکات، پێکدێن لە (٣) پێشــکەشــکار و هەرســێکیشــیان لە ڕەگەزی (مێ)ن، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 دا، کە یەک پێشکەشکارە بۆ سەرجەم بەرنامەکان ئەویش لە ڕەگەزی (مێ)یە.

لێرەدا دەردەکەوێت هەردوو کەناڵ بۆ پێشــکەشــکاری بەرنامە هونەرییەکان پەنایان بردۆتە بەر ڕەگەزی (مێ) و هیچ بایەخێک بە ڕەگەزی (نێر) نەدراوە، ئەمەش لە رووی یەکسانی جێندەر و هونەری و چێژ بەخشــینەوە واباشــترە کە هەردوو ڕەگەزەکە بەشــداربن لە پێشــکەشــکردنی بەرنامە هونەرییەکاندا، چونکە لە هەمان کاتدا هەردوو ڕەگەز بینەری بەرنامەکە دەبن.بروانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥)**

**فۆڕمی ژمارەی پێشکەشکار و ڕەگەزەکانیان لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / ڕەگەزی پێشکەشکار | GK | | NRT2 | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | چەندبارە | ڕێژە٪ |
| یەک پێشکەشکاری مێینە | ٠ | ١٠٠ | ١٤ | ١٠٠ |
| فرەیی لە پێشکەشکاری مێینە | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ١٠٠ | ١٤ | ١٠٠ |

### ٦- فۆمی پسپۆری میوانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

پســـــپۆری میوانەکـانی بەرنـامەی ئەمڕۆی GK ، کە (٢٥) بەرنـامەیە و یەک بەرنـامە هیچ میوانێکی نیە ولە کۆی (٤٧) میوان کە دابەش دەبێت بەســـەر ســـێ جۆری پســـپۆڕیدا، بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی (٣٦)میوان و بە ڕێژەی (٧٦,٦٪) میوانەکان (هونەرمەندان)ن، پســـــپۆڕی میوان لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی (٤٦) میوان، کە دابەش دەبن بەسەر پێنج پسپۆڕیدا، (هــونەرمەنــدان) پــلەی یەکەمــی هەیە و بە چەنــدبــارەی (٢٤) و بە ڕێــژەی (٥٢,٢٪) ە، پسپۆری(نووسەرو ئەدیب) لە بەرنامەی ئەمڕۆیGK لەریزبەندی دووەمدا دێت و بە چەندبارەی (٩) و بە ڕێژەی (١٩,٢٪)ە، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە پلەی دووەم (چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی) دێت بە چەندبارەی (١٥) و بە ڕێژەی (٣٢,٦٪)، لە بەرنـامەی ئەمڕۆی GK میوان بە پســـپۆری (چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی) بە پلەی ســـێ یەم دێت بە چەندبارەی (٢) بە ڕێژەی (٤,٢٪) و لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (نوســـــەر و ئەدیب و پزیشـــک) بە چەندبارەی (٣) و بە ڕێژەی (٦,٥٪) بە پلەی ســێ یەم دێن، بە پلەی چوارەم پســپۆڕی (پارێزەر) دێت، بە چەندبارەی (١) و ڕێژەی (٢,٢٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 دا،

لێرەدا ئــامــاژە بە پســـــپۆری میوانی هەردوو کەنــاڵەکە دەکەین کە بە ڕێژەی یەکەم (هونەرمەندان) دێت ئەمەش ئاماژەیەکی باشـــە بۆ گرنگیدان بە پســـــپۆری میوانی بەرنامەکان، بەڵام بە ڕێژەی دووەم پســـپۆری (نوســـەر) لە بەرنامەی ئەمرۆی GK و (چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی) لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 دێت، هیچ کام لەم پسپۆڕییانە گونجاو نیە بۆ بەرنامەیەکی هونەری، بروانە خشتەی (٦)

**خشتەی (٦)**

**فۆمی پسپۆری میوانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / پسپۆریی میوان | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | رێژە٪ | | چەندبارە | رێژە٪ | |
| هونەرمەندان | ٣٦ | ٧٦,٦ | ١ | ٢٤ | ٥٢,٢ | ١ |
| نووسەر و ئەدیب | ٩ | ١٩,٢ | ٢ | ٣ | ٦,٥ | ٣ |
| چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی | ٢ | ٤,٢ | ٣ | ١٥ | ٣٢,٦ | ٢ |
| پزیشک | ٠ | | | ٣ | ٦,٥ | ٣ |
| پارێزەر | ٠ | | | ١ | ٢,٢ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٤٧ | ١٠٠ | | ٤٦ | ١٠٠ | |

## ٧- فۆڕمی چاوپێکەوتنی میوان لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

ژمارەی میوانەکانی بەرنامەی ئەمڕۆی GK لەکۆی (٢٤) بەرنامە کە میوانی تێدایە، واتە بەرنامەیەک میوانی تێدا نیە و تەنها لە چەند هەواڵێک پێک هاتووە، ژمارەی میوانەکان (٤٧) میوانە و دابەش دەبن بەسەر سێ جۆردا، کە بە پلەی یەکەم (یەک میوان) لە بەرنامەکەدا ئامادەییان هەیە بەچەندبارەی (١٩)و رێژەکەی دەگاتە (٧٩,١٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی (١٤) بەرنامە میوانەکان ژمارەیان(٤٦) میوانە و، دابەش دەبن بەسەر چوار جۆردا، کە (سێ میوان) پلەی یەکەمی هەیە بە چەندبارەی (٧) و، واتە (٢١) میوان کە رێژەکەی دەگاتە (٥٠٪)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (دوو میوان) پلەی دووەمی هەیە بەچەند بارەی (٤)واتە (٨) میوان و رێژەکەی دەگاتە (١٦,٧٪)، بەڵام بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (یەک) میوان لە پلەی دووەمدایە بە چەندبارەی (٣) و بە رێژەی (٢١,٤٪)، بە پلەی سێ یەم لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (گروپ) هەیە کە چەندبارەی (١)ە و ژمارەی میوانەکان (٢٠) میوانن و رێژەکەی دەگاتە (٤,٢٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گروپ) لە پلەی سێ یەمدایە بە چەندبارەی (٢) کە ژمارەی میوانەکانی هەردوو گروپەکە (١٨) میوانە و بە رێژەی (١٤,٣٪). بەهەمان پلە و رێژە واتە پلەی سێیەم لە بەرنامەی

ئێوارەی NRT2 (دوو میوان) هەیە بە چەنـدبـارەی (٢) کە ژمـارەی میوانەکـانی (٤) میوانەو ڕێژەکەی دەگاتە (١٤,٣٪)، بەڵام لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (سـێ میوان) ڕێژەکەی (سـفرە) و و لە ریبزبەندا نیە لە کاتێکدا لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە پلەی یەکەمدایە، لێرەوە دەردەکەوێت کە ئامادەبوونی(سـێ میوان) لە یەک بەرنامەدا بە پلەی یەکەم لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 ، لایەنێکی باشە بۆ بەرنامەیەکی هونەری و دەتوانرێت زانیاری زیاتر و دروست تر لەسەر بابەتە هونەرییەکان بە بینەر بگەیەنێت، بروانە خشتەی (٧)

**خشتەی (٧)**

**فۆڕمی چاوپێکەوتنی میوان لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / فۆڕمی چاوپێکەوتنی میوان | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| یەک میوانی | ١٩ | ٧٩,١ | ١ | ٣ | ٢١,٤ | ٢ |
| دوو میوانی | ٤ | ١٦,٧ | ٢ | ٢ | ١٤,٣ | ٤ |
| سێ میوانی | ٠ | ٠ | ٠ | ٧ | ٥٠ | ١ |
| گروپە میوان | ١ | ٤,٢ | ٣ | ٢ | ١٤,٣ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

## ٨- فۆڕمی شـوێنی چـاوپێکەوتنی میوانی بەرنـامە هونەرییەکـانی سـامپڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK ، لە کۆی (٢٥) بەرنامە، کە بەرنامەیەک میوانی نیە نە لە سـتودیۆ نە لە دەرەوەی سـتودیۆ، واتا لە کۆی (٢٤) بەرنامە، بە پلەی یەکەم شـوێنی چاوپێکەتنی لە ناو سـتۆدیۆیە بەچەندبارەی (١٧) کە ڕێژەکەی دەگاتە (٧٠٨٪)، و لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە هەمان شێوە لە ناو ستۆدیۆ لە پلەی یەکەمدایە و بە چەندبارەی (١٤) ڕێژەکەی دەگاتە (١٠٠٪) هیچ چـاوپێکەوتنێکی نیە لە دەرەوەی سـتۆدیۆ بێت، لە بەرنـامەی ئەمڕۆی GK بە ڕێژەی (٢٩,٢٪) و بەچەنـدبـارەی (٧)لە دەرەوەی سـتۆدیۆ چاوپێکەوتنەکان ئەنجام دراوەو لە پلەی

دووەمدایە. ئەمەش ئەوە دەردەخات شـــوێنی چـاوپێکەوتنی میوان مەرج نیە لە بەرنامەیەکی هونەریدا تەنیا لەناو ســـتودیۆ بێت، دەکرێت هەندێک جار لە شـــوێنی کارەکەبێت بۆ نمونە پێشانگایەکی هونەری یان نمایشی شانۆیی یان کۆنسێرتێکی میوزیک هتد.. بێت، بروانە خشتەی (٨)

**خشتەی (٨)**

**فۆڕمی شوێنی چاوپێکەوتنی میوانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / شوێن | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| ناو ستودیۆ | ١٧ | ٧٠,٨ | ١ | ١٤ | ١٠٠ | ١ |
| دەرەوەی ستۆدیۆ | ٧ | ٢٩,٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

## ٩- فۆڕمی شـــوێنی چاوپێکەوتنەکانی میوان لە بەرنامە هونەرییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە:

بە پێی زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٩) کە تایبەتە بە شوێنی جوگرافی میوانی بەرنامەکە بە پێی دابەشـبونیان بەسـەر پارێزگاکاندا دەردەکەوێت کە، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (٢٥) بەرنامە تەنها یەک بەرنامە میوانی نەبووە، واتا لە کۆی (٢٤) بەرنامە، میوانی بەرنامەکە لە پارێزگای ســـلێمانی بە پلەی یەکەم وچەندبارەی (١٩) و بە ڕێژەی (٧٩٪) دێت، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 هەموو میوانەکانی پارێزگای ســـلێمانییە و چەندبارەی (١٤) بە ڕێژەی (١٠٠٪)، بە پلەی دووەم لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK میوانی پارێزگای هەولێرە بە چەندبارەی (٣) و بە ڕێژەی (١٢,٥٪) دێت، میوانی پارێزگای کەرکوک بە چەند بارەی (٢) و بە ڕێژەی (٨,٥٪) دێت و پلەی سێ یەمی وەرگرتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەردوو کەناڵ بەو پێیەی نوسینگەی

ســەرەکییان شــاری ســلێمانییە زۆرینەی میوانەکان لە هەمان شــارن، بە واتایەکی تر نەتوانراوا کەناڵێکی ناوخۆیی تێپەڕێنن و بگەنە زۆرینەی شارو وڵاتەکانی تر. بڕوانە خشتەی (٩)

**خشتەی (٩)**

**فۆڕمی شوێنی جوگرافی چاوپێکەوتنەکانی میوان لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / شوێنی چاوپێکەوتنەکان | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| پارێزگای سلێمانی | ١٩ | ٧٩ | ١ | ١٤ | ١٠٠ | ١ |
| پارێزگای هەولێر | ٣ | ١٢,٥ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ |
| پارێزگای کەرکوک | ٢ | ٨,٥ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

## ١٠- فۆڕمی ئامرازی بەکارهاتوو بۆ وەرگرتنی میوانی دەرەوەی ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

بەرنــامەی ئێوارەی NRT2 لەبەر ئەوەی هیچ میوانێکی دەرەوەی ســـــتودیۆی نەبوو بۆیە پێویســـــتی بە هیچ ئامرازێک نەبووە بۆ گواســـــتنەوەی چاوپێکەوتنی میوانی دەرەوە، بەڵام لە بەرنــامەی ئەمڕۆی GK لە ڕێگەی ئــامێری (Stream) بە چەنــدبــارەی (٤) و بە ڕێژەی (٥٧٪) و(SNG)وەک ئامراز بەکار هاتووە بۆ وەرگرتنی میوانی بەرنامەی ئەمڕۆی GK بە چەند بارەی (٣) و بەڕێژەی (٤٧٪)، لێرەوە دەردەکەوێت ئامڕازەکان و پرۆگرامەکانی گواســـــتنەوەی وێنەو دەنگی میوان بۆ بەرنامەیەک زۆرن، بەڵام لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK تەنها پشــتی بەســتووە بە (stream, sng)بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لەبەر ئەوەی هیج میوانێکی لە دەرەوەی ستۆدیۆ نەبووە بۆیە پێویســـــتی بە هیچ ئامێر و پرۆگرامێک نەبووە، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کەناڵەکە نەیتوانیوە لە کەناڵێکی ناوخۆیی تێپەڕێنێت و بچێتە شــار و شــارۆچکە و وڵاتێکی تر، بڕوانە خشتەی (١٠)

**خشتەی (١٠)**

**فۆڕمی ئامرازی بەکار هاتوو بۆ وەرگرتنی میوانی دەرەوەی ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / ئامرازی وەرگرتنی میوان | GK | | | NRT2 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی |
| Stream | ٤ | ٥٧ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| SNG | ٣ | ٤٣ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٧ | ١٠٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |

## ١١- فۆڕمی جۆرەکانی مایکرۆفۆنی بەکارهاتوو لەناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە دوای هەڵاوێردکردن و شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی جۆرەکانی مایک لەناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (٥٦) جار بەکارهێنانی مایک لە ناو ستودیۆدا، مایکی یەخە پلەی یەکەمی گرتووە بە چەند بارەی (٥٢) و ڕێژەکەی ٣٣٪ یە، لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی (٦٠) جار بەکارهێنانی مایک، مایکی یەخە بە پلەی یەکەم دێت بە چەند بارەی (٣٩)و بەڕێژەی ٦٥٪، بەکارهێنانی مایکی دەستی لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK بە پلەی دووەم دێت بە چەندبارەی (٤) و بەڕێژەی ٧٪، بەکارهێنانی مایکی دەستی لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 دا بە پلەی دووەم دێت بە چەند بارەی (٢١) و بەڕێژەی ٣٥٪.

لێرەوە دەردەکەوێت کە بەرنامی ئێوارەی NRT2 زۆرترین جار مایکی دەستی بەکارهێناوە، بە پشتبەستن بەخشتەی ژمارە (٨) کەزۆرترین میوانەکانی بەرنامەکە لەجۆری پسپۆڕی میوزیسیان و گۆرانیبێژن، ئەمەش پێویستی بەبەکارهێنانی مایکی دەستی زیاترە بۆ گۆرانی وتن و ئامێرە میوزیکییەکان، ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت بێژەر و میوانەکان تەنها یەک مایکی

یەخەیان بۆ بەســـتراوە، بە تایبەت بۆ بێژەر واباشـــترە دوو مایک بێت چونکە جوڵەی زیاتر و ئاوڕدانەوەی زیاتری هەیە بۆ کامێراو بۆ میوانەکانیش، لەوکاتانەدا دەنگەکان بە باشـــی ناگەن و ئەگەری بەرزو نزمی دەنگ و نا ڕوونی هەیە لەدەنگەکەدا بۆ بینەر. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١)**

**فۆڕمی جۆرەکانی مایکی بەکارهاتوو لەناوستودیۆی بەرنامەهونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / جۆری مایک | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| مایکی یەخە | ٥٢ | ٪٩٣ | ١ | ٣٩ | ٪٦٥ | ١ |
| مایکی دەستی | ٤ | ٪٧ | ٢ | ٢١ | ٪٣٥ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٥٦ | ١٠٠ | | ٦٠ | ١٠٠ | |

## ١٢-فۆڕمی جۆری وێنەی بەکـــارهـــاتوو لە ڕوونکردنەوەی بـــابەتی بەرنـــامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

ژمارەی وێنەی بەکار هاتوو لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (١٨١) وێنەیە و لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (٢٤) وێنە، لە بەرنـــامەی ئەمڕۆی GK، بە پلەی یەکەم (وێنەی جوڵاو) لە ریزبەنـــدی یەکەمدایە و بە چەندبارەی (٦٩) ڕێژەی (٪٣٨،١)، بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرافیک)بە پلەی یەکەم دێت بە چەندبارەی (٨) بە ڕێژەی (٪٣٣،٣)، بە پلەی دووەم لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (وێنەی وەستاو) بە چەندبارەی (٤٢) ڕێژەکەی دەگاتە (٪٢٣،٣) لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (ئنفۆگرافیک و وێنەی جوڵاو) پلەی دووەمیـان هەیە و چەنـدبـارەکەی دەکـاتە (٦) و ڕێژەکەی دەکـاتە (٪٢٥)، و بەپلەی ســـێ یەم (ئینفۆگرافیـک و گرافیـک) لە بەرنـامەی ئەمڕۆی GK بە چەندبارەی (٣٥) و بە ڕێژەی (٪١٩،٣) دێت و لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (وێنەی وەســـتاو) پلەی ســـێ یەمی هەیە و بە چەنـدبـارەی (٤) بە ڕێژەی (٪١٦،٦٦). لێرەوە ڕوون دەبێتەوە بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنە لە ناو بەرنامەی هەردوو کەناڵدا بە شـــێوەیەکی گونجاو و بەرچاو بەکـارهـاتووە ئەمەش لایەنێکی ئەرێنییە بۆ بەرنـامەکـان بۆ ئەوەی بەرنـامەکە بینەر توشـــی

بێزاربوون نەکات، پێویستە هەموو جۆرکانی وێنە بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی لە بەرنامەیەکی گفتوگۆ یان دیدارێکی تایبەت یان بەرنامەیەکی سیاسی.... هتد جیا بکرێتەوە، وێنەی جولاو زۆرترین سەرنجی بینەر رادەکێشیت دواتر کاری گرافیک دێت کە جۆرێکی تازەیە پشت دەبەستێت بە تێکەڵکردنی وێنە و کاری گرافیک لە بەرهەمهێنانی بەرنامەدا، بروانە خشتەی (١٢)

**خشتەی (١٢)**

**فۆرمی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە روونکردنەوی بابەتی ناو بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / وێنەی بەکارهاتوو | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | رێژە٪ | | چەندبارە | رێژە٪ | |
| وێنەی جولاو | ٦٩ | ٣٨,١ | ١ | ٦ | ٢٥ | ٢ |
| وێنەی وەستاو | ٤٢ | ٢٣,٣ | ٢ | ٤ | ١٦,٦٦ | ٣ |
| ئینفۆگرافیک | ٣٥ | ١٩,٣ | ٣ | ٦ | ٢٥ | ٢ |
| گرافیک | ٣٥ | ١٩,٣ | ٣ | ٨ | ٣٣,٣ | ١ |
| کۆی گشتی | ١٨١ | ١٠٠ | | ٢٤ | ١٠٠ | |

## ١٣- فۆرمی تایتڵی سەرەتا و کۆتایی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە دوای هەڵاوێردکردن و شیکردنەوەی هەردوو بەرنامەی ئەمڕۆی GK و ئێوارەیNRT2 و بە مەبەستی داتا و زانیارییەکان سەبارەت بە رونکاری لە شێوەی تایتڵی سەرەتا و کۆتایی هەردوو بەرنامەکە دەردەکەوێت، لە بەرنامەی هەر دوو کەناڵ (ئاماژەدان بە ناونیشان و گرافیک) بە ڕێژەی (٢٠٪) و بەچەندبارەی (٢٥) بۆبەرنامەی ئەمڕۆی GK بە پلەی یەکەم دێت و لە بەرنامەی ئێوارانی NRT2 بە ریژەی (٣٣,٣٣٪) بە چەندبارەی (١٤) و بە پلەی یەکەم دێت لە بەکارهێنانی تایتاڵی بەرنامەدا.

(ئاماژەدان بە ناوەڕۆکی بەرنامە، ئاماژەدان بە ستافی بەرنامە، بەکارهێنانی وێنەی وەستاو) لە بەکارهێنانی تایتڵی بەرنامەی ئەمڕۆی GKبە ریژەی (٢٠٪) و بەچەند بارەی(٢٥) دێت، بەڵام

لە بەرنامەی ئێوارانی NRT2 ڕێژەکە (٠٪) هیچ کام لە هۆیەکانی ڕونکاری وەک (ئاماژەدان بە ناوەڕۆکی بەرنامە، ئاماژەدان بە ســــتافی بەرنامە، بەکارهێنانی وێنەی وەســــتاو)لە تایتڵدا بەکارنەهاتووە، (وێنەی جوڵاو) لەبەکارهێنانی لە تایتڵی بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە ڕێژەی (٣٣، ٣٣٪)وبە چەندبارەی (١٤) بەکارهاتووە، بەڵام لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK ئەم هۆیە ڕونکارییە بەکارنەهاتووە بە ڕێژەی (٠٪)دێت، مەبەست لە ڕونکاری لە شێوەی تایتڵی بەرنامە لە ســــەرەتا و کۆتایدا ئاماژەدان بە هەریەک بە ناونیشـــــان و ناوەڕۆک یەکێکە لە گرنگییەکانی ناساندنی جۆر و بابەتی بەرنامەکە لە سەرەتای بەرنامەکەدا بۆ بینەر، هەردوو کەناڵ ئاماژەیان پێداوە و ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، بەو پێیەی ناوەڕۆکی بەرنامەکە هونەرییە دەبێت ئاماژە بدرێت بە بابەتە هونەرییەکان وەک(سینەما، شانۆ، شێوەکاری...هتد) لەبەرنامەی ئەمڕۆی کەناڵی گەلی کوردســــتاندا بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 هیچ ئاماژەیەک بە ناوەڕۆکی بەرنامەکە نەدراوە، ئاماژەدان بە ســــتافی بەرنامە یەکێکە لە مافەکانی کارکردنی هەر کارمەندێک لە هەریەک لە بەشــــەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەکەدا، لە بەرنامەی ئەمڕۆی (GK)بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 ئەو مافە پێشــــێلکراوە و هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە، وێنەی وەستاو لە ڕونکاری تایتڵی بەرنامەی ئەمڕۆی گەلی کوردســتاندا بەکارهاتووە و وێنەی جوڵاو لە ڕونکاری تایتڵی بەرنامەی ئێوارەی NRT2دا بەکارهاتووە، بەڵام گونجاوترە هەردوو جۆرەکەی وێنە بەکاربهێنرێت لە تایتڵی بەرنامەدا، بەو پێیەی کاری گرافیک تا ڕادەیەک تازەیە لە بەکارهێنانی تایتڵدا بەڵام هەردوو بەرنامەی ئەمڕۆی کەناڵی GKو بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بەشــێوەیەکی بەرچاو بەکاریانهێناوە کە ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ هەردوو کەناڵ، بڕوانە خشتەی (١٣)

**خشتەی (١٣)**

**فۆڕمی تایتڵی سەرەتا و کۆتایی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / تایتڵی بەرنامە | GK | | NRT2 | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | چەندبارە | ڕێژە٪ |
| ئاماژەدان بە ناونیشان | ٢٥ | ٢٠ | ١٤ | ٣٣،٣٣ |
| ئاماژەدان بە ناوەرۆکی بەرنامە | ٢٥ | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| ئاماژەدان بە ستافی بەرنامە | ٢٥ | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| بەکارهێنانی وێنەی وەستاو | ٢٥ | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو | ٠ | ٠ | ١٤ | ٣٣،٣٣ |
| گرافیک | ٢٥ | ٢٠ | ١٤ | ٣٣،٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ | ٤٢ | ١٠٠ |

**١٤- فۆڕمی جۆری جوڵەی کامێرا لە ناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (٣٢) جوڵە بەم جۆرە دابەش بوون، جوڵەی (Zoom out) بە پلەی یەکەم بە چەندبارەی (١٥) و ڕێژەکەی دەگاتە (٤٦,٩٪). لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 لە کۆی (١٦٠١) جوڵەی کامێرای ناو ستۆدیۆ، جوڵەی (Zoom in) لە پلەی یەکەمدایە و بە چەندبارەی (٤٨٥) و ڕێژەکەی دەگاتە (٣٠,٣٪). لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK جوڵەی (Zoom in) بە پلەی دووەم بەکار هاتووە و بە چەندبارەی (٩) و ڕێژەکەی دەگاتە (٢٨,١٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 جوڵەی (Tilt up) لە پلەی دووەمدایە و بە چەندبارەی (٢٨٦) و ڕێژەکەی دەگاتە (١٧,٨٪)، دواتر هەر لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 جوڵەی (Zoom out) لە پلەی سێ یەمدایە و بە چەندبارەی (٢٨٣) و ڕێژەکەی دەگاتە (١٧,٦٪)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK جوڵەی (Pan left, Pan right) بەکار هاتووە و لە پلەی سێیەمدان و بە چەندبارەی (٣) و ڕێژەکەیان (٩,٤٪)ە، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (Tilt up, Tilt down) بە پلەی چوارەم بەکارهاتوون بە چەندبارەی (١) و ڕێژەکەیان (٣,١٪)ە، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە جوڵەی(Pan right) پلەی چوارەم دێت و بە چەندبارەی (١٨٥) و ڕێژەکەی دەگاتە (١١,٦٪)، جوڵەی (Pan left) بە پلەی پێنجەم لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بەکاردێت و بە چەندبارەی (١٧٩) و ڕێژەکەی دەگاتە (١١,١٪) و جوڵەی (Tilt down) بە پلەی شەشەم دێت لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 و بە چەندبارەی (١٦٨) و ڕێژەکەی

دەگاتە (١٠,٦٪) و جوڵەی (dolly) لە ریزبەندی حەوتەمدایە لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 و بە چەندبارەی (١٥) و بە ڕێژەی (٠,٩٣٪) دێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئاماژەکان بۆ بەرنامەی ئێوارەی NRT2ە، هەروەها کۆی گشتی جوولەکان لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2دا بە ژمارەیەکی زۆر جیاوازی بەدی دەکرێت بە بەراوورد بە جوڵەکانی کامێرا لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنیە بۆ بەرنامەی ئەمڕۆی GK، لەبەرئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی جوانترکردنی بەرنامەی هونەری و جیاکردنەوەی لە بەرنامەکانی تر بەکارهێنانی زۆرترین جووڵەی کامێرایە.، بڕوانە خشتەی (١٤)

**خشتەی (١٤)**

**فۆڕمی جۆری جوڵەی کامێرا لە ناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی ساماپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / جوڵەکانی کامێرا | GK | | | NRT2 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی |
| Zoom in | ٩ | ٢٨,١ | ٢ | ٤٨٥ | ٣٠,٣ | ١ |
| Zoom out | ١٥ | ٤٦,٩ | ١ | ٢٨٣ | ١٧,٦ | ٣ |
| Tilt up | ١ | ٣,١ | ٤ | ٢٨٦ | ١٧,٨ | ٢ |
| Tilt down | ١ | ٣,١ | ٤ | ١٦٨ | ١٠,٦ | ٦ |
| Dolly | ٠ | ٠ | – | ١٥ | ٠,٩٣ | ٧ |
| Pan left | ٣ | ٩,٤ | ٣ | ١٧٩ | ١١,١ | ٥ |
| Pan right | ٣ | ٩,٤ | ٣ | ١٨٥ | ١١,٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ١٠٠ | | ١٦٠١ | ١٠٠ | |

## ١٥- فۆڕمی جۆری قەبارەی گرتەی کامێرای ناو ستودیۆ لە بەرنامە هونەرییەکانی ساماپڵی توێژینەوەکە:

لە دوای هەڵاوێردکردن و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی گرتەی کامێرای ناو ستۆدیۆ بۆ بەرنامەکانی هەردوو کەناڵی ساماپڵی توێژینەوەکە لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK لە کۆی (١١٩٦) گرتەی جیاواز، (گرتەی ناوەند Medium shot) بە پلەی یەکەم دێت و

به چەندبارەی (٧٢٥) و ڕێژەکەی (٦٠,٦٪)، لە بەرنامەی ئێوارەیNRT2 لە کۆی (٤٥٢٩) گرتەی جیاواز، (گرتەی ناوەندMedium shot) لە پلەی یەکەمدایە بە چەندبارەی (٢٣٦١) و ڕێژەکەی (٥٢,١٪)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (گرتەی تەواو FUII) بە پلەی دووەم بەکار هاتووە بە چەندبارەی (٢١٠) و ڕێژەکەی (١٧,٥٪)ە، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی تەواو FUII) لە پلەی دووەم دایە بە چەندبارەی (٦٨٦) و بە ڕێژەی (١٥,١٤)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (گرتەی دوورLong wide ) بە پلەی سێیەم دێت بە چەندبارەی (٢٠٨) و بە ڕێژەی (١٧، ٣٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی دوورLong wide) بە پلەی سێیەم دێت و بە چەندبارەی (٦٨٢) و ڕێژەی(١٥، ٠٥٪)، لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK(گرتەی ناوەندی دوورmedium long shot) بە پلەی چوارەم دێت وبە چەندبارەی (١٥) و بە ڕێژەی (١,٣٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی نزیکی ناوەندmedium close up) بەکار هاتووە بە پلەی چوارەم و بە چەندبارەی (٢٦١) و بە ڕێژەی (٥,٧٪)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (گرتەی زۆر نزیک جگە لە دەم و چاو CUT IN) بەکار هاتووە بە پلەی پێنجەم و بە چەندبارەی (١٤) و ڕێژەی (١,٢٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی ناوەندی دوور medium long shot) بەکار هاتووە بە پلەی پێنجەم و بە چەندبارەی (١٨٥) و ڕێژەی (٤,٠٨٪)، (گرتەی نزیک up Close) بە پلەی شەشەم دێت لە هەردوو کەناڵدا و و لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK بە چەندبارەی (٨) و بە ڕێژەی (٠,٦٪) بەکار هاتووە، بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بەچەندبارەی (١٧٤) و بە ڕێژەی (٣,٨) دێت، (گرتەی لەسەر شانی بەرامبەر over the shoulder OTS) بەکار هاتووە لە بەرنامەی ئەمڕۆ گەلی کوردستان بە پلەی حەوتەم و بە چەندبارەی (٦) و ڕێژەی (٠,٥٪) و لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی لەسەر شانی بەرامبەر over the shoulder OTS) بەکار هاتووە و بە پلەی حەوتەم و بە چەندبارەی (٥٤) و بە ڕێژەی (١,١٪)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (گرتەی نزیکی ناوەندmedium close up) بەکار هاتووە و لە پلەی هەشتەم و بە چەندبارەی (٤) و ڕێژەکەی (٠,٤٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی زۆر نزیک جگە لە دەم و چاو CUT IN) بەکارهاتووە بە پلەی هەشتەم و بە چەندبارەی (٥٠) و ڕێژەی (١، ١٪)، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK (گرتەی زۆر نزیک extreme close

up) بەکار هاتووە بە پلەی نۆیەم و بە چەندبارەی (٣) و بە ڕێژەی (٠,٣٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی زۆر نزیكextreme close up) بەکارهاتووە و بە پلەی نۆیەم و بە چەندبارەی (٤٩) و بە ڕێژەی (١، ١٪)، لە بەرنــامەی ئەمڕۆی GK (گرتەی away Cut) بە پلەی دەیەم و بە چەندبارەی (٢) و بە ڕێژەی (٠، ١٥٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 (گرتەی Cut away) بە پلەی دەیەم و بە چەندبارەی (٢٦) و بە ڕێژەی (٠، ٥٢٪) دێت، (گرتەی زۆر دوورvery long wide)لە هەردوو کەناڵدا بەکارهاتووە بە پلەی یانزەیەم و لە بەرنامەی ئەمڕۆی GKبە چەندبارەی (١) و بە ڕێژەی (٠,١٪)ە. بەڵام لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 بە چەندبارەی (١) و بە ڕێژەی (٠,٠٤٪)ە، لێرەوە دەردەکەوێت جگە لەم گرتانەی بەکارهاتوون، زۆر گرتەی زیاتر هەن دەکرا بەکاربهێنرایە لە هەردوو بەرنامەکەدا بە مەبەستی جوانترپیشـاندانی دیمەنەکان، بەڵام لێرەدا بەکارنەهاتوون و هۆکارەکەشـــی دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانایی و شـــارەزایی و لێهاتوویی و ئەزمونی وێنەگر و بەکارهێنان و جوڵاندنیان لەلایەن دەرهێنەرەوە، بروانە خشتەی (١٥)

**خشتەی (١٥)**

**فۆرمی جۆری گرتەی کامێرای ناو ستودیۆ لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / گرتەکانی کامێرا | GK | | ریزبەندی | NRT2 | | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | | چەندبارە | ڕێژە٪ | |
| گرتەی زۆر دوور very long wide | ١ | ٠,١ | ١١ | ١ | ٠,٠٤ | ١١ |
| گرتەی دوور Long wide | ٢٠٨ | ١٧,٣ | ٣ | ٦٨٢ | ١٥,٠٥ | ٣ |
| گرتەی تەواو FUII | ٢١٠ | ١٧,٥ | ٢ | ٦٨٦ | ١٥,١٤ | ٢ |
| گرتەی ناوەند medium shot | ٧٢٥ | ٦٠,٦ | ١ | ٢٣٦١ | ٥٢,١ | ١ |
| گرتەی نزیکی ناوەند medium close up | ٤ | ٠,٤ | ٨ | ٢٦١ | ٥,٧ | ٤ |
| گرتەی ناوەندی دور medium long shot | ١٥ | ١,٣ | ٤ | ١٨٥ | ٤,٠٨ | ٥ |
| گرتەی نزیک | ٨ | ٠,٦ | ٦ | ١٧٤ | ٣,٨ | ٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| close up | | | | | | |
| گرتەی زۆر نزیک extreme close up | ٣ | ٠,٣ | ٩ | ٤٩ | ١,١ | ٩ |
| گرتەی زۆر نزیک جگە لە دەم و چاو CUT IN | ١٤ | ١,٢ | ٥ | ٥٠ | ١,١ | ٨ |
| گرتەی لەسەرشانی بەرامبەر over the shoulder OTS | ٦ | ٠,٥ | ٧ | ٥٤ | ١,١ | ٧ |
| گرتەی cut away | ٢ | ٠,١٥ | ١٠ | ٢٦ | ٠,٥٢ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ١١٩٦ | ١٠٠ | | ٤٥٢٩ | ١٠٠ | |

## ١٦- فۆرمی جۆری گۆشـــەکانی کامێرای ناو ســـتودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لەدوای هەڵاوێردکردن و شــیکردنەوەی داتاو زانیاریەکانی پەیوەســت بەجۆری گۆشــەکانی کامێرای ناوســـتودیۆی بەرنامە هونەریەکانی هەردوو کەناڵ، بەرنامەی ئەمڕۆی GK لەکۆی (١١٩٦) گۆشــەی جیاواز، (گۆشــەی ئاســتی چاو) بە پلەی یەکەم دێت بە چەندبارەی (١١٢٠) و بەڕێژەی ٩٣٪، لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 لەکۆی (٤٥٢٩) گۆشــەی جیاواز، (گۆشــەی ئاســتی چاو) بە پلەی یەکەم دێت بەچەند بارەی (٣٣٨٧) و بەڕێژەی ٧٥٪، (گۆشـــەی بەرز) لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK بە پلەی دووەم دێت بە چەند بارەی (٣٤) و بەڕێژەی ٣٪، لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 بەپلەی دووەم (گۆشەی خوار ئاستی بینین دێت بە چەند بارەی (٥٢٨) و بە ڕێژەی ١١٪، بە پلەی سێیەم لەبەرنامەی ئەمڕۆی GK، (گۆشەکانی خوار ئاستی بینین و گۆشەی خوار) دێت، گۆشەی خوار ئاستی بینین بە چەندبارەی (٢٩) و بەڕێژەی ٢٪ و گۆشەی خوار بە چەندبارەی (١٣) و بەڕێژەی ٢٪، لەبەرنامەی ئێواری NRT2 بەپلەی ســـێیەم (گۆشـــەی بەرز) دێت، بە چەندبارەی (٤٠٩) و بەڕێژەی ٩٪، پلەی چوارەم لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 بۆ (گۆشـــەی خوار)ە بەچەندبارەی (١٧٨) و بەڕێژەی ٤٪، پلەی پێنجەم لەبەرنامەی ئێوارەی NRT2 بۆ (گۆشەی چاوی باڵندە) یە بە چەند بارەی (٢٧) و بەڕێژەی ١٪. بڕوانە خشتەی (١٦)

**خشتەی (١٦)**

**فۆڕمی جۆری گۆشەکانی کامێرای ناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| NRT2 | | | GK | | | کەناڵ / جۆری گۆشەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ریزبەندی | ڕێژە٪ | چەندبارە | ریزبەندی | ڕێژە٪ | چەندبارە | |
| ١ | ٪٧٥ | ٣٣٨٧ | ١ | ٪٩٣ | ١١٢٠ | گۆشەی ئاستی چاو Eye-level shot |
| ٢ | ٪١١ | ٥٢٨ | ٣ | ٪٢ | ٢٩ | گۆشەی خوار ئاستی بینین Low eye level |
| ٣ | ٪٩ | ٤٠٩ | ٢ | ٪٣ | ٣٤ | گۆشەی بەرز High-angel shot |
| ٤ | ٪٤ | ١٧٨ | ٣ | ٪٢ | ١٣ | گۆشەی خوار crooked shot |
| ٥ | ٪١ | ٢٧ | | ٠ | ٠ | گۆشەی چاوی باڵندە Brides view angel |
| | ١٠٠ | ٤٥٢٩ | | ١٠٠ | ١١٩٦ | کۆی گشتی |

## ١٧- فۆڕمی بەکارهێنانی کرێن لە ســـتودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە:

وەک دەردەکەوێت بەرنامەی ئەمڕۆی GK لە هیچ بەرنامەیەکیدا کرێن بەکار نەهاتووە و ڕێژەکەی ســـفرە, لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 کرین بە چەندبارەی (١٤) و بە بە ڕێژەی (١٠٠ ٪) لە بەرنامەکاندا بەکارهاتووە، لێرەوە دەردەکەوێت بەکارهێنانی شـــاریۆ کرێن یەکێکی تر لەو هۆکارانەی دەتوانرێت زۆرترین پانتای پشـانبدات لە ڕێگەی تەنها یەک کامێراوە وێنەیەکی جوان و شـێوەیەکی هونەری ببەخشـێت بە سـەرجەم بەرنامەکان، بەڵام بە تەنها لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 پشـتی بەسـتووە بە بەکارهێنانی کرێن لەوێنە گرتنی بەرنامەکاندا و بە هیچ شـێوەیەک شاریۆ بەکارنەهاتووە، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GKشاریۆ و کرێن بەکارنەهاتووە، ئەمەش ئاماژەیە

بۆ ئەوەی نەتوانراوە خەسـڵەتەکانی بەرنامەیەکی هونەری ببەخشـرێت بە بەرنامەکە لە ڕێگەی وێنە گرتنەوە و جیا بکرێتەوە لە هەر جۆرێکی تری بەرنامە، ببروانە خشتەی (١٧)

**خشتەی (١٧)**

**فۆڕمی بەکارهێنانی کرێن لە ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| کەناڵ / بەکارهێنانی کرێن | GK چەندبارە | GK ڕێژە٪ | GK ریزبەندی | NRT2 چەندبارە | NRT2 ڕێژە٪ | NRT2 ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کرێن بەکار هاتووە | ٠ | ٠ | - | ١٤ | ١٠٠ | ١ |
| کۆی گشتی | ٠ | ٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

## ١٨- فۆڕمی ژمارەی کامێرای بەکارهاتووی ناو سـتودیۆی بەرنامە هونەریەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK، لە کۆی (٢٥) بەرنامە،تەنها یەک بەرنامە لە دەرەوەی سـتودیۆ بووە، واتا لە کۆی (٢٤) بەرنامە، بە پلەی یەکەم بەکارهێنانی(سـێ کامێرا) دێت بە چەندبارەی (١٣) و بە ڕێژەی (٥٤,٢٪)، لە بەرنـامەی ئێوارەی NRT2 بە پلەی یەکەم بەکـارهێنـانی (پێنج کامێرا) بە چەندبارەی (١٤) ڕێژەکەی(١٠٠٪) دێت. لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بە پلەی دووەم (چوار کامێرا) بەکار دێت بە چەندبارەی (٦) و بە ڕێژەی (٢٥٪) دێت، بە پلەی سـێ یەم بەکارهێنانی (دوو کامێرا) بەکاردێت بە چەندبارە (٥) و بە ڕێژەی (٢٠,٨٪)، بەڵام بەکارهێنانی(٥ کـامێرا) لە بەرنـامەی ئەمڕۆی GK بەکـار نەهـاتووە و هیچ ڕێژەیەکی وەرنەگرتووە، وەک دەردەکەوێت زۆری ژمارەی کامێرای بەکارهاتوو لە ناو سـتودیۆدا لە بەرنامەیەکی هونەریدا ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ جوانتر پیشـاندانی سـەرجەم گۆشـەکانی ناو سـتودیۆ و زیادکردنی ژمارەی گواسـتنەوەکان و جوڵەی کامێرا، ئەمەش لە بەرژەوەندی بەرنامەی ئێوارەی NRT2 دەردەکەوێت کە زۆرترین ژمارەی کامێرای بەکارهێناوە، بروانە خشتەی (١٨)

## خشتەی (١٨)
## فۆڕمی ژمارەی کامێرای بەکارهاتووی ناو ستودیۆی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| کەناڵ / ژمارەی کامێرا | GK | | | NRT2 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی |
| دوو کامێرا | ٥ | ٢٠,٨ | ٣ | ٠ | ٠ | – |
| سێ کامێرا | ١٣ | ٥٤,٢ | ١ | ٠ | ٠ | – |
| چوار کامێرا | ٦ | ٢٥ | ٢ | ٠ | ٠ | – |
| پێنج کامێرا | ٠ | ٠ | | ١٤ | ١٠٠ | ١ |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

### ١٩- فۆڕمی جۆری دیکۆری بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK دیکۆری جێگیر بە پلەی یەکەم دێت و بە چەندبارەی (٤) و ڕێژەکەی دەگاتە (٩٦٪)، بە پلەی دووەم دیکۆری هۆڵی شانۆیی دێت و بە چەندبارەی (١) و ڕێژەکەی دەگاتە (٤٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 هەموو دیکۆرەکانی بەرنامەکان هەر یەک جۆرە ئەویش دیکۆری جێگیرە بە چەندبارەی (١٤) و ڕێژەکەی دەگاتە (١٠٠٪). لێرەوە بۆمان ڕەهەندەبێتەوە دیکۆر یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر دەروونی بینەر دروست دەکات لە ڕێگەی چاوەوە، بۆ ئەوەی بینەر بێزار نەبێ لە بینینی یەک جۆر لە دیکۆر پێویستە بە پێی بابەتی بەرنامەکە ڕەنگ و دیزاین و جۆری دیکۆر گۆڕانی تێدا بکرێت، لە هەردوو کەناڵدا ئەم خاڵەیان لە بەرچاوو نەگرتووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩)

## خشتەی (١٩)
## فۆڕمی جۆری دیکۆری بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| کەناڵ / جۆری دیکۆر | GK | | | NRT2 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی |
| دیکۆری جێگیر | ٢٤ | ٩٦ | ١ | ١٤ | ١٠٠ | ١ |
| هۆڵی شانۆیی | ١ | ٤ | ٢ | ٠ | ٠ | |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

### ٢٠- فۆڕمی جۆری مۆنتاژی بەکارهاتوو لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بە پلەی یەکەم مۆنتاژی سەرهێڵی دێت بە چەندبارەی (٢٤) و بە ڕێژەی (٩٦٪)، پلەی دووەم بە سیستمی مۆنتاژی بێ هێلی دێت بە چەندبارەی (١) و بە ڕێژەی (٤٪)، لە بەرنامەی ئێوارەی NRT2 سەرجەم بەرنامەکان بە سیستمی مۆنتاژی سەرهێڵی مۆنتاژ کراوە ڕێژەکەی دەگاتە (١٠٠٪) و هیچ بەرنامایەکی بە مۆنتاژی بێ هێڵی نیە، سەرجەم بەرنامەکانی ئێوارەی NRT2 ڕاستەوخۆ بوون و پشت بەستراوە بە مۆنتاژی (سەر هێڵی) بۆ سوودوەرگرتن لە کات، لە بەرنامەی ئەمڕۆی GK بەهەمان شێوە بەرنامەکان ڕاستەوخۆ بوون تەنها یەک بەرنامە مۆنتاژی (بێ هێڵ)ە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تۆمارکراو بووە، بوانە خشتەی (٢٠)

## خشتەی (٢٠)

## فۆڕمی جۆری مۆنتاژی بەکارهاتوو لە بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| کەناڵ / سیستەمی مۆنتاژ | GK | | | NRT2 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی | چەندبارە | ڕێژە٪ | ریزبەندی |
| مۆنتاژی سەرهێڵی | ٢٤ | ٩٦ | ١ | ١٤ | ١٠٠ | ١ |
| مۆنتاژی بێهێڵی | ١ | ٤ | ٢ | ٠ | ٠ | |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | |

## ٢١- فۆڕمی ڕێگاکانی گواستنەوەی دیمەنەکانی بەرنامە هونەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

